# ڕۆڵ و کاریگەرێتی سەرۆک.. لە قۆناغە هەستیارەکانی خوڵقاندنی تواناکانی دەوڵەت و بونیادی دامەزراوەکاندا



ژمارە (٨٤٩) ■ ٢٠١١/١٠/٣





((پرۆسەی بونیادی نەتەوە، پرۆسەی خولقاندنی تواناکانی دەولەت و بونیادی دامەزراوەکانە لەسفرەوە، لەمبارەیەوە مۆنتیسکۆ دەڵێت:کاتێک کۆمەڵگەکان لەدایک دەبن، ئەوە سەرکردەکانن دامەزراوەکان بونیاد دەنێن، دواتر ئەوە دامەزراوەکانن شێوەی سەرۆکەکان دیاری دەکەن)) لەبەرئەوەی لەولاتانی تازە پێگەیشتوودا سەرۆک پێش کامڵبوونی دامەزراوە سیاسیەکان دەردەکەوێت، ئەوا شێوازی بونیادی دامەزراوەکان دەبێتە رەنگدانەوەی سیستمی یاسایی ولات، بەلام لەولاتانی پێشکەوتوو لەبەر ئەوەی دامەزراوەکان سنوور بۆ دەسەلاتی سەرۆک دادەنێن، ئەوا سنووردارکردنی دەسەلات وەک سیستمێکی یاسایی دەردەکەوێت، کەواتە پرۆسەی بونیادی نەتەوە لەژێر کاریگەری هەر باردۆخێک و لەنێو هەر هەلومەرجێکدا بێت، ئەرکێکی قورسە، راستە هەندێک ولات توانیویانە لەم پرۆسەیەدا سەرکەتوو بن، بەلام بەشێکی زۆری ولاتانیش لەم پرۆسەیە شکستیان هێناوە، یاخود لەبەر یەکهەلوەشاونەتەوە، ئەم پرۆسەیە پرۆسەی رێکخستن و سەرکەوتن و دەسکەوت و بونیادی سیستمێکی نوێیە، میکیاڤیلی لەم بارەیەوە دەلێت((هیچ شتێک نییە هێندەی کاری رێکخستنەوە قورس بێت، هیچ شتێک نییە هێندەی گومان و دڵەراوکێ بۆ سەرکەوتن ناخۆش بێت، هیچ شتیک نییە هێندەی بەدەستهێنانی دەسکەوت مەترسیدار بێت، بەلام لەمانە هەمووی زیاتر هیچ شتێک نییە لەوە قورستر بێت کە بتەوێت سیستمێکی تازە دابنێیت))ئەمە پێمان دەلێت پرۆسەی بونیادی نەتەوە، پرۆسەیەکی قورس و درێژخایەن و تێچوونێکی زۆرو هێزێکی کاری گەورەی دەوێت، هەروەها پرۆسەیەکە لەسەر ئاستی ئابووری و سیاسیی بەجۆرێک کۆمەلگە بونیاد دەنێتەوە کە توانای ئەوەی هەبێت پێداویستیەکانی ژیانی تاکەکانی کۆمەلگە دابین بکات، سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە لەسەر ئاستی رەهەندی دوورمەوداو توانای نەتەوە بۆ مانەوە، دەکەوێتە سەرجۆرو سروشتی ئەو سەرۆکەی ئەم پرۆسەیە سەردەخات، لەبەرئەوەی لەم قۆناغەدا سەرۆک زەرورەتە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان و ئاراستەکردنی میللەت بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی بونیادی نەتەوەدا، هەربۆیە لەم قۆناغەدا کە نەتەوە لەقۆناغی خۆدروستکردندایە بەبێ بوونی سەرۆکی بەتواناو شەرعی و خاوەنی بیروبۆچوونی لۆژیکانە بۆ ئایندە، نەتەوە لەنێو پرۆسەکەدا ون دەبێت، ئەوە سەرۆکی لێهاتووە لەکاتی تەنگژەو گۆرانکارییە مێژوویەکاندا، باردۆخەکە بۆ بەرژەوەندی نەتەوەکە یەکلایی دەکاتەوە))



پرۆفیسۆر چۆنگ نام کیم
سەنتەری رۆژهەلات و رۆژئاوا لە هاوای

لەساڵی ١٩٩١ کاتێك مسعود بارزانی کە ئەو کات سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو، لەشاری کۆیەوە بەهەموو کوردستانیانی راگەیاند، دەبێت هەڵبژاردن بکرێت و بۆشایی دەسەڵاتی ناوند پربکرێتەوەو هەنگاو بۆ بونیادی دەوڵەتی یاسا هەڵبگیرێت، ئەوکاتە هەرێمی کوردستان بەمجۆرە بوو:

١- لە ئاکامی راپەرینە شکۆدارەکەی بەهاری ١٩٩١ هیچ دامەزراوەیەکی دەوڵەتیی لەکوردستان بوونیان نەمابوو، رقی تۆڵەی جەماوەر هەمووی فەوتاند بوو.

٢- بێجگە لەسەنتەری سێ شارە گەورەکە (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) بەشی زۆری ناوچەکانی کوردستان راگوێزرابوون و زیاتر لە ٤٥٠٠ گوندو دەیان شارو شارۆچکە لەگەڵ زەوی تەخت کرابوون و هاووڵاتیانیان لە ئوردوگا زۆرەملێیەکان نیشتەجێ کرابوون.

٣- شارەکانی کوردستان لەرووی خزمەتگوزاری و بونیادی دامەزراوەو کارگەو کۆمپانیاوە پشتگوێ خرابوون.

ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان جیاواز لەوڵاتانی دوای شەرو وڵاتی دوای کۆلۆنیالی و تەنانەت وڵاتانی جیهانی سێیەمیش، لەهەموویان لاوازترو ژێرخانی وڵات نەك زیانی پێگەیشتبوو، بەڵکو لەبناغەوە ئەو ژێرخانە لەسەر ئاستی سیاسیی، کۆمەڵایەتی، کەلتوری هەڵتەکێنرابوو، لێرەوە ئەگەر بەو وڵاتانەی دوای شەرو جیهانی سێیەم بووترێت وڵاتانی خوارگەشەپێدان (Underdeveloped)ئەوا ژێرخانی کوردستان، ژێرخانی وڵاتێك بوو لەخوار سفرەوە(Under Zero)بوو، هەربۆیە لەم خاڵەوە ئەگەر پرۆسەی بونیادی نەتەوە وەك پێناسە جیهانییەکەی بریتی بێت لە(خولقاندنی تواناکانی دەوڵەت و بونیادی دامەزراوەکان لەسفرەوە) ئەوا پرۆسەی بونیادی نەتەوە لەهەرێمی کوردستان پرۆسەیەك بووە کە لەخوار سفرەوە هەنگاوی بۆ خولقاندنی توانا دەوڵەتییەکان و بونیادی دامەزراوەکان هەڵگرتووە، لەمەش زیاتر ئەو باردۆخ و تایبەتمەندییە سیاسییەی کە هەرێمی کوردستانی پێدا تێپەریوە، بەبەراورد بەهەموو ئەو پرۆسانەی کە لەدوای ساڵی ١٩٩٠وە لەسەرجەم جیهان دەستی پێکردووە، باردۆخی هەرێمی کوردستان باردۆخێکی دەگمەنی ترسناك بووەو بەردەوام لەژێر هەرەشەی ناوخۆیی و دەرەکیدا بووە، هەر بۆنموونە:



١- دوای کۆڕەوە ملیۆنییەکەی بەهاری ١٩٩١و نەبوونــی نەوایــەك لەناو وڵاتدا بۆ ئــەوەی هاووڵاتیان پەنای بۆبــەرن، دوای ئەوەی ئــەم کۆڕەوە بەو جۆرە ســەیر دەکرا کە دەبێتە کارەســاتێکی مرۆیی و هەروەها چوونــی پەنابەران بۆ دەوڵەتانی دراوســێ، بەتایبەتی تورکیاو ئێران دەبێتە مەترسییەکی ئیقلیمــی، بڕیاردرا لەســەروو هێڵی ٣٦ی پانییەوە ئەو ناوچەیە بکرێتە نەوایەکی ئارام و لەژێرچەتــری نێودەوڵەتی بۆ پاراســتنی کۆمەڵــە مرۆڤێك نەك نەتەوەیەکی بێ کیان و بێ ناسنامە.

٢- ئــەم ناوچە ئارامە کــە پێیان دەوت (پرۆڤاید کۆمفۆرت) یان دواتر کە پێیان دەوت ناوچــەی دژە فڕین (نۆ فلای زۆن) بەپێی هەموو ئەو دیکۆمێنتانەی لەبەردەستن، ئەم ناوچەیە بۆ یارمەتــی و هاوکاری مرۆیی دروســتکرابوو، هیچ مەبەستێکی سیاسیی لەپشــتەوە نەبووە، بەڵام هەمــوو دەوڵەتانی دراوســێ و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی وەك ســەرەتایەك بۆ دروست بوونی دەوڵەتی کوردســتان و هەڕەشــەیەك بۆ ئایندە لێیان دەڕوانی، بۆیە ئەم ناوچەیە بەردەوام لەبەردەم هەڕەشەی دەرەکی و هەڕەشەی ناوخۆیی و حکومەتی عێراقیشدا بووە.

٣- بەدرێژایی ســاڵانی ١٩٩١ – ٢٠٠٣ ئەم ناوچەیە نە بەرێگەی حکومەتی ناوەندی بەغــدا بودجەی بۆ دیاریدەکــرا، نە بواری ئەوەشی پێدەدرا کەخۆی هەنگاو هەڵبگرێت ئابوورییەك لەسەر بنەمای پشت بەخۆبەستن بونیاد بنێت، لەبەر ئەوەی دەوڵەتانی دراوسێ و نێودەوڵەتی ئامادەنەبوون کرانەوەی ئابووری و بازرگانــی لەگەڵدا بکــەن. زیاد لەمەش ئەو ســزا نێودەوڵەتیانەی بەســەر عێراقدا ســەپێنرابوون، بەســەر ناوچەکانی پرۆ فاید کۆمفــۆرت جێبەجێ دەکــران و حکومەتی بەغدا کە گەمارۆی خستبووە سەر هەرێمی کوردستان بێدەنگی بەرامبەر کرابوو، تەنانەت ئەو بڕە داهاتەشی لەداهاتی نەوت بەرامبەر خــۆراك لەلایــەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بۆ ناوچەکانی پرۆ فایدکۆمفۆرت تەرخانکرابوون، نەدەدرایە دەســتی دامەرزاوە شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە خەرج دەکرا.

٤- ئــەوەی جێگەی داخی هەمووان بوو، هەڵایسانی چەند شــەڕێکی ناوخۆیی بوو لەنێوان لایەنە سیاســییەکانی کوردستاندا، بەڵام لەهەموویان بە ئازارترو ناخۆشتر شەڕی ناوخۆیی نێوان پارتی و یەکێتی بوو.

**لەساڵی ١٩٩١ بارزانی کە ئەو کات سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو، لەکۆیەوە بەهەموو کوردستانیانی ڕاگەیاند، دەبێت هەڵبژاردن بکرێت و بۆشایی دەسەڵاتی ناوەند پڕبکرێتەوەو هەنگاو بۆ بونیادی دەوڵەتی یاسا هەڵبگیرێت**

ئاماژەکردن بۆ ئــەو خاڵانە بەو ئامانجە نییە کە بڵێین تەنیا پرۆسەی بونیادی نەتەوە لەهەرێمی کوردستان ئاستەنگ و تەحددی ســەختی لەبەردەم بــووەو نەتەوەکانی دیکە لەبەردەمیان نەبووە، بەڵکو مەبەســت ئەوەیە ئەو کێشــەو تەحددیانەی لەبەردەم پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە لەهەرێمی کوردســتان هەبوون جیاواز بوون لە کێشەو تەحددییەکانی نەتەوەکانی دیکە، هەروەها هەرێمی کوردستان پێویســتی بەوە بووە چەند قۆناغێك ببڕێت تا کێشــەو تەحددییەکانی لەگەڵ کێشــەو تەحددییەکانی نەتەوەکانی دیکە هاوسەنگ بێتەوە، لەمبارەوە ئەگەر ئاماژە بۆ ئەزموونە ســەرکەوتووەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بکەین وەك(ســەنگافورا، تایوان، کۆریای باشوور) دەبینن هێشــتا ئێمە نەگەیشــتووینەتە ئەو بــارودۆخ و هەلومەرجــە سیاســییەی کە هەریەك لەو سێ دەوڵەتە دەستیان پێکردووە، لێرەدا بەخێرایی ئاماژەیان پێدەکەین:

- پرۆســەی بونیادنانــەوەی نەتــەوە لەسەنگافورا لەساڵی ١٩٦٥دەست پێدەکات، واتــە دوای ڕاگەیاندنــی ســەربەخۆیی سەنگافورا لەمالیزیا، ڕاستە پێشتر سەنگافورا هەرێمێکی فیدرالی بووە ســەر بە مالیزیا، بەڵام وەك سەرۆکی پێشووی سەنگافورا (لی



کوان یو) لەکتێبی (لەجیهانی سێیەمەوە بۆ جیهانی یەکەم) ئاماژەی پێکردووەو باسی ئەوە دەکات ئەم کتێبە چیرۆکی سەرکەوتنی سەنگافورایە لە (١٩٦٥-٢٠٠٠) ئەمەش واتە سەرکەوتنەکانی سەنگافورا سەرکەوتنی دوای سەربەخۆییە.

- تایوان کە کە لەساڵی ١٩٤٩ دوای سەرکەوتنی ماوتیستۆنگ وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆی سەر بەچین جیابۆەوە، لەوکاتەوە دەستی بەپرۆسەی بونیادی نەتەوە کردووە، تایوان لەسەر ئاستی جیهان ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیە بووە کە نەك هەر نوێنەرایەتی تایوانی کردووە بەڵکو لەسەر کورسی کۆماری چین لە نەتەوەیەکگرتووەکان، تا ساڵی ١٩٧١ دانیشتووە، جیهان تایوانی وەك کۆماری چین ناسیوە، نەك ئەم کۆماری چینەی ئێستا هەیە، بۆیە جیا لەوەی بۆ ماوەی ٢٢ساڵ لەدەسپێکی پرۆسەی بونیادی نەتەوە دەوڵەتی سەربەخۆ بووە، دوای ئەویش تەنیا لە دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییەکان سیفەتی دەوڵەتی لەسەر هەڵگیراوە، ئەگەرنا وەك باردۆخی ناوخۆی وڵات و پێوەندییە بارزگانییەکانی لەگەڵ جیهاندا، تا ئێستا هەر حیسابی دەوڵەتی سەربەخۆی بۆ دەکرێت.

**ئەو ناوچە ئارامەی کە پێیان دەوت (پرۆڤاید کۆمفۆرت) یان دواتر کە پێیان دەوت ناوچەی دژە فڕین (نۆ فلای زۆن) بەپێی هەموو ئەو دیکۆمێنتانەی لەبەردەستن، ئەم ناوچەیە بۆ یارمەتی و هاوکاری مرۆیی دروستکرابوو، هیچ مەبەستێکی سیاسیی لەپشتەوە نەبووە**

- کۆریای باشوور کە ٨ ساڵ دوای بوونی بە دەوڵەتێکی سەربەخۆو کۆتایی هاتنی شەڕ، لەسەر دەستی پارك چانگ دەستی بەپرۆسەی بونیادی نەتەوە (سیماوڵ) کردووە، تا ئێستاش بەسەرکەوتووترین پرۆسەی بونیادی نەتەوە لەجیهاندا سەیر دەکرێت، ئەویش لە قۆناغێك دەستی پێکردووە، ئێستاش هەرێمی کوردستان ماویەتی بگاتە ئەو قۆناغە.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەمە مانای ئەوەیە هەلومەرج و باردۆخی وڵات، پرۆسەی بونیادی نەتەوە ئاسان دەکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەگەڵ ئەوەی بە بەڵێ و نەخێر نابێت، بەڵکو ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی بارودۆخی وڵات و ئاستی کاریگەری سەرۆك و سەرکردایەتی ئەو قۆناغە پیشاندەدات و لێرەوە ئەگەر سەیری بیست ساڵی رابردووی نەتەوەکان بکەین، ئاشکرایە چەندین تەنگژەی ترسناکمان لە سۆماڵ و هایتی و کەمبۆدیا و بۆسنیا و کۆسۆڤۆ و روانداو لایبریا و سیرایلیۆن و کۆنگۆ و ئەفغانستان و تەنانەت عێراقیش بینیوە. هەروەها چەندین سەرکردەمان بینیوە لەم پرۆسەیەدا فەشەلیان هێناوە، تەنانەت تا ئەمڕۆش بەشی زۆری ئەو نەتەوانە بەدەست تەنگژەی نەبوونی سەرکردەی لێهاتووەوە دەناڵێنن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستییەی کە سەرۆك لەسەرکردایەتی ئەو قۆناغە ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەر لە پرۆسەکەدا دەگێڕێت، بەبێ ئاماژە کردن بۆ ڕۆڵ و کاریگەری سەرۆك لەو قۆناغەدا هەر دیراسەتێك بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو قۆناغە بکرێت باسەکە ناتەواو دەبێت. بەڵام سەبارەت بە وڵاتانی جیهانی سێیەم هەندێك لەپسپۆرانی بواری پرۆسەی بونیادی نەتەوە، ئاماژە بەخاڵێکی دیکەش دەکەن کە دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی بونیادی نەتەوەدا، ئەویش ئەوەیە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم پێشتر کۆلۆنیاڵی بوون و میراتی کۆلۆنیاڵیش بۆ ئەو وڵاتانە بریتیە لەوەی ئەو دەوڵەتانە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دروستکراون بەبێ ئەوەی مەرجی دوورمەودا بۆ ئاسایشی ناوخۆو دەرەکییان لەبەرچاو گیرا بێت، هەربۆیە ئاکامەکەی بەو جۆرە بووە کە کۆمەڵێك دەوڵەتی تازە دروست ببن، کە هەموو تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتیان تیدابێت، بەڵام لە توانای تەکنیکی دەوڵەتدا لاوازن. بەڵام دیسان لەبەراوردکاری باری سیاسیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتە کۆلۆنیالەکانیش، هەست دەکەین دیسان ئێمە جیاوازیمان لەگەڵ ئەواندا هەیە، ڕاستە ئەو دەوڵەتانە لەڕووی تەکنیکی دەوڵەتەوە لاوازن، بەڵام هەموو مافێکی دەوڵەتییان هەیە، ئەمە لەکاتێکدا تا ئێستاش دەوربەر و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی تەنیا بەباسکردنی دەوڵەتی کوردستان قەڵس و جاڕس دەبن و بەو شێوەیە سەیری پرسی دەوڵەتی کوردستان دەکەن، کە ئەم باسە تابۆیەك بێت و مافی ئەوان پێشێل بکرێت.

**پیشاندانی ئیرادەی سیاسیی خەڵکی کوردستانە بەوەی دەتوانێت لەنێو هەلومەرجە ئاڵۆزەکاندا بونیادی هەیکەلی دەوڵەتی هاوچەرخ و دامەزراوەکانی دەوڵەتی ئەمری واقیع بنێت، بەبێ ئەوەی هێزێکی دەرەکی هاریکارو هەماهەنگی ئەم نەتەوەیە بێت**



**ئێستا زیاتر لە ٣٠ کونسوڵخانەی وڵاتانی جیهان لەهەولێر کراونەتەوە و ٤ یان کونسوڵخانەی ٤ دەوڵەتی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشن، ئەمە مانای ئەوەیە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، هەرێمی کوردستان بە مەترسی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان نازانێت**

### دەستنیشانکردنی هەلومەرجە تایبەتییەکانی نەتەوەو ڕۆڵی سەرۆك لەو قۆناغە هەستیارەدا

جیاوازی و حاڵەتی دەگمەن و ترسناکی بارودۆخ و هەلومەرجی پرۆسەی بونیادنانەوە لە هەرێمی کوردستان، جیاوازی لۆژیك و لێهاتوویی ئەو سەرۆکەمان پیشاندەدا کە لەم قۆناغە ناسکەدا سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان کە ئەویش بەڕێز مسعود بارزانیە، بۆیە لێرەوەو لە هەڵسەنگاندنی ئەم پرۆسە هەستیارەدا باسی ڕۆڵ و کاریگەری سەرۆك مسعود بارزانی دەکەین، لەهەمان کاتدا باسی بەڕێز مام جەلالیش دەکەین کە لەخۆشی و ناخۆشی ئەم قۆناغەدا هاوڕێ و هەڤاڵی سەرۆك بارزانی بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراقەوە بەڕێز تاڵەبانی وەك نوێنەری گەلی کوردستان لەعێراقدا، پۆستی سەرۆك کۆماری عێراقی پێدراوەو سەرۆك مسعود بارزانی سەرۆکی هەڵبژێراوی گەلی کوردستان بووە، لەو کاتەشەوە ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی کەوتۆتە واری جێبەجێکردن و نێوماڵی کورد ڕێکخراوەتەوە، بۆیە لەم ڕاپۆرتەدا زیاتر جەخت لەسەر ڕۆڵی سەرۆك مسعود بارزانی دەکرێتەوە، کە بێگومان سەرۆك تاڵەبانیش لەسەر ئاستی عێراق ڕۆڵی دیارو بەرچاوی خۆی گێڕاوە کە جێگەی شانازییە بۆ هەموو لایەکمان.

بۆیە لێرەوە کە دەمانەوێت رۆڵی سەرۆك مسعود بارزانی لەم پرۆسەیە هەڵبسەنگێنین، هەست دەکەین پێویستمان بەوەیە بارودۆخی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی ئەو هەلومەرجە تایبەتە بخەینەڕوو کە هەرێمی کوردستانی لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو بەگشتی و لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە بەتایبەتی پێیدا تێپەڕیوە، ئەوجا لێرەوە ئەگەر بەشێوەیەکی دیکەو جارێکی دیکە دەسپێکی



پرۆسەی بونیادنانەوەی كۆریای باشوور وەك ئەزموونێكی سەركەتوو ئاماژە پێبكەینەوە، ئەوا وەك پرۆفیسۆر چۆنگ نام كیم كاتێك لە كتێبی (سەركردەكان بۆ قۆناغی بونیادی نەتەوە: كەیسی سەرۆكی كۆریا) باسی دەكات، ئەو كێشەو تەحددییانەی ڕووبەڕووی كۆریا بوونەوە، جیاوازن لەو كێشەو تەحددیانەی ڕووبەڕووی وڵاتانی جیهانی سێیەم بووبوونەوە، لەبەرئەوەی كۆریا وڵاتێكی دابەشكراو بوو، وڵاتی دوای شەڕ بوو، لەشەڕەكەشدا زیانێكی گەورەی پێكەوتبوو، لەوێدا وتراوە كە ئەم دابەشكردنە كێشەی ناسنامەی بۆ دروستكردبووین، ئەمە بێجگە لەوەی داگیركەرانیش زیانێكی گەورەیان بە ناسنامەی نەتەوەیمان گەیاندبوو، كۆریای باكوور لە كاتێكدا وەك دوژمن سەیری دەكردین، بەڵام بەدیوێكی دیكە وەك هاوبەشێك بۆ دوای یەكگرتنەوە دەبینرا، هەربۆیە وەك هەموو دەوڵەتانی جیهانی سێیەم ناسەقامگیری سیاسیی و حكومی یەكێك لەدیاردە دیارەكانی كۆریای باشوور بوو، بۆیە مانەوەی دەوڵەتی كۆریای باشوور ئامانجی سەرەكی بوو، ئەم بارودۆخە وایكردبوو سوپا لە كۆریای باشوور بایەخێكی زیاتری پێبدرێت، هەروەها ئەنجامدانی كودەتاو سەركەوتنی ژەنراڵێكی سەربازی (مەبەستی پارك چانگە) بۆ لووتكەی دەسەڵات وەك كارێكی ئاسایی سەیر بكرێت.

پرۆفیسۆر چانگ بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی لە كتێبەكەی ئاماژەی پێكردون، راشكاوانە دەڵێت لەبەرئەوەی بارودۆخی كۆریا بارودۆخێكی ئیستسنائی بووە كەواتە ڕۆڵی سەرۆك پارك چانگیش ئیستسنائی بووەو ئەوەی سەرۆك پارك چانگ بۆ كۆریای باشووری كردووە جیاواز بووە لەهەرسەركردەیەكی جیهانی سێیەم بۆ نەتەوەكەی خۆی كردویەتی، ئەو شانازییەی كۆریای باشوور بەسەركەوتنی پرۆسەی (سیماول) و سەرۆك پارك چانگەوە دەیكەن، بەوە ئاماژەی پێدەكەن كە سەرۆك پارك چانگ كاتێك دەستی بەپرۆسەی (سیماۆل) كرد، داهاتیساڵێكی تاكەس لە كۆریا تەنیا ٨٠$ بووە، بەڵام كە لە هەشتاكاندا گەیشتۆتە ٤٠٠٠$، بەهەرحاڵ كەس ناتوانێت كۆریای باشوور وەك ئەزموونێكی سەركەتوو سەیر نەكات، بەڵام دەكرێت لە ئەزموونی كۆریاوە ڕۆڵی سەرۆكی خۆمان (بەڕێز مسعود بارزانی هەڵبسەنگێنین).

**ئەولەویەتەكانی بەرنامەی سەرۆك مسعود بارزانی لە پرۆسەی بونیادی نەتەوەدا**

پرۆسەی بونیادی نەتەوە لەنێو نەتەوەكانی جیهاندا بەیەك شێوازو لەژێر هەلومەرجی هاوشێوە بەڕێوە نەچووە، هەربۆنموونە لە دەوڵەتانی ئەوروپا پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە

**سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە كۆشكی سەرۆكایەتی نەمسا لەلایەن سەرۆكی ئەو وڵاتە پێشوازی كرا و پێشتریش لە كۆشكی ئەلیزی و كۆشكی سپی و كۆشكی پادشایانی سعوودیە و ئەردەن و چەندین دەوڵەتی دیكە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە كە هەرێمی كوردستان لەژێرسایەی سەرۆك مسعود بارزانی بۆتە دەوڵەتی ئەمری واقیع**

هاوكات لەگەڵ دەوڵەتی نەتەوەیی دەستی پێكردووە و پرۆسەیەكی درێژخایەن بووە، بەڵام لەوڵاتانی جیهانی سێیەم ئەم پرۆسەیە دوای پرۆسەی راگەیاندنی دەوڵەت دەستی پێكردووە، هەروەها بارودۆخی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم لەسەردەمی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا بووە، بۆیە بارودۆخی ئەو دەوڵەتانە وای پێویست كردووە كە ئەم پرۆسەیە لەبری ئەوەی وەك پرۆسەی بونیادی نەتەوە لەئەوروپا چەند سەدەیەكی پێویست بێت، دەبینین وڵاتانی جیهانی سێیەم پێویست بووە لەسەریان لە چەند دەیەیەكی كەمدا ئەم پرۆسەیە سەربخەن، بەڵام لەنێو ئەم دوو ئەزموونەدا ئەگەر سەیری ئەزموونی هەرێمی كوردستان بكەین، هەست دەكەین ئەزموونی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە، نە هاوشێوەی ئەزموونی دەوڵەتانی ئەورپایە كە هاوشان لەگەڵ پرۆسەی بونیادی نەتەوە پرۆسەی بونیادی دەوڵەتیش دەستی پێكردبێت، نە ئەزموونی دەوڵەتانی جیهانی سێیەمیشین كە دوای راگەیاندنی سەربەخۆیی دەست بەم پرۆسە هەستیارە بكەین، هەر بۆیە ئەم بارودۆخە تایبەتیەی هەرێمی كوردستان ئەولەویاتی بەرنامەی سەرۆك بارزانی لەپرۆسەی بونیادی نەتەوە بەجۆریك ڕێكخستووە كە جیاواز بێت لە نەتەوەكانی دیكە، ئەویش كێشەی نەبوونی كیانێكی سیاسییە بۆ نەتەوەی كوردو گەلی كوردستان لەعێراقدا. هەروەها پاراستن و بەردەوامی ئەو ئەزموونەی ئێستا لەهەرێمی كوردستاندا هەیە وەك بنەمایەك بۆ كیانی سیاسی گەلی كوردستان، ئەم ئەولەویەتە سیمایەكی بە پرۆسەكە داوە، كە هەر دەبێت لەو چوارچێوەیەدا بەرنامەی سەرۆك هەڵبسەنگێنین:



١- کێشەی نەبوونی کیانێکی سیاسیی بۆ نەتەوەی کوردو گەلی کوردستان لەعێراقدا.

٢- گەرەنتی پاراستنی ئەم کیانەو مانەوەی و پارێزگاری لێکردنی.

سـەرۆك بارزانی بۆ سەرخستنی ئەم دوو ئامانجـە پێنج ئەولەویەتـی دیاری کردووە، کە هەمـووکات ئامـاژەی پێـدەکات ئەو لەپێناوی ئەو پێنج ئامانجە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی قبوڵ کردووە، ئەو پێنج ئەولەویەتەی سەرۆك بریتین لە:

**یەکەم: ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی شەڕی ناوخۆو شەڕی نێوان کورد و کورد**

ئەوجا لێرەدا هەم مەبەسـتی ئەوەیە نابێت شەڕ لە نێوان هێزە سیاسیەکانی نێو هەرێمی کوردسـتان جارێکی دووبارە بێتەوە، هەمیش نابێت شەڕ لەنێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردسـتان و پارچەکانی دیکـەش دووبارە بێتەوە، هەتـا ئەگەر بوونی ئـەو هێزانەی پارچەکانی دیکەی کوردستان سوودی خراپ لەهەرێمی کوردسـتان وەربگرن. بۆیە بۆ ئەم مەبەستە هەم لەسەر ئاستی هێزە سیاسیەکانی ناوخۆی کوردستان دەستپێشخەری کردووە کە لەگەڵ هەموو هێزەکان دابنیشێت و کێشەکان بەزمانی دیالۆگ و ئاشتی چارەسەر بکەن، هەمیش لەسـەر ئاسـتی هێزی پارچەکانی دیکەی کوردسـتان ئامادەباشـی پیشانداوە کـە بەزمانی دیالۆگ بگەنە چارەسـەرێك کە مەترسـیی بۆسەر ئاسایشـی هەرێمی کوردستان دروست نەکەن، سەرۆك بارزانی وەك سەرۆکی قۆناغێکی مێژوویی و هەستیاری نەتـەوە، هەسـتی بەوەکـردووە گرنگترین هەڕەشـە لەم قۆناغە کە ڕووبەڕووی نەتەوە دەبێتەوە، هەڕەشەی ناسەقامگیری ناوخۆیی و ناسـەقامگیری نێوان هێـزو لایەنەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانە، بۆیە هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە چارەسـەر بۆ ئەو هۆکارانە بدۆزێتەوە کە دەبنە هاندانی نەسـەقامگیری و گۆڕینی بۆ هۆکاری سـەقامگیری لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا، سەرۆك بارزانی لە سەقامگیری و یەکڕیزی نێو ماڵی کوردستان ئەم خاڵانە دەخوێنێتەوە:

أ- سـەقامگیری و ئاشـتی نێـو ماڵی کوردسـتان هۆکارێکـە بـۆ پتەوکردنـی دامـەزراوەکان و چەسـپاندنی سیسـتمە سیاسییەکە.

ب- کۆمەڵگەی ئێمە پێویستییەکی زۆری بەڕێکخستن هەیە لەسـەر ئاستی سیاسیی و ئابـووری و کۆمەڵایەتی، ئەم پرۆسـەیە سەرکەتوو نابێت کە ئەگەر نێوماڵی کوردستان سەقامگیر و یەکگرتوو نەبێت.

ت- بۆ ئەوەی بتوانین لە هەرێمی کوردستان بەشـداری سیاسیی هاووڵاتیان لە ئاستێکی بەرزدا بێت ئەوا دەبێت لەوڵاتدا سـەرو ماڵی هاووڵاتیان پارێزراو بێت و یاساو نیزام بوونی هەبێت، بۆ ئەمەش پێویسـتە هەموو لایەنە سیاسییەکان پێکەوە هاوکار بن و هەمووشیان هاوکاری دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بن.

پ- پەرەپێدانـی توانای سیاسـیی بۆ دارشـتنی سیاسـەتێکی کوردسـتانی لە چارەسـەرکردنی کێشـەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا.

**دووەم : هەوڵـدان بـۆ ئـەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە وڵاتی دامەزراوەکان**

ئـەم لایەنە کـە ئەولەویەتـی دووەمی بەرنامەی سـەرۆك بارزانییە لە پرۆسـەی بونیـادی نەتـەوە، قۆناغـی دووەمـی مامەڵەکردنە لەگەڵ دامەزراوەکانی هەرێمی کوردسـتاندا، ئەمەش بەو مانایەی هەرێمی کوردسـتان لـە بونیادنانی دامـەزراوەکان هەنگاوی بڕیوەو دامەزراوەکان لە کوردستان بوونیان هەیە، بەڵام ئەوەی سەرۆك کردویەتیە ئەولەویەتـی بەرنامەی خـۆی ئەوەیە ئەم وڵاتە ببێتە وڵاتی دامەزراوە، هەربۆیە ئەگەر

**لەبەراوردکاری باری سیاسیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتە کۆلۆنیالەکان، جیاوازیمان لەگەڵ ئەواندا هەیە، ئەو دەوڵەتانە لەڕووی تەکنیکی دەوڵەتەوە لاوازن، بەڵام هەموو مافێکی دەوڵەتییان هەیە، ئەمە لەکاتێکدا تا ئێستاش دەوربەر و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی تەنیا بەباسکردنی دەوڵەتی کوردستان قەڵس و جاڕس دەبن**

**ئەو بڕە داهاتەی لەداهاتی نەوت بەرامبەر بە خۆراك لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بۆ ناوچەکانی پرۆفایدکۆمفۆرت تەرخانکرابوون، نەدەدرایە دەستی دامەرزاوە شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە خەرج دەکرا**





لەقۆناغی یەکەمداو لەدەسپێکی ڕاپەریندا کاتێك سەرۆك بارزانی ئاماژەی بۆ ئەوەکرد پێویستە ئەم هەڵبژاردنە بکرێت و بۆ ئەوەی بۆشایی دەسەڵات پڕبکرێتەوە، ئەو هەنگاوە مانای ئەوە بووبێت سەرۆك مەبەستێتی بە بونیادی دامەزراوە شەرعییەکان سیمای سیستمێکی دیموکراتی و هەنگاو هەڵگرتن بۆ بونیادی دیموکراتی پیشانی جیهان بدات، ئەوا ئەمڕۆ بەم هەنگاوەی کە داوا دەکات کوردستان ببێتە وڵاتی دامەزراوەکان، مانای ئەوەیە ئامانجی ئەوەیە لەم وڵاتە دامەرزاوەکان لەژێر چەتری سەروەریی یاسا حکومڕانی بکەن و دامەزراوەکان سنوور بۆ دەسەڵات و کەمکردنەوەی ڕۆتین دابنێن، بۆ ئەوەی خودی دامەزراوەکان ببنە هاندەر بۆ بەگەڕخستنی توانای مرۆیی و پەرەپێدانی توانای مرۆیی لەکوردستان و خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەو پرۆسە چاکسازییەی دەستی پێکردووە بەردەوام دەبێت تا کوردستان دەبێتە وڵاتی دامەزراوە و سەروەریی یاسا.

**سێیەم : پێگەیەکی وا بۆ گەلی کوردستان دروست بکرێت کە شایستەی خەبات و قوربانیدانی ئەم نەتەوەیە بێت**

ئەم خاڵەش کە ئاماژەیە بۆ تەحددای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەو هێزانەی بوار نادەن کورد خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی بێت، پیشاندانی ئیرادەی سیاسیی خەڵکی کوردستانە بەوەی دەتوانێت لەنێو هەلومەرجە ئاڵۆزەکاندا بونیادی هەیکەلی دەوڵەتی هاوچەرخ و دامەزراوەکانی دەوڵەتی ئەمری واقیع بنێت، بەبێ ئەوەی هێزێکی دەرەکی هاریکارو هەماهەنگی ئەم نەتەوەیە بێت، بۆیە کاتێك سەرۆکی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات ئەوە جێگەی دڵخۆشییە کە ئێستا زیاتر لە ٢٠ کونسوڵخانەی وڵاتانی جیهان لەهەولێر کراونەتەوە و ٤ یان کونسوڵخانەی ٤ دەوڵەتی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشن، ئەمە مانای ئەوەیە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نەك هەرێمی کوردستان بە مەترسی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان نازانێت، بەڵکو هەرێمی کوردستان بەو کیانە دیموکراتیە دەزانێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە شایستەی ئەوەیە پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دابمەزرێنێت، ئەم سەرکەوتنەش کە لەژێرسایەی سەرۆکایەتی مسعود بارزانی کوردستان پێی گەیشتووە بۆتە ئەو دەروازەیەی بەشێوەیەکی دیکەو لە ئاستێکی بەرزتردا مامەڵە لەگەڵ کوردو کێشەکەی بکرێت و هەروەها وەك سەرۆکی دەوڵەتێکی ئەمری واقیع پێشوازی لەسەرۆکەکەی بکرێت، هەروەك چۆن بینیمان لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆشکی سەرۆکایەتی نەمسا لەلایەن سەرۆکی ئەو وڵاتە پێشوازی کرا و پێشتریش لە کۆشکی ئەلیزی و کۆشکی سپی و کۆشکی پادشایانی سعوودیە و ئەردەن و چەندین دەوڵەتی دیکە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان لەژێرسایەی سەرۆك مسعود بارزانی بۆتە دەوڵەتی ئەمری واقیع و بۆ سەرۆکەکەشی، جیهان ناچار بووە وەك سەرۆکی دەوڵەتی ئەمری واقیع پێشوازی لێ بکەن.

**چوارەم : گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان لە شەنگال تا خانەقین بە کەرکووکیشەوە.**

ئەم مەسەلەیە بەتەنیا مەسەلەی گێڕانەوەی چەند ناوچەیەك نییە بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەڵکو ئەم جەختکردنەوەیەی سەرۆك بارزانی لەسەر ئەم پرسە ئەم خاڵانە لەخۆی دەگرێت:

أ- گێڕانەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان واتە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق و پابەندبوون بەدەستووری عێراقەوە.

ب- پابەندبوون بە دەستووری عێراقەوە واتە چەسپاندنی ناسنامەی عێراقی نوێ وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی.

ت- دانپێدانان بە دەوڵەتی دیموکراتی و فیدرالی واتە باوەڕبوون بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێو ئەو دەوڵەتە فیدراڵییە.

پ- بەپێی دەستووری عێراق، دابەشکردنی دەسەڵات لە دەوڵەتی فیدراڵیدا واتە دەسەڵاتی هەرێمەکان فراوان بێت و دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی ناوەند حەسری یان سنووردار بێت.

ج- سنووردارکردنی دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی ناوەند، واتە کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی تاکڕەوی و کۆتایی هێنان بە خەونی گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆری و حکومڕانی تاکەکەس.

ح- کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی تاکڕەوی، دیموکراتیش واتە دەسپێکی پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان و دروست بوونی ناسنامەی نیشتمانی هاوبەش، کە لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تائێستا ئەم ناسنامەیە هاوبەش بوونی نەبووە.

هەموو ئەمانەش پێکەوە واتە دوای گەڕانەوەی ئەو ناوچە دابڕاوانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەڕێگەی یاسایی و دەستووری، واتە ئەو زوڵمەی کە بە درێژایی مێژوو لەگەلی کوردستان کراوەو لەعێراقدا کۆتایی دێت و چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کوردستانیش لە عێراقدا دەبێتە







دەروازەیەك بۆ ئەوەی بەشێوەیەكی ئاشتیانە چارەسەری كێشەی كورد لەپارچەكانی دیكەشدا بكرێت.

**پێنجەم : هەوڵدان بۆ ئەوەی نەتەوەی كورد (نەك تەنیا كوردی عێراق) ببێتە خاوەنی زمانی خوێندن و نووسین**

ئەمەش بەو مانایە، پێویستە ئەو زمانە یەكگرتووە بكرێتە پردی پێكەوە بەستنەوەی هەموو كورد لە جیهان و لەپارچەكانی دیكەی كوردستاندا، سەرۆكی كوردستان لەگەڵ ئەوەی لەسەر ئەم پرسە ئاماژەی بەوەكرد ئەمە كارێكی ئاسان نییەو لەوانەیە نەوەی ئێستا ئەم زمانە یەكگرتووە نەبینن، بەڵام جەختی لەسەرئەوە كردەوە دەبێت پسپۆرانی زمان لەكوردستان ئەم كارە بەجددی وەربگرن و كاری لەسەر بكەن.

ئەم هەوڵەی سەرۆكی كوردستان بۆ ئەوەی ببینە خاوەنی زمانێكی یەكگرتوو و لەهەمانكاتدا ئاماژەش بەوە دەكات كە مەرج نییە نەوەی ئێستا ئەو زمانە یەكگرتووە ببینن، مانای ئەوەیە سەرۆك بارزانی جەخت لەسەر ئەوەدەكاتەوە پرۆسەی بونیادی نەتەوە پرۆسەیەكی درێژخایەنەو نەوەكانی دوای ئێمەش دەبێت درێژە بەم پرۆسەیە بدەن، بەڵام ئەوەی لەم بارودۆخەو بۆ ئەم قۆناغە هەستیارە گرنگە ئەوەیە كە هەنگاوەكان بە ئاڕاستەی ڕاست هەڵدەگیرێن و سیمای سەركەوتنی ئەم پرۆسەیە لە چوارچێوەی بەرنامەو تێڕوانینی سەرۆك بارزانی بۆ ئایندە دەركەوتووە، نەك هەر ئێمە وەك نەتەوەی كوردو گەلی كوردستان مافی خۆمانە شانازی پێوە بكەین، گەلانی جیهانیش ڕێزی لێدەگرن و ئامادەن بە چاوی ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بكەن.

## کریستن فابی بۆ گوڵان:

# بۆ بونیادنانی ناسنامەی نەتەوەیی، پێویستە دامەزراوەکان بونیاد بنرێن، لەبەر ئەوەی ئەو دامەزراوانە پەیوەستن بەدەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرنەوە



د.کریستین فابی مامۆستای زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ماسیۆشید و تایبەتمەندە لەسەر بوارەکانی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەڵکان و پەرەپێدان و کێشە ئیتنیەکان و ناسنامەی سیاسی سەبارەت بە دەسپێکی پرۆسەی بونیادی نەتەوە و سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە پرۆفیسۆر فابی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دربڕی:

(دەکرێت قۆناغە سەرەتاییەکانی بونیادنانی دەوڵەت قۆناغگەلێکی یەکلاکەرەوە بن. زۆرجار ئێمە لە زانستی سیاسیدا ئەم قۆناغە هەستیارە سەرەتاییانە بە ساتەوەختێکی گرنگ لەقەڵەم دەدەین. مەبەستمان ئەوەیە ئەو بڕیارە سەرەکیانەی لەم قۆناغەدا دەردەکرێن، بۆی هەیە کاریگەری و دەرئەنجامی درێژخایەنیان لێبکەوێتەوە کە ماوەی چەندین دەیە و تەنانەت چەندین سەدە بخایەنێت. جۆری ئەو گۆڕانکاریانەی پێویستن بۆ ئەوەی بەرەوپێشچوون لە ئاییندەی نەتەوەکەدا بەدەستبهێنرێت گۆڕانکاریگەلێکی ئازاربەخشن بۆ ئەوانەی ناچارن لەگەڵیدا بژین. دەبێت سەرکردەکانی ئەو قۆناخە وەك پێویست کەسایەتیەکی کاریزمایی و جەماوەریان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن پشتیوانی زۆرینە بەدەست بهێنن و هاوپەیمانێتیەکانی پێکبهێنن، بەڵام دەبێت لەهەمان کاتدا وەك پیۆیست یەکلاکەرەوە و بەدەسەڵات بن بۆ ئەوەی گۆڕانێکی ڕیشەیی بسەپێنن. مێژوو ئەوەی خستۆتەڕوو کە پرۆسەی بونیادنانی پێکهێنەرێکی سەرەکی ناسنامەی نەتەوەییە. هەروەك لە ئەورووپا و شوێنەکانی دیکە دەیبنین، زەحمەتە بتوانرێت ئایدیای فرەکەلتوری بپارێزرێت و تەنانەت زەحمەتە بتوانرێت هاوسەنگی نێوانیان بپارێزرێت بێ بوونی چیرۆکی باڵادەستی مێژووی نەتەوەکە. کە لێرەدا سەرکردە کاریزمی و لێهاتوو دەردەکەون. ئەگەر وەك پێویست پشتگیری جەماوەریان هەبێت، ئەوا دەتوانن فرەکەلتوری و هەموو لایەنە باشەکانی بپارێزن لە کاتێکدا کە دەتوانن جۆرێك لە هێزی رێکخستنی

## مارک بیسینگەر بۆ گوڵان:

# لە پرۆسەی بونیادی نەتەوەدا سەرۆک دەبێتە ئەو ڕەمزەی دابەشبوونەکانی کۆمەڵگە تێدەپەڕێنێت و هەموو پێکەوە کۆدەکاتەوە



پرۆفیسۆر مارك بیسنگەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی پرینسۆن و پسپۆر و تایبەتمەندە لە بونیادی دەوڵەت و ناسیۆنالیزم و بزاڤە کۆمەڵایەتیەکان و هەروەها یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتانی پۆست کۆمونیست، سەبارەت بەرۆڵی سەرۆك وەك ڕەمزی نەتەوە لە قۆناخی بونیادی نەتەوە بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:

(دەبێت نەتەوە خاوەنی سەرکردەی کاریزمایی بێت، بۆ ئەوەی وڵات بە دامەزراوەیی بکرێت، کاتێکیش بە دامەزراوەیی دەبێت، ئەوا ڕەنگە ڕۆڵی سەرکردەی کاریزمایی بگۆڕێت بۆ ڕۆڵی دامەزراوەکان، بەڵام پێش ئەو پرۆسەیە، ئەوا سەرکردە و ئەو پێوەندیەی لەگەڵ خەڵکدا هەیەتی و ڕۆڵیان وەك ڕەمزێك گرنگە. واتە توانایان بۆ سازدانی خەڵك و..تاد. کەواتە بوونی سەرکردایەتی کاریزمایی پێش پرۆسەی بە دامەزراوەییکردن گرنگە. هەروەها دەبێت ڕەمزێك هەبێت سنووری ئەو دابەشبوونانەی ناو کۆمەڵگە ببڕێت، واتە دووبارە پرسیارەکە ئەوەیە پێش پرۆسەی بە دامەزراوەییکردنی نەتەوەکە، کاتێك گومان دەکەوێتە سەر ناسنامەی نەتەوەکە، ئەوکاتە پرسیارەکە ئەوەدەبێت ئایا چ شتێك سنووری گرووپە جیاوازەکان دەبڕێت کە لە چوارچێوەی نەتەوەکەدان. کەواتە مەسەلەکە مەسەلەی ڕەمزە ئایا چ شتێك خەڵك یەکدەخات، لەنێو ئەو هەموو هەمەچەشنیەی لەچوارچێوەی خاکێکی دیاریکراودا هەیە. کەواتە سەرکردەی کاریزمایی دەتوانێت ڕۆڵ ببینێت لەو ڕووەوە، لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین هەموو سەرکردەیەك ناتوانێت ببێتە ڕەمز، بەڵکو ئەو سەرۆکە دەبێتە ڕەمز کە دەتوانێت نەتەوە بونیاد بنێت، ئەو کەسانەن کە خەڵکی یەکدەخەن و ڕێگەیەك دەدۆزنەوە بۆ پێکەوە کۆکردنەوەیان، کەواتە ڕەنگە دەرکەوتنی کەسانی وەك جۆرج واشنتۆن، دی گۆل یان گاندی حاڵەتێکی ئیستیسنائی بێت، بەڵام هەموویان وەك ڕەمزێك کاریان کردووە بۆ یەکخستنی نەتەوەکە، بەڵام دوای بونیادنانی دامەزراوەکانیش بە دڵنیاییەوە دامەزراوەکان گرنگن بۆ پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە، بە حوکمی ئەوەی دامەزراوەکان گەمەکاری سەرەکی دەبن لە خولقاندن و بەهێزکردنی ناسنامەدا. لەو شوێنانەی من دیراسەتم کردووە، بریتییە لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران، ئەوا پێکهێنانی ئەم دامەزراوانە ڕۆڵیان هەبووە لە پتەوکردنی ناسنامەی نەتەوەیی، هەروەها لە بەهێزکردنی ئەو ناسنامەیەی پێشووتر لە ئارادابووە. لەلایەکی دیکە جیاوازی لەنێوان پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت و بونیادنانی نەتەوەدا ئەوەیە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە

کۆمەڵایەتیش دابین بکەن. ئەگەر لە ڕووی چەمك سازیەوە قسە بکەین، ئەوا دەکرێت پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت و بونیادنانی نەتەوە وەك دوو پرۆسەی جیاواز سەیر بکرێن، بە بۆچوونی من ئەم دوو پرۆسەیە بەشێوەیەکی لێکجیانەکراوە پێکەوە گرێدراون، بۆ بونیادنانی ناسنامە و هەستی نەتەوەیی تۆ پێویستت بە دامەزراوەکانی دەوڵەت هەیە کە پەیوەستن بە بواری پەروەردە و یاسا بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژی و ئایدیاڵە نەتەوەییەکان. ناسنامە نەتەوەییەکان لە بۆشاییدا دروست نابن، بەڵکو لەڕێی بونیادە دەستووریەکانەوە دروست دەبن کە زۆرجار ئێمە ئەم دامەزراوانە پەیوەست دەکەینەوە بە دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرنەوە. لەزۆر حاڵەتدا پرۆسەی سەرکەوتووی بونیادنانی دەوڵەت پێشمەرجە بۆ پرۆسەیەکی سەرکەوتووی بونیادنانی نەتەوە—نەك بە پێچەوانەوە وەك زۆرجار گریمانە دەکرێت.


زیاتر پەیوەستە بە هەستی ئینتیمابوون بۆ کۆمەڵگە، بۆ ئەندام بوون لە کۆمەڵگەدا، لە کاتێکدا پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت پەیوەستە بە بونیادنانی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە، وەك دەزگای بیرۆکراسی، دامەزراوە ئابوورییەکان بۆ ڕێکخستنی ئابووری وڵاتەکە و..تاد، بەڵام بونیادنانیان بە چەشنێك کە ئاستێك لە ئۆتۆنۆمیان هەبێت. کەواتە پێموایە دوو پرۆسەی جیاوازن، یەکەمیان پەیوەستە بە دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە، دووەمیان پەیوەستە بە هەستی ئینتیمابوون و ئەندام بوون لە کۆمەڵگەدا. ئەگەر دەوڵەتێکی سەقامگیرت هەبوو، ئەوا لەم حاڵەتەدا پێویستە سەرەتا پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە ئەنجام بدرێت، بەڵام ڕاستیەکە ئەوەیە ئەمە هەمیشە ڕوونادات، بەڵام لە ڕۆژگاری دوای هەڵوەشانەوەی کۆلۆنیالیزمدا، دەوڵەت پێش دروستبوونی نەتەوەکە کەوت، کە دواتر دەوڵەت ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە دروستکردنی نەتەوەدا. مشتومڕی زۆر دەکرێت لەسەر ئەوەی کام پرۆسەیەیان لەسەرەتادا ئەنجام بدرێت، دەکرێت بە هەردوو ڕێگەکە بکرێت، بەڵام باشترە لە سەرەتادا نەتەوە بوونی هەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا هەمیشە بەم شێوەیە ڕوونادات)).

## ئەڤیل ڕۆشواڵد بۆ گوڵان:


# دوای ڕزگارکردنی فەرەنسا، دیگۆل هەوڵیدا بناغەیەک بۆ ناسنامەی نەتەوەیی فەرەنسا دابڕێژێت

پرۆفیسۆر ئەڤیل ڕۆشواڵد ئوستادی مێژووە لە زانکۆی جۆرج تاون و تایبەتمەندە لەسەر مێژووی بەراوردکاری سیاسەتی ئیتنی لە ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەبارەت بە گرنگی پرۆسەی بونیادی نەتەوە و ڕۆڵی سەرۆك لەم پرۆسەیە، بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:

(مەسەلەی سەرەکی لەپرۆسەی بونیادی نەتەوە ئەوەیە ئایا لە چییەوە دەست پێبکەین؟ ئایا دابەشکردنی داهاتەکان چۆنە و سەرچاوە سروشتی و مرۆییەکان لە ئارادان؟ کەواتە توخمە ستراتیژی و مێژووییە قوڵەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لەم پرۆسەیەدا. هەربۆیە تاوەکو کۆششێکی زیاتر بکرێت بۆ ئەوەی دامەزراوەکان خێراتر بونیادبنرێن، باشترە. لە سەرووی هەمووشیەوە توانای بونیادنانی ئاستێکی دیاریکراو لە هاوکاری بۆ بونیادنانی ئەو دامەزراوانەی تەمەنیان لە سەرکردەکان درێژترە. ڕەنگە نموونەیەکی سلبی لەم ڕووەوە بسمارك بێت لە ئەڵمانیای سەدەی نۆزدەدا، کە سەرۆکێکی بلیمەت بوو، کەسێکی لێهاتوو و بەهرەدار بوو و توانای ئەوەی هەبوو خەڵك ڕێکبخات و دامەزراوەکان بونیاد بنێت، بەڵام نەیتوانی سیستمێك بخوڵقێنێت کە درێژبێتەوە بۆ دوای خۆی. بە چەشنێك کاتێك لە دەسەڵاتدا نەما، ئەوا بە ڕەوتێکی خێرا ڕووداوەکان ئاڕاستەی هەڵەیان گرتەبەر. کەواتە توانای بونیادنانی ئەو دامەزراوانە کە درێژببنەوە بۆ دوای ئەو سەرکردانە زۆر گرنگە، هەروەها جۆرج واشنتۆن مامەڵەی لەگەڵ کۆمەڵگەیەکدا دەکرد کە دابەشبوونێکی قووڵی تێدابوو،



لە ڕاستیدا شەڕی سەربەخۆیی ئەمریکا کاریگەری هەبوو لەسەر شەڕی ناوخۆیی ئەمریکا، لەبەر ئەوەی بەشێکی گەورەی دانیشتوان بە دڵسۆزی بۆ بەریتانیا مانەوە. دیگۆلیش ژیانی خۆی وەك سەرکردەیەکی سیاسی لە ساڵانی چلەکانەوە دەست پێکرد، کە ژمارەیەکی کەمی خەڵك ئاگاداری ئەم سەرکردەیە بوون، بەڵام ئەو تێڕوانینێکی هەبوو بۆ فەرەنسا کە باڵاتر بوو لەو دۆخەی ڕاستەوخۆ لە شکست و داگیرکاریەوە دروست ببوو، هەرچەندە سەرکەوتنی دەگەڕایەوە بۆ هەڵەکانی هیتلەر و ئەو هاوپەیمانێتیە گەورەیەی دژی هیتلەر پێکهێنرا. بەڵام تێڕوانینەکەی گۆڕیی بۆ بناغەیەك بۆ داڕشتنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی فەرەنسا. سەبارەت بە گاندی، گەورەترین شکستی گاندی، بریتی بوو لەوەی کە نەیتوانی بناخەیەك بۆ هاوپەیمانێتیکردنی نێوان هیندۆس و موسڵمانەکان دابڕێژێت، هەر بۆیە زۆر نیگەران بوو لە جیابوونەوەی هیندستان و پاکستاندا. هەروەها پۆڵەندا یەکێکە لەو ئەزموونانەی ڕەنگە بتوانرێت لێی بڕوانرێت وەك ئەزموونی بونیادنانی نەتەوەیە لە غیابی دەوڵەتدا، بە دڵنیاییەوە پۆڵەندیەکان دەوڵەتیان هەبوو، خەسڵەتێکی فرەنەتەوەیی هەبوو تاوەکو سەدەی نۆزدە، بەڵام دواتر لەلایەن دراوسێیەکانیەوە دابەشکرا، بەڵام بە درێژایی سەدەی نۆزدە، دوای شکستی شۆڕشی چەکداری و شۆڕشی سیاسی، توانیان بیری نەتەوەیی و کەلتوری بونیاد بنێن، ئەمەش ئامادەی کردن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ سەر پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت لە سەدەی بیستدا)).



ئۆریت ڕۆزین بۆ گوڵان:

# بۆ ئەوەی بتوانین نەتەوەیەکی زیندو بونیاد بنێین دەبێت سەرۆکەکان کاریزمایی بن و ڕۆڵی مامۆستا بۆ نەتەوەی خۆیان بگێڕن

پرۆفیسۆر ئۆریت ڕۆزین ئوستادی مێژووە لە زانکۆی حەیفا و تایبەتمەندە لەسەر مێژووی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەبارەت بە ڕۆڵی مێژووی نەتەوە و کاریگەری سەرکردە لەپرۆسەی بونیادی نەتەوە بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:

(ئەگەر نەتەوە بەشێوەیەکی ژیرانە بونیادبنرێت، ئەوا دەبێت پرۆسەیەکی بەرفراوان بێت بۆ تێکڕای لایەنەکانی ژیان شۆڕببێتەوە، هەروەها بەشێوەیەکی پتەو بونیاد دەنرێت و ئەوکاتە ئەو هەستە هاوبەشە دروست دەبێت کە هەمووان بەشێکن لە هەمان نەتەوە. کەواتە زۆر گرنگە کە گیانی هاوکاری بونیادبنرێت و ئامادەیی هەبێت بۆ بەشداری لەو پرۆسەیەدا، لەم قۆناخەدا بوونی سەرکردە زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی نەتەوەکان بەهۆی سەرکردەی لێهاتووەوە بونیادنران، من شەخسی خۆم تەفزیلی سەرکردەیەکی لێهاتوو دەکەم، کە لە هەمان کاتدا سەرکردەیەکی کاریزمایی بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا هەست بکات کە پەروەردەکارە، کە مامۆستایەکی زۆر باشە، ئێوە بیر لە مهاتما گاندی بکەنەوە، بیر لە دیڤید بن گۆریون بکەنەوە، کە تا ڕادەیەکی گەورە سەرکردەگەلێکی کاریزمایی بوون و ویستیان نمونەیەک بە نەتەوەکەیان پێشکەش بکەن. کەواتە بۆ ئەوەی بتوانین نەتەوەیەکی زیندو بونیاد بنێین، دەبێت سەرکردەکان کاریزمایان هەبێت، هەروەها توانای ئەوەیان هەبێت لە دەرەوەی خۆیان لە خۆیان بڕوانن، واتە ئاگاداری ئەوە بن کە خەڵکی چۆن حوکمیان لەسەر دەدەن، توانای ئەوەیان هەبێت ڕەخنە لە خۆیان بگرن. وێڕای ئەم گرنگیەی سەرۆك لەم قۆناخەدا، بەڵام دیسان ناکرێت هەموو شتێك بخەینەسەر شانی سەرکردە، کە دەبێت لە هەمان کاتدا سەرکردە بەڕێوەبەرێکی باش بێت، بە واتای ئەوەی درك بەوە بکات بونیادنانی نەتەوە پێویستی بە مامۆستا هەیە، پێویستت بە شانۆکار هەیە، بە زمانەوان هەیە، بە مامۆستای باخچەی ساوایان هەیە، پێویستت بەو کەسانەیە کە



گۆرانی بۆ منداڵانی باخچەی ساوایان بنووسن، پێویستت بەو کەسانەیە ئەو کتێبانە بنووسن کە لە قوتابخانەکاندا دەخوێنرێن، تۆ پێویستت بەو پزیشکانە هەیە کە هەست بکەن ئیلتیزامیان هەیە بەرامبەر نەتەوە و بۆ نموونە نەتەوەیی کوردی بونیاد بنێن. کەواتە هەموو شتەکان لە ئەستۆی سەرکردەکان نییە، بەڵکو پێویستی بە بونیادێکی گەورە هەیە، بە زۆری بە چینی ناوەند، کە بەلای کەمەوە لە ئەوروپادا، زۆربەی ئەرکەکە لەسەر شانی چینی ناوەندە، پێویستت بەو کەسانەیە کە لەناو بزووتنەوەی نەتەوەییدا بن و هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگە ببینن، بۆ نموونە تۆ پێویستت بەو کەسانە هەیە کە شارەکان بونیاد دەنێن، ئەو کەسانەی ژێرخان لە شوێنە دوورەدەستەکاندا دروست دەکەن بۆ ئەوەی نزیکیان بکەنەوە لە مەرکەز بۆ ئەوەی هەست بکەن بەشێکن لە نەتەوەکە، کەواتە سەرکردەی باش ئەوەیە کە سنووری خۆی بزانێت و کەسانێکی لە دەوربن کە درك بەوە بکەن بۆ بونیادنانی نەتەوە پێویستی بە بایەخدان بە لایەنگەلێکی زۆرە، وەك یاسا، تەندروستی، پەروەردە. کەواتە دەوڵەتی مۆدێرن و سەرکردەی مۆدێرن، هەوڵدەدەن لە هەستی خەڵك تێبگەن، بەڵام لە هەمان کاتدا هەوڵدەدەن کار لەسەر ئەو هەستە بکەن، کەواتە ئەمە مەسەلەیەکی تەواو دژوارە. زۆر باس لە فرەکەلتوری دەکرێت، کە ئەمەش دژوارە لەبەر ئەوەی ئەگەر شتێك نەبێت نەتەوەکە یەکبخات، ئەوا ئەو کاتە چی پێناسەی نەتەوەکە دەکات، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر بتەوێت شۆڕبیتەوە بە ژیانی خەڵکدا و هەوڵبدیت کەلتوری ئەو کەسانە بگۆڕیت کە هەست ناکەن بەشێك لە نەتەوەکەن و کەمینەن، ئەوا تۆ دووریان دەخەیتەوە. من پێموایە دەبێت هەوڵی بونیادنانی شتێك بدەیت کە خەڵك پێکەوە گرێبدات و نموونە و سەرمەشقێك بدات بە خەڵك و بۆشاییەك جێبهێڵیت بۆ ئەوەی خەڵك بەپێی نەریتی خۆیان ژیان ببەنەسەر)).

# پێوەندییەکانی نێوان بەغدا-هەولێر گرژبوون و ئاڵۆزییەکان ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار دەکەن



دەیڤید ڕۆمانۆ*

مانگی جارێک
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

کاتێ دێینەسەر باسکردنی پێوەندییەکانی هەولێرو بەغدا، ئەوا جێی سەرسوڕمانە کە هێشتا گۆڕانێکی کەم لە ڕووەوە ڕوویداوە، هەر لە تەبەنی کردنی دەستووری عێراقییەوە لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٥ەوە تاکو ئێستاش.

هێشتا باری کەرکوك و ناوچە کێشەلەسەرەکانی دیکە یەکلایی نەکراونەتەوە.

هێشتا عێراق یاسای نەوت و غازی نییە.

هێشتا باری پێشمەرگەو بودجەی پێشمەرگەی کوردستان چارەسەرنەکراوە.

هێشتا سروشتی فیدراڵیزم لە عێراقدا، کە بە مانای دابەشکردنی دەسەڵات دێت لە نێوان حکومەتی مەرکەزی و هەرێمەکاندا لە چاوەڕوانی ڕوونکردنەوەی زیاتردایە.

هەر کە ناو بەناو ئەم کێشەو مەسەلانە لە هەڵکشان و داکشاندا دەبن، ئەوا گرژی لە نێوان پارتە کوردی و عەرەبیەکانی بەغداش بە هەمان شێوە لە هەڵچوون و داچووندا دەبن.

پێدەچێت ئەو بە بنبەست گەیشتنەی هەرگیز بە کۆتا نایەت دەرئەنجامێکی درێژخایەنی سیاسەتی دیموکراتی بێت. دەقاودەق لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بە هەمان شێوە ڕێو شوێنی دەستووری کە دەسەڵاتەکان بۆ چاودێریکردنی یەکترو ڕاگرتنی یەکتر لە سنوورەکانی خۆیاندا مومارەسەی دەکەن، بە باشی بەڕێوەبراون، ڕێکخراون و داڕێژراون، ئەوا وڵاتەکە بەردەوام بێتوانایە لە چارەسەرکردنی ئەم کێشە قورسانەدا. دابەشبوونی نێوان کوردو عەرەب، شیعەو سوننە، خێڵە جیاوازەکان، تێڕوانینە عەلمانی و ئاینیەکان لە نێوان ئەوانەی دڵسۆزییان بۆ ئێران هەیە لەبەرامبەر ئەوانەدا کە دڵسۆزییان بۆ ئەمەریکا هەیە، وای کردووە پێکهێنانی زۆرینەیەك کە سنووری ئەم جیاوازی و دابەشبوونانە ببڕێت بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی عێراقی نوێ بنیات بنێت، کارێکی دژوار بێت. ئەوەی زیاتر تەگەرە لەبەردەم پێکهێنانی ئەم هاوپەیمانێتیە درێژخایەنەدا دروست دەکات بریتیە لە مێژووی بێمتمانەیی و ئەو ئەزموونە کەمەی پێش ساڵی ٢٠٠٣ کە بریتی بوو لە ئەزموونی هاوکاری کردنی نێوان دەزگاکانی دەوڵەت.

لەم ڕوانگەیەوە ئەوەی جێی سەرسوڕمانێکی گەورە نییە، هێشتا نوری مالیکی سەرۆك وەزیران ئەو بەڵێنە سەرەکیانەی کە بە کوردی دابوو لەبەرامبەر پشتیوانییان بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی لە پاییزی ساڵی ٢٠١٠دا جێبەجێی نەکردووە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەو ناکۆکییە گەورەیەی نێوان بەغداو هەولێر بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، ئەوا پاشەکشەی داهاتووی هێزەکانی ئەمەریکا ئاستی ترس و نیگەرانییەکانی زیادتر کردووە لەبارەی ئەوەی ڕوودەدات لە غیابی میانگیرییەکی بەهێزی ئەمەریکا بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشانە.

بەڕێز مالیکی بەڵێنی چەند شتێکی دیاریکراوو گرنگی بە کورددا، سەرەڕای پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی فیدراڵیزم و ئاسایشی نەتەوەیی، هەروەها پابەندبوونێکی تەمومژاوی بە چەشنی «ڕێزگرتن لە فیدراڵیزم» و « کارکردن بە بنەمای تەوافوق»: بەڵێنی هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنیدا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە نوێنەرایەتی تێکڕای عێراقییەکان بکات، بۆ ئەوەی سەرژمێری گشتی بکرێت، بۆ ئەوەی ماددەی ١٤٠ لە ماوەی دوو ساڵدا جێبەجێ بکرێت، یاسای نەوت و غاز لە ماوەی یەك ساڵدا دەربکرێت (واتە ئەم پاییزە) و دابینکردنی دارایی پێشمەرگە وەك بەشێك لە سیستمی بەرگری عێراق.

نائومێدی و تووڕەیی کوردەکان لەئاست سستی لە بەرامبەر ئەم مەسەلانەدا، یاخود لە حاڵەتی ئەم دوایییەی پەیوەست بە یاسای پێشنیارکراوی نەوت و گاز کە پاشەکشەیەکی گەورەبوو دژی بەرژەوەندییەکانی کوردەکان، لە کەڵەکەبووندایە. پارتەکانی دیکە، هەر لە لیستی ئەل عێراقیەی ئەیاد عەللاویەوە بۆ ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق و بلۆکی سەدری سەر بە موقتەدا، بە هەمان شێوە خۆشحاڵ نین بە ڕەفتارەکانی مالیکی.

لە ڕاستیدا، پێدەچێت تاکە شتێك کە مالیکی لە دەسەڵاتدا هێشتبێتەوە بریتیە لە یەکنەگرتوویی گرووپە سیاسییەکانی دیکە و بێتواناییان لەوەی پێکەوە دەنگی پێویست کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی ئەم حکومەتە بڕووخێنن و حکومەتێکی نوێ پێکبهێنن.

لە هەوڵێکدا بۆ بەدەستهێنانی هەندێ لەو دەستکەوتە گرنگانەی ساڵێك بەرلەئێستا بەڵێنیان پێدراوە، بەم دوایییە سەرکردە کوردەکان فشارەکانیان بۆ سەر حکومەتەکەی مالیکی زیادکردووە- بەرهەمی نەوتی کوردستانیان کەمکردەوە، داوای خشتەی زەمەنی و کرداری کۆنکرێتی دەکەن بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتە بەڵێندراوەکان، لەگەڵ ڕەتکردنەوەی کارکردن لە چوارچێوەی حکومەتدا بێ هەڵگرتنی ئەم هەنگاوانە. بەداخەوە مالیکیەکی لاواز بە دەگمەن هەست دەکات توانای سازشکردنی بۆ کوردەکان هەیە، بە تایبەتی لەسەر ناوچە کێشەلەسەرەکان. بەڵێندان بەهەر شتێك لەم بارەیەوە تا ڕاددەیەك لە خشتەبردنە، لەبەر ئەوەی دەبێت پەرلەمانی عێراق یاسایەی نوێی نەوت و غاز، ئەنجامدانی سەرژمێری و تەنانەت سیاسەتەکانی پەیوەست بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ پەسەند بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرۆك وەزیرانێکی بەهێز، بە باشی دەتوانێت بڕیاری فەرامۆشکردنی پشتیوانی کوردەکان بدات و ئەم چەشنە بەڵێنانەش جێبەجێ نەکات.

هەموو ئەمانە هەولێرو بەغدا لە دۆخێکدا جێدەهێڵێن کە چەشنی هەلومەرجی پێنج ساڵ پێش ئێستا بێت، بێ ئەوەی ڕێگایەکی ڕوون هەبێت بۆ بەرەوپێشچوون. هەندێ پێیان وایە کە کۆتایی هێنان بە بنبەستگەیشتن لەسەر ئەم مەسەلانە پێویستی بە ڕوودانی قەیرانی جیددی هەیە. لە کاتێکدا کە هەلومەرجەکە بەم شێوەیە بەردەوامە، ئەوا ڕەنگە بەم نزیکانە هەڵبژاردنی نوێ ئەنجام بدرێت کە دەرئەنجامێکی یەکلاکەرەوەی لێناکەوێتەوە، ئەویش ئەگەر حکومەتەکەی بەڕێز مالیکی پشتیوانی کوردەکان و کەسانێکی دیکە لەدەست بدات. بە داخەوە زۆرجار هەڵبژاردنەکان دەبنەهۆی زیاتر دواخستنی کێشەکان، نەك چارەسەرکردنیان.

# ئەردۆگان، بۆ پرۆتۆکۆڵەکەی ئیمزانەکرد؟



ئاسۆ کەریم

سێ حەفتە لەمەوبەر لەسەر سایتێکی ئینتەرنێت، دەقی تۆمارکراوی وتوێژی نێوان کاربەدەستە هەرە باڵاکانی دەزگای هەواڵگریی تورکی «MIT »: «هاکان فیدان- سەرۆکی ئێستەی میت، ئافەت گونەش- جێگری سەرۆك» و شاندێکی PKK: «زوبێر ئایدار، مستەفا قەرەسوو، زەکی ئۆك» بڵاوکرایەوە. پێش ئەو جارە، چوار جاری دیکەش هەردوو لا کۆببوونەوە. بەقسان ئەو وتووێژە بەنهێنی لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج بە ناوبژیوانی و هەماهەنگیی لایەنێکی سێیەم لە ناوەڕاستی نیسان- ئایاری ٢٠١٠ بەڕێوەچووەو بەقسەی شەرەفەدین ئاڵچی، سیاسەتوان و پەرلەمەنتاری سەربەخۆی کورد، ئەو وتووێژانە تا ناوەڕاستی ٢٠١١ش بەردەوامبوون «وتووێژی ناوبراو لەگەڵ نەشە توزەل-ی رۆژنامەی تەرەف-ی تورکی».. لێ دیار نییە جارەکانی تر لە کوێ و چۆن و بە ناوبژیوانیی کێ بەڕێوەچوون.

«حەفتەنامەی رووداو» دەقی وتووێژەکەی بە کوردی بڵاوکردەوە. خویایە «هاکان فیدان» بە ئاگاداری سەرۆکوەزیرانی تورکیا، ئامادەی وتووێژێکی وەها بووەو بەناوی سەرۆکوەزیرانیشەوە دواوەو وتویەتی: «حکوومەت لەم پرسەدا زۆر جیدییە». پاش ئەوە ئەوجا هاکان فیدان بووە بە سەرۆکی دەزگای میت. هەروا دەزگای میت، هەم راوبۆچوونی ئۆجەلان-ی بە شاندەکەی PKK گەیاندووەو هەم راوبۆچوونی شاندەکەی PKKشی بۆ ئۆجەلان گواستۆتەوە. بەو مانایە میت، لەنێوان ئۆجەلان و PKK دا، پێناو بووە.

بڵاوبوونەوەی ئەو تێپە تۆمارکراوە، هەراو پیلەکەیەکی زۆری لەناو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن «CHP، MHP»، لەناو میدیاکار، نووسەرو سەنتەرەکانی لێتوژینەوە نایەوە. هەردوو لایەنی ئۆپۆزیسیۆن، زێتر وەکو دەرفەتێکی سیاسی هەوڵیاندا لە دژی حکوومەت و ئەردۆگان و AKP بیقۆزنەوە کە ئەردۆگان لە ساتەوەختی هەڵمەتی هەڵبژاردندا راستی نەگوتووە ئەو وتووێژانەی لە خەڵك شاردۆتەوە. هەروا زۆر قسە لەسەر ئەوەش کرا کە داخوا کێ ئەو تۆمارە دەنگییەی دزە پێکردووە: میت، PKK، ئیسرائیل...

هەندێ من سەرنجم دابێت، بڵاوبوونەوەی ئەو تۆمارە دەنگییە، کاردانەوەیەکی نەرێنیی ئەوتۆی لەناو رای گشتیی تورك لێنەکەوتەوە کە ئەردۆگان و حکوومەتەکەی پێ سەغڵەت بن. بەپێچەوانەوە بەرپرسانی تورکیا، لە عەبدوڵڵا گویل-ی سەرکۆمارەوە بگرە تا بولەنت ئارینچ-ی جێگری سەرۆکوەزیران و جەمیل چیچەك-ی سەرۆکی پەرلەمان، پاساویان بە دانوستاندنی نێوان بەریتانیا و سوپای کۆماریخوازی ئێرلەندا IRA و دانوستاندنی حکوومەتی ئیسپانیا و ئیتا ETA، بۆ ئەو وتووێژە نهێنییانەی خۆیان هێنایەوەو بەکارێکی زۆر خواستییان دانا کە وتووێژ لەگەڵ PKK دا بکرێ، مادام مەبەست کۆتاییهێنان بە توندوتیژی و تیرۆرە بە قەولی خۆیان.. لەبەرانبەردا، BDP بوونی ئەو وتووێژانەیان، بە راست و دروستی بۆچوونی خۆیان لێکدایەوە کە ئەوان هەردەم پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی، پێویستە حکوومەت دانوستاندن لەگەڵ PKK و ئۆجەلان دا بکات..

لێ ئەوەی کە زۆر سەرنجراکێش بوو و تا ئێستا کەمتر قسەی لەسەر کراوە، دیمانەکەی رۆژنامەی تەرەف-ی تورکی بوو لەگەڵ شەرەفەدین ئاڵچی کە دەڵێ: «لە دیماهی ئەو وتووێژانەدا، پرۆتۆکۆڵێك ئامادەکراوەو ئەوو چەند پەرلەمەنتارێکی هەرە باڵای BDP دیویانەو عەبدوڵڵا ئۆجەلان پێی رازیبووەو پاشان میت بۆ PKK « قەندیل »ی بردووەو ئەوانیش پەسەندیان کردووە. ئەوجا پرۆتۆکۆڵەکە بە رەجەب تەیب ئەردۆگان دراوە، بەڵام ئەو نەپێی رازیبووەو نە ئیمزاشی لەسەر کردووەو لە سۆنگەی ئەمەشەوە، توندوتیژی دەستی پێکردەوە کە رۆژانە لە هەردوو لادا قوربانی لێدەکەوێتەوە». پرسیار ئەوەیە، ئۆردۆگان بۆ پەسەندی نەکرد؟ هەڵبەت لە دوای ئەوەوە، BDP، یەکتەرەفە تێزی ئۆتۆنۆمیی دیموکراتی راگەیاند. تۆ بڵێی بیرۆکەی حکوومەتی خۆجێی و ئۆتۆنۆمی لەناو پرۆتۆکۆڵەکەدا ئاماژەیان بۆ نەکرابێت و بۆ ئەردۆگان لەسایەی دەستووری ئێستادا، ئاسان نەبێت قبوڵی بکات؟

لێرەدا من باس لە رۆڵی PKK ناکەم کە داخوا بە کارو چالاکییەکانی خۆی لە ناوەڕاستی مانگی

**BDP بوونی ئەو وتووێژانەیان، بە راست و دروستی بۆچوونی خۆیان لێکدایەوە کە ئەوان هەردەم پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی، پێویستە حکوومەت دانوستاندن لەگەڵ PKK و ئۆجەلان دا بکات**

تەمووزەوە چەندە ڕێخۆشکەر بووە بۆ ئەو بنبەستەی کە شەرەفەدین ئاڵچی باسی لێدەکات. زێتر سەرنج دەخەمە سەر ئەردۆگان و حکوومەتەکەی AKP وەکو ئەو تەرەفەی کە وەڵام و بەرپرسیارەتیی سەرەکی لای ئەوانە...ئایا بەڵای ئۆردوگان-ەوە، پرۆسەی کرانەوە بە ڕووی کورد، یان پرۆسەی ئاشتی و برایەتی کە لە ٢٠٠٩-ەوە حکوومەت ڕایگەیاندووە، پرۆسەیەکی کاتی و تاکتیکی بووە و هیچ پرۆژەیەکی جیددی نەبووە بۆ چارەسەری کێشەی لەمێژینەی کورد لە تورکیا؟ ئایا ئەردۆگان ئەو وتووێژانەی بۆ کاتکوشتن بووە تا پەکەکە ئاگربڕ دوای ئاگربڕ ڕابگەیەنێ و هەڵبژاردنە گشتییەکەی ١٢ی حوزەیران، لە کەشێکی هێمن و ئارام و بێ قرەو برە دا بەرێوەبچێ و ئەو ئەنجامە بەدەستبهێنێ کە هێنای؟ یان بەدەستهێنانی ٤٩،٩٥٪ی دەنگەکان بوو، ئەردۆگانی بە ئاقاری لە خۆبایی بوون و نەسازان لەگەڵ کورددا گۆڕی؟

ئایا بەهاری عەرەبی هیچ کاریگەرییەکی نیگەتیڤی هەبووە لە گۆڕینی ئاراستەکانی سیاسەتی ئەردۆگاندا، بەو مانایەی زێتر ئەردۆگان پشتئەستوور بێت بەو ڕۆڵە هەرێمایەتییەی لە تورکیا چاوەڕوان دەکرێ وەکو نموونەی وڵاتێکی سوننەمەزهەبی میانڕۆ و جێ پەسەندی ئەمریکاو ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا لە بەرانبەر ئیسلامی توندڕەو و نفووزی شیعەو ئێراندا، نەك پشتئەستوور بە ڕیفۆرمی ناوخۆیی و چارەسەری کێشەی کورد و کرانەوەی زێتر بە ڕووی دیموکراسی...بەبڕوای خۆم، دەکرێ ئەو دووانە تەواوکەری یەکدی بن.. هیچ وڵاتێکی هەرێمەکە ناتوانێ ڕۆڵێکی گەورە لە ناوچەکەدا بگێڕێ ئەگەر لە وڵاتەکەی خۆیدا، گرفت و کێشە تەشەنەسەندووەکانی خۆی چارەسەر نەکات... چونکە توندوتیژی و خوێنڕشتن و گرتن و بڕین کە لەم سێ مانگەی دواییدا لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا پەرەی گرتووە، بنەماکانی دیموکراسی و بوژانەوەو نموونەی دڵخوازی ڕۆژئاوا لە ناوچەکە، تەڵخ و بێناوەڕۆك دەکات...

یان ئەوەتا ئەم ستۆپکرتنەی ئەردۆگان، تەنیا کاتی بووەو بۆ ئەوە بووە لە پێگەیەکی بەهێزترەوە دانوستاندن لەگەڵ PKK دا بکات و ناچاری بکات دەسبەرداری هەندێ لە داخوازییەکانی ناو پرۆتۆکۆڵەکە ببێت؟ ئایا ئەردۆگان، لەوە ترسا، نەبادا ئەو پرۆتۆکۆڵەو ئیمزاکردنی، ماکانەی چوونەوەی یەك- دووو ساڵ لەمەوبەری چەند چەکدارێکی PKK بە جلی کوردی لە دەروازەی خابوورەوە بۆ تورکیا، ببێت بە سەرکەوتنێکی تر بۆ PKK و ئۆجەلان، بەتایبەتی کە ئۆجەلان لە ئیمرالییەوە ڕایگەیاند کە لە ڕێککەوتن نزیك بوونەتەوە و ئەنجوومەنێکی ئاشتی بۆ ئەم مەبەستە پێکدێ؟ ئیدی باشتر وایە حکوومەتەکەی AKP لە هەلومەرجێکی گونجاوتردا، هەنگاو بە هەنگاو و یەکتەرەفەو بەبێ هیچ ڕێککەوتنێك لەگەڵ پەکەکەو ئۆجەلان، بڕگەکانی ناو پرۆتۆکۆڵەکە جێبەجێ بکات؟

یان لێدانی هێزەکانی PJAK لە سەرەتای تەمووزەوە لەلایەن ئێران و بوونی ڕێککەوتنێکی کاتی لەو ماوەیەدا، ئەو پرۆژەیەی بەدواخست، بەڵام سەرنەکەوتنی ئێران، بەمانا سەربازییەکەی جارێکی تر تورکیای لە کەوتنە داوەوە ئاگادار کردەوە؟

یان هەر لەبنەڕەتدا، حکوومەتەکەی AKP هیچ پرۆژەیەکی بۆ کورد پێ نییە، چونکە یەك-دوو جار ئەردۆگان لە زاری دەرچووە کە لە تورکیا کێشەیەك بە ناوی کێشەی کورد نییە. ئەی نەرمنواندنی ئەردۆگان پاش دیتنی ئەمدواییەی باراك ئۆباما و هاتنەوە لە ئەمریکا و تەنگژەی بەرەو ژوور هەڵکشاوی نێوان تورکیا و ئیسرایل، سەبارەت بە داواکردن لە BDP و گەڕانەوەیان بۆ ناو پەرلەمان و وتووێژکردن لەگەڵیان، دیسان هەوڵدان و مانۆڕێکی ترە بۆ دوورخستنەوەی BDP لە پەکەکەو لێکجیاکردنەویان کە لەبنەڕەتدا نەشیاو ئەستەمە؟ یان AKP دەیەوێ، ئەگەر پرۆژەیەکی پێ بێت بۆ چارەسەری کێشەی کورد، هاودەم لەگەڵ نووسینەوەی دەستووردا تێهەڵکێشی بکات، یان دەیەوێ بیکاتە کارتێکی ساتوسەوداش لەنێوان خۆی و لایەنەکانی تردا، بەتایبەتی کە پەرلەمەنتارانی BDP لە ژێر گوشاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێنوێنی سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان بڕیاریان دا بچنەوە ناو پەرلەمان و لەوێ خەبات و ململانەی خۆیان بکەن. تەنانەت سەرۆکی CHPش، پێیوایە کە پەرلەمان، ئەو جێگەیەیە کە چارەسەری کێشەکانی تێدا دەدۆزرێتەوە ئەردۆگان-یش، لەدوا قسەی خۆیدا، گوتی: « دەمەوێ ڕاست و ڕەوان قسە بکەم کە ئێمە لەگەڵ تیرۆریزم دەجەنگین و لەگەڵ سیاسەتوانانیش دانوستاندن دەکەین.. ». کەواتە، BDP موخاتیبێکی گوێلێگیراو دەبێت سەبارەت بە مافەکانی کورد، ئەوە لە کاتێکدا پێشتر، BDP بە دیفلانك و درێژکراوەی PKK دادەنرا.

هەقە پەکەکە هەڵوێست و پێگەی BDP و پەرلەمەنتارەکانی لەناو ئەنجوومەنی گەورەی میللیی تورکیا لاواز نەکات و تا بۆی دەکرێ خۆی لە لێدانی خەڵك و ئارمانجی مەدەنی بپارێزێ و دەرفەتێك لەبەردەم BDP و کەسانی لیبراڵ و دیموکرات بکاتەوە کە چالاکانە تێکەڵاوی ئەو کۆمیسیۆنە ببن کە بۆ نووسینەوەی دەستوور سازدەکرێ و، تا بۆی دەکرێ خۆی لە پەلامارو ڕووبەڕووبوونەوەو هێرشبردن بپارێزێ.

**هیچ وڵاتێکی هەرێمەکە ناتوانێ ڕۆڵێکی گەورە لە ناوچەکەدا بگێڕێ ئەگەر لە وڵاتەکەی خۆیدا، گرفت و کێشە تەشەنەسەندووەکانی خۆی چارەسەر نەکات**

**هەقە پەکەکە هەڵوێست و پێگەی BDP و پەرلەمەنتارەکانی لەناو ئەنجوومەنی گەورەی میللیی تورکیا لاواز نەکات و تا بۆی دەکرێ خۆی لە لێدانی خەڵك و ئارمانجی مەدەنی بپارێزێ**





# حکومەتی بەغدا بەدەستی خۆی ئاییندەی عێراق تاریک دەکات

بەشـێکی زۆر لەو پسـپۆرانەی لەنزیکەوە چاودێـری بارودۆخـی عێـراق و چۆنیەتی چارەسـەری کێشـەی وڵاتانـی فرەنەتەوەی هاوشـێوەی عێـراق دەکـەن، زۆر دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە زەحمەتە ئەو دەوڵەتە فیدرالیەشی کە لەدەسـتووری عێراقدا ئامـاژەی پێکراوە و بەپێی ئەو دەسـتوورە دەسەڵاتی نێوان هەرێم و حکومەتـی فیدرالی دابـەش دەکات، بتوانێت سەقامگیری لەعێراقدا دروست بکات، هەربۆیە وەك پرۆ فیسۆر دینس پاپازیین ئوستادی مێژوو لە زانکۆی میشیگان و بەڕێوبەری سەنتەری دیراسـاتی ئەرمەنی لە ئەمریکا لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان ئاماژەی پێکردووە، فیدرالیزم چارەسـەری کێشـەکانی عێراق نـاکات بۆیە پێویستە بیر لەکۆنفیدرالی بکرێتەوە، لەمبارەوە بە گوڵانی ڕاگەیاند: (من ئومێدەوارم، بەلای کەمەوە شـێوەیەك لە کۆنفیدراڵی هەبێت، واتە حکومەتـی هەرێمەکان و حکومەتی مەرکەزی هەبن کە پێوەندیەکانی نێوان سێ پێکهاتەکە(کورد و شـیعە و سـوننە) ڕێکبخەن، دابەشکردنی عێراق بەسەر سـێ وڵاتدا، دەبێتەهۆی ئەوەی ئـەو دەوڵەتانە بـۆ بەردەوامبوونیان دووچاری دژواری ببنـەوە. هەروەها ئەوەی جێی داخە کە مەرکەزیەتیش لە عێراقدا سـەرکەوتوو نەبووە، لەبـەر ئەوە ڕەنگە بەدیلەکـە کۆنفیدراڵی بێت لەنێوان سـێ پێکهاتەکەدا، کە هـەر یەکەیان ئەندازیەـك لە ئۆتۆنۆمیـان هەبێت، بەڵام لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی کیانێکی یەکگرتوویان هەبێـت، بەڵام بەداخەوە ئێسـتا پێوەندی نێوان هەرێمی کوردسـتان و بەغدا ئاڵۆزی تێکەوتووە و خەریکە بارودۆخەکە ئاڵـۆز دەبێت، ئەمەش لەکاتێکدایـە کە کوردەکان لـە هەرێمەکەیاندا حکومەتێکیـان دامەزراندووە کـە بە باوەڕی مـن حکومەتێکـی سـەرکەتووە، هەروەهـا هەوڵیاندا داهاتی نـەوت و گازی ناوچەکەیان ئیسـتیغلال بکەن. بۆیە دەبێت چارەسەرێك بۆ ئەو کێشـانە بدۆزرێتـەوە و حکومەتی عێراق ئیعتیـراف بە بەرژەوەندیەکانـی کورد بکات و بەشی دادپەروەرانەی داهاتی نەوتیان پێبدرێت، ئەگەرنا شەڕی ناوخۆ ڕوودەدات. کە ڕەنگە لە کۆتاییدا لایەنە بەهێزەکان سەرکەوتوو بن، بەڵام ڕەنگـە ئەم لایەنانە ئەو ژێرخانە وێران بکەن کە پێویستن بۆ سـوودوەرگرتن و ئیستیغلالکردنی نەوت. کەواتـە ئەمە دۆخێکی مەترسـیدارە، لەبـەر ئەوەی تۆ خوازیاری شـەڕنیت چونکە ئەمە دەبێتەهۆی وێرانکردنی سـەروەتی نەوت، لەلایەکی دیکەشەوە تۆ دابەشکردنی یەکسانی داهاتـی نەوتت دەوێـت. شـەڕی ناوخۆ لە بەرژەوەنـدی هیچ لایەکدانییە، بەڵام شـەڕی ناوخۆیی ڕوودەدات ئەگەر هەمووڵایەك پەنا بۆ عەقـڵ نەبەن و داهاتی نـەوت دابەش نەکەن. ئەمەش مەترسیدارترین کێشەیە کە ڕووبەڕووی عێـراق دەبێتەوە، لەبەر ئـەوەی عێراق توانای ئـەوەی هەیە زۆر دەوڵەمەند بێت و داهاتەکەی بەشـی هەمووڵایەك دەکات ئەگەر بە یەکسانی دابەش بکرێـت، لەبەر ئەوە دەبێت خەڵکی درك بەوە بکـەن دەبێت بە هەر نرخێـك بێت خۆیان لە شـەڕی ناوخۆ لابدەن و هـۆش بێننەوە بەر خۆیـان و داهاتەکە بە یەکسـانی دابەش بکەن پێش ئەوەشـی بکەونەوە شـەڕ لەگەڵ یەکتردا. ئەگەر شەڕی ناوخۆ دروست بێت، ئەوا هەرێمی کوردستان توانای ئەوەی هەیە خۆی بپارێزێت، ئێـوە مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسـانەدا دەکەن کە خۆپەرسـتن، تەنیـا بە شـێوە مامەڵە لەگەڵ سروشتی ئینساندا دەکەن)).

لەبەشـێکی دیکەی لێدوانەکەی و سەبارەت بە چارەسـەرکردنی ئەم کێشانە لەچوارچێوەی دەسـتووری عێراقدا، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو کێشانەی ئێستا لەنێوان هەرێم و بەغدا دروست بـوون هۆکارەکەی بـۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەتی عێراق پابەند نابێت بەو دەسـتورەوە، لەم چوارچێوەیەدا و لەدرێژەی قسـەکانیدا بۆ گوڵان پرۆ فیسـۆر پاپازین وتی: (دەستووری عێراق هەمیشە مایەی کێشە بووە، لەبەر ئەوەی ئومێدەکە ئەوەبوو دەستوور لەلایەن ئەو کەسانەوە نووسـرابێتنەوە کە لە جیهان تێگەیشـتبێتن و تێگەیشـتنێکی باشـتریان هەبووە بۆ ئاییندە، بەڵام بە داخـەوە لە پرۆسـەی جێبەجێکردندا یاسا و ڕێسـاکان فەرامۆش کران. لە ڕاستیدا زۆر زەحمەتـە قەناعەت بـە خەڵك بکەیت کە بەرژەوەندی درێژخایەنی ئەوان لە جێبەجێکردنی سەروەری یاسادایە. حکومەتی ئێستای عێراق بەرێگـەی پێشـێلکردنی دەسـتوور هەوڵی بەدەسـتهێنانی ئیمتیازاتەکانیـان دەدەن، بەڵام لە مەودای دووردا کەس بـراوە نییە. زەحمەتە قەناعەت بە خەڵك بکەیت کە سـەروەری یاسا لە مـەودای دووردا دەبێتەهۆی ئەوەی هەموو لایـەك دەوڵەمەندبن، لەبری ئـەوە هەوڵدەدەن ڕاستەوخۆ دەست بەسـەر شتەکاندا بگرن. ئایا چۆن خەڵك پەروەردە دەکەیت، ئەمە پرسیارێکی زۆر قورسە)).

پرۆ فیسـۆر پاپازاین کە ماوەی ٤٠ سـاڵە دیراسـاتی مێـژووی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و ئەرمەنیـەکان دەکات و باش لەو ڕاسـتییە تێگەیشـتووە کە عێراق ناتوانێت بە یەکگرتوویـی بمێنێتەوە ئەگەر کێشـەی نێوان هەرسێ پێکهاتە سـەرەکیەکە(کورد و شیعە و سـوننە) بەشـێوازێکی کۆنفیدرالی چارەسەر نەکرێت، بەڵام ئەوەی هەتا ئێسـتا عێراقیەکان کەمتر بیریان لێکردۆتەوە مەترسی ئەو تاکڕەوییە کەسەرۆك وەزیرانی عێراق پیادەی دەکات.

## کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کێشەی هەموو عێراقە

هەتا سـەرۆك وەزیرانی عێراق بەشێوەیەکی تاکلایەنە یاسای نەوت و گازی لەئەنجوومەنی وەزیران تێنەپەڕاند، کورد ئومێدی ئەوەی هەبوو بتوانێت لەگەڵ حکومەتی عێراق کێشـەکانی دیکە بەرێگەی دیالۆگ و ئاشتیانە چارەسەر بکات، بەڵام کە گەیشتە ئەوەی سەرۆك وەزیرانی عێراق بە ئاشـکرا دەستی بەتاکڕەوی کرد، لەو خاڵەدا کورد بەدەنگ هات و مەسەلەکەش بەو جۆرە دەرکەوت کە کێشەکە لەسەر یاسای نەوت و گازە بە تایبەتی، بەڵام کێشـەکان کێشـەی هەموو عێراقـە و لەناویانـدا داخوازییەکانی کوردیشـی تێدایە، سـەبارەت بەم لایەنە شوان محەمەد تەها پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی

**شەڕی ناوخۆیی ڕوودەدات ئەگەر هەمووڵایەك پەنا بۆ عەقڵ نەبەن و داهاتی نەوت دابەش نەکەن. ئەمەش مەترسیدارترین کێشەیە کە ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە**





شوان محەمەد تەها بۆ گوڵان:

## خواستی سەرەکی کورد لە داخوازییەکانی پەلە کردنە لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و پرۆژەیاسای نەوت و غاز

لەنـاو تەلاری پەرلەمانی عێـراق بەمجۆرە بۆ پەیامنێرانی گـوڵان هاتۆتە ئاخاوتن و دەڵێت: (وەك هەمموو لایەك ئاگادارن بەم دواییانە چەند بابەتێك هاتنە پێشـەوە کە ناویان لێنرا کێشـە، بەڵام لەڕاستیدا ئەوانە کێشە نین بەقەد ئەوەی هەندێك داخوازین، داخوازیی خەڵکی «عێراق»ن و هەروەها ئـەو داخوازییانەیش هەر هەموویان تایبەت نین بـە کوردسـتان، لەلایەکی دیکە وەکو ئاشـکرایە دەستپێشـخەرییەکەی جەنابی سـەرۆك «بارزانی» ئەوە بوو ڕێککەوتنەکەی «هەولێر»ی لێ کەوتەوە، لـەو ڕێککەوتنەدا هەموو لایەنەکان لەسەر خاڵەکان ڕێککەوتن، کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنەش حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی پێکهات، هەر لەزمنی ئەو ڕێککەوتنە ئێمە پەرلەمان و سـەرۆکایەتی کۆماریشـمان هەڵبـژارد، چەند خاڵێك مـاوە لەنێوان کورد و قەوارە سیاسییە عێراقییەکان کە کێشمەکێشمی لێ کەوتۆتەوە و بابەتـەکان یەکلا نەبوونەتەوە، دیارە ئەوکات و ساتەی کە پرۆژەیاسای «نەوت و غاز» تیپەڕێندرا ئەوجا کێشـەکان هەموویان ئاشـکرابوون، هەربۆیە خەڵك پێیوایە کێشـەی ئێمە تەنیا لەسەر بابەتی نەوت و غازـە، بەڵام ڕاسـتییەکەی ئەوەیە یاسای نەوت و غاز تەنیا بەشێکی کێشـەکەیە نەك هەمووی، ئەو کێشە سـەرەکییانەی کە ئێمە لەپاش کۆبوونەوەکەمان لەگەڵ جەنابی سـەرۆك بارزانـی لە هەولێر ئەنجامدا، بەڕاستی کۆبوونەوەیەکی گرنگ بوو خاڵبەندی پیتەکان کرا، ئێمە هەموومان بە یەك دەنـگ و لە یەك ڕیزدا هەڵوێسـتی کوردمان تاوتۆکرد و هەڵوێسـتی کوردیشـمان بەرامبەر حکومەتی عێراقی یەکلاکردەوە، ئەو بابەتانە کە تاکو ئێستا بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە بریتین لە:

**یەکـەم:** کێشـەی ئەنجوومەنی سیاسـەتە ستراتیژییەکان.

**دووەم:** دانانی وەزارەتە ئەمنییەکان.

**سـێیەم:** دیاریکردنـی دەسـەڵاتەکان لـە ئەنجوومەنی وەزیران بەپێی پەیڕەوێکی ناوخۆیی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران.

هەربۆیـە ئێمە کـە دەڵێیـن «دیاریکردنی دەسـەڵاتەکان» مانای ئەوە نییە دابەشکردنی دەسـەڵاتەکان بێ بەسـەر قەوارە سیاسییەکان بەقەد ئەوەی دەبێ دەسەڵاتەکان دیاریبکرێ.

وەك لایەنی کوردیش سەرەتا ئێمەیش تەنیا دوو داواکاریی زۆر گرنگمان هەن کە دەسـتوورین، یەکێکیان پەلەکـردن لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، دووەم: پرۆژەیاسـای نـەوت و غـازە، کە زیاتر لە پێنج سـاڵە ئەو پرۆژەیاسـایە لە ئەنجوومەنی وەزیرانی «عێراق» ئاوا ماوەتەوە، دواتر بەشـێوەیەکیان «دەربازکـرد» کە ڕەنگە بڵێین جێگەی هەڵوەسـتەکردن بێت، ئێمە لێرەدا داوای جێبەجێکردنی دەستووری عێراقی دەکەین، دەستووری عێراقی ماددەی ١١٢ بڕگەی دووەم دەڵێت: «ڕەسـمکردنی سیاسەتی نەوت و غاز لە «عێراق»دا حکومەتی عێراقی پێویسـتیـ بـە ڕا وەرگرتنە، دەبـێ حکومەتی عێراقی و هەرێمەکان و پارێزگاکان ڕەسمی ئەو سیاسەتە بکەن» چونکە داهاتی ئەو سەرچاوەیە پەیوەستە بە سـەرجەم خەڵك و دانیشتوانی «عێراق»، لە کۆبوونەوەکەی «سەلاحەددین» ئێمە بڕیارمان لەسـەر ئەوە دا «وەفد»ە کە دەچێتە «بەغدا» و بەرلەوەی بچێتە «بەغدا» دەبێ لە پێشـینە «بەغدا» زیاتر «دەوڵەتی یاسا» ئامادەباشی ئەوەی تێدا هەبێ کە خاڵەکانی ڕێککەوتنەکەی «هەولێـر» جێبەجێ بکا، ئینجا ئەو «وەفد»ە سـەردانی «بەغدا» بـکات، ئێمەیش بۆ ئەوە ناچیـن بگەڕێندرێینەوە بـۆ بازنەی یەکەم بۆ گفتوگۆ و لێدوان لەسـەر ئەو بابەتە، ئێمە ئەو لیژنەیـە دەچین بۆئەوەی بەدوای میکانیزمیك بگەڕێین تاوەکو ئەو ماددانەی بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە جێبەجێ بکرێنەوە، هەڵوێستی کوردی لـە دەرئەنجامی ئەو سـەردانەدا دەردەکەوێت. بەپێچەوانەی ئەوە هەڵبـژاردن لەبەردەم هەموو قەوارە سیاسییەکان و کورد-یش هەیە بۆئەوەی چ هەڵبژاردنێك هەڵبژێرین بۆئەوەی لەگەڵ ئەو حکومەتە شەراکەتە نیشتمانییە تاسەر بڕوا)).

### ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی «کەرکوك» و سەرژمێری لە «کەرکوك» مەجرای وەزعی «کەرکوك» و ناوچە دابڕێنراوەکان دەگۆڕێ



ئالا تاڵەبانی بۆ گوڵان:

## حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی ئێستای عێراق نایانەوێ ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت

وەك پەرلەمانتـار شـوان محەمەد ئاماژەی پێکرد خواستی سەرەکی کورد لە داخوازییەکانی پەلـە کردنە لە جێبەجێکردنـی ماددەی ١٤٠ کـە تایبەتە بەچارەسـەری کێشـەی ناوچە دابڕێنراوەکان، هەربۆیە لەناو پەرلەمانی عێراق پرسیارمان لە خاتوو ئالا تاڵەبانی پەرلەمانتاری لیسـتی کوردسـتانی کرد، ئەویش لەوەڵامی پرسـیارەکەی گوڵاندا هـەوکاری دواکەوتنی جێبەجێکردنـی ئـەم بابەتەی ڕوونکردەوە وتی: (بۆ جێبەجێکردنی مـاددەی ١٤٠ لیژنەیەکی جێبەجێکردن هەیە لەناو حکومەت و لیژنەیەکی بەدواداچوونیش هەیە لەناو پەرلەمان، بەڕای من حکومەتی عێراق نایەوێت هەنگاوی باش بنێت بۆ ئەم جێبەجێکردنـە، هەربۆیە جێبەجێکردنی ماددەکە لە قۆناخی یەکـەم گیری خواردووە، تەنیا ئەوەی کراوە مەسـەلەی قەرەبووکردنەوە و چەکی پارەکانە کە دراوە بەهاووڵاتیان، هەربۆیە ئەوەی ئێمە دامانابوو بە دوو سـاڵ جێبەجێ بکرێت، ئەوا ئەوە چەند ساڵە دواوە

**سیستەمی سیاسی ئێستای عێراق لە قەیرانێکی تەواو دایە و د.نوری مالیکی بارەکەی بۆ خۆی گونجاندووە لەسەر حیسابی گرووپەکانی دیکە و دامەزراوەکانی دەوڵەت**



دینس پاپازایین بۆ گوڵان:

# فیدرالیزم چارەسەری کێشەکانی عێراق ناکات بۆیە پێویستە بیر لەکۆنفیدراڵی بکرێتەوە



ئەدید داویشا بۆ گوڵان:

# مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لەوانەیە هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ ڕەفتارە دیکتاتۆرییەکانی مالیکی دابنێت

دروستکردنی لیژنەکان تا ئێستا لە قۆناخی یەکەمە و نەچووەتە پێشەوە.

خاڵی دووەم کە لیژنەی بەدواداچوونە، ئەم لیژنە پەرلەمانییە دەسەڵاتی نییە، تەنیا چاودێری جێبەجێکردنی بڕگەکانی ماددەی ١٤٠ دەکات، ئەم لیژنەیە لیژنەیەکی تازەیە و ماوەی مانگێکە دروست بووە، بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی کە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مالیکی ئیمزایان لەسەر کردووە دەبێت لە ماوەی دووساڵ ئەم لیژنەیە کارەکانی تەواو بکات، بەڵام ئەوا خەریکە ساڵێك تێدەپەڕێت ئیشێکی ئەوتۆمان نەکردووە، ئەگەر وابڕوات ساڵی داهاتووش هیچ ناکرێت، بۆیەمن پێموایە دەبێت ئێمە بیر لە میکانیزمی دیکە بکەینەوە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، یان بەناوێکی تر، چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان. بۆ ئەمەش دەکرێت ڕێی دیپلۆماتی و یاسای نێودەوڵەتی بگرینەبەر، ئەم ماددەیە کە بە ڕای ئێمە یەکێك بوو لە ڕێگەچارە زۆر باشەکان کە سەرکردایەتی سیاسی کورد حەکیمانە لە

**دەستووری عێراق هەمیشە مایەی کێشە بووە. لەبەر ئەوەی ئومێدەکە ئەوەبوو دەستوور لەلایەن ئەو کەسانەوە نووسرابێتنەوە کە لە جیهان تێگەیشتبێتن و تێگەیشتنێکی باشتریان هەبووە بۆ ئایندە**

دەستوور دابڕشتبوو، بەڵام دەرکەوت کە حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی ئێستای «عێراق» هیچیان نایانەوێ ئەم ماددەیە جێبەجێ بێت، لەبەرئەوەی بەڕاستی مەسەلەیەکی سیاسیی گەورەتر هەیە لەپشت جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠. هۆکاری سەرەکیش بە ڕاشکاوی ئەوەیە نایانەوێت کەرکوك و ناوچە دابڕێنراوەکانی تر بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، تەنانەت ترسیان لە ئەنجامدانی سەرژمێریش هەیە، ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای «کەرکوك» بەشێکە لەو ترسانەی کە هەیانە، چونکە ئەزانن ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی «کەرکوك» و سەرژمێری لە «کەرکوك» مەجرای وەزعی «کەرکوك» و ناوچە دابڕێنراوەکان ئەگۆڕێ))

## مەترسیەکانی تاکڕەوی و ئاییندەی عێراق

ئەوەی بۆتە جێگەی پرسیاری سەرەکی ئایا گەڕانەوە بۆ تاکڕەوی و دیکتاتۆری و پێشێلکردنی ڕێککەوتنەکان عێراق بەرەو کوێ دەبات؟ ئایا مەسەلەی ئاماژە کردن بۆ تاکڕەوی سەرۆك وەزیرانی عێراق مەسەلەیەکە تەنیا کورد باسی دەکات، یان حکومەتی عێراق هەنگاوی ترسناکی بەو ئاراستەیە هەڵگرتووە و دەبێت سنوورێکی بۆ دابنرێت؟ ئێمە ئەم پرسیارەمان ڕووبەڕووی پرۆفیسۆر ئەدید داویشا ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی میامی کردەوە، پرۆفیسۆر داویشا لەبەر ئەوەی بەڕەگەز عێراقیە بێجگە لەوەی چەند کتێبێکی لەسەر عێراق هەیە، یەکێکە لەو پسپۆڕانەشی لەنزیکەوە چاودێری بارودۆخی عێراق دەکات و سەبارەت بە مەترسی لەسەر دیموکراتی عێراق و مەیلی تاکڕەوی سەرۆك وەزیرانی عێراق، پرۆفیسۆر داویشا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

(سەبارەت بە ئاییندەی دیموکراتی لە عێراقدا، بەڵێ بەراشکاوی دەڵێم من نیگەرانم و پێموایە سیستەمی سیاسی ئێستای عێراق لە قەیرانێکی تەواو دایە و د.نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانیش بارەکەی بۆ خۆی گونجاندووە و لەسەر حیسابی گرووپەکانی دیکە و دامەزراوەکانی دەوڵەت، دەسەڵاتی زیاتر و فراوانتر بۆ خۆی وەدەست دێنێت، بۆیە من وای دەبینم و دەڵێم لەوانەیە بوونی هێزەکانی ئەمریکا یان مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراقدا، هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی لانی کەم بتوانێت سنوورێك بۆ ڕەفتارە دیکتاتۆرییەکانی مالیکی دابنێت، بۆیە ئەگەر هێزەکان بکشێنەوە لەوانەیە ئاستەنگی سەخت لەبەردەم پرۆسەی دیموکراتی عێراق دروست بێت و بوار بۆ بونیادی دیموکراتی لەعێراقدا نەمینێت، لەبەر ئەوەی من دەزانم ترسی پرسیارەکەی ئێوە چییە، بۆیە من وای دەبینم ئێستا عێراق لەبەردەم دوو ئەگەردایە، بەڵام هیچ کام لەم دوو ئەگەرە بۆ عێراق باشنین، بەبڕوای من ئەو دوو ئەگەرە برتین لە: یەکەمیان (یان ئەوەتا مالیکی بەتەواوەتی دەسەڵاتی خۆی فراوان دەکات و ئەمەش زەمینە دروست دەکات بۆ گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆری) دووەمیان (دەبێت کورد و شیعە و سوننەکان هاوپەیمانیەك ببەستن بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی مالیکی بگاتە بن بەست، کە ئەمەش لەوانەیە توندوتیژی لێبکەوێتەوە)، ئەگەر هەر یەکێك لەم دوو سیناریۆیە ڕوودەن، پێموایە پرۆسەی سیاسی عێراق لەباردەچێت، بەڵام هەرێمی کوردستان دەتوانێت بجووڵێت، بۆیە من وای دەبینم چ توندوتیژی سەرهەڵبدات یان بگەڕێینەوە بۆ دیکتاتۆری، ئەم دووحاڵەتە هەردووکیان دەبنە ڕەخساندنی زەمینەیەکی باش بۆ هەرێمی کوردستان و بە ئاشکرا بڵێن (بارودۆخی عێراق هیچ سوودێکی نەماوە و کێشەکان لەکۆنترۆڵ دەرچوون و ئیدی نامانەوێت بەشێك بین لەو بارودۆخە بۆگەنە، بۆیە پێموایە کە لەوانەیە ئەمە ببێت بە هەنگاوێکی یەکەم

**دوای کۆبوونەوەمان لەگەڵ جەنابی سەرۆك بارزانی هەمووومان بە یەك دەنگ و لە یەك ڕیزدا هەڵوێستی کوردمان تاوتۆکرد و هەڵوێستی کوردیشمان بەرامبەر حکومەتی عێراقی یەکلاکردەوە**



بەرەو رەفتارێکی یـەك لایەنە بۆ راگەیاندنی شـتێکی تر، شـتێکی زیاتر لـە ئۆتۆنۆمی، بۆنموونە راگەیاندنی سەربەخۆیی، گەر بیری لێ بکەینەوە دەبینیـن حکومەتی ناوەندی ئەو هێزەی نییـە کە بتوانێت رێگە لـە کوردەکان بگرێت لە وەدەستهێنانی سەربەخۆیی، مەبەستم ئەوەیە کە لەبەرئەوەی سوپای عێراقی نەیتوانیوە مامەڵە لەگەڵ ژمارەیەك لە تیرۆریسـتەکانی «قاعیدە» بـکات کەواتە ناتوانێـت مامەڵە لەگەڵ هێزێکـی رێکخراو و خـاوەن چەکی باشـتر وەك هێزەکانی پێشـمەرگە بکات، بۆیە پێموایە کە بارودۆخەکە ئاڵۆزیی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت بەشێوەیەك کە یان ئەوەیە دیکتاتۆرییەت سەرهەڵدەدات یانیش ئەوەیە گرووپەکان لەنێوان خۆیاندا بگەنە بنبەست، من پێم باشە کوردەکان بڵێن: «ئەوەندە بەسە، ئێمە دەردەچین و خۆمان ناکەین بە بەشـێك لـەم بارودۆخـە». بۆیە پەیامـی من بۆ ئێوە ئەوەیـە کە هەوڵبدەن دوو شت بکەن، یەکەمیان: هەوڵبدەن جیاوازییەکانی نێو ماڵـی خۆتان چارەسـەربکەن، دووەمیان: هەوڵبـدەن بڕیارەکانتان یەکلاکـەرەوە بن، بەڵام بەداخەوە ئەوەی ئەمڕۆ لە «عێراق» ڕوودەدات ئەوەیە کە دەبینین دیموکراسـییەت بە شێوازێك دەبینرێت وەك رێگەچارەیەك بۆ لەدەستگرتن و قۆرخکردنی دەسـەڵات، ئەو شتەیش بەداخەوە، پێشـم ناخۆشە ئەم قسەیە بکەم، بەڵام ئەو شتە سـوود بە ئایندەی دیموکراسییەت ناگەیەنێت لە «عێـراق»، هەروەهـا بـۆ یەکپارچەیی «عێراق»یش)).

لەلایەکی دیکە و سـەبارەت بە کشـانەوەی هێزەکانـی ئەمریکاش لە عێـراق و ئەگەری ئەو مەترسـیانەی لەسەر ئەم پرسە دێنە ئاراوە، پرۆفیسۆر داویشا ڕاشـکاوانە جەختی لەسەر قوڵی برینەکە کـردەوە و بەگوڵانی ڕاگەیاند: (بـەڕای من ئەگەرێکـی زۆر بەهێز هەیە کە کشـانەوەی هێزەکانـی ئەمریـکا ببێتەهۆی تێکچوونی رەوشی ئاسایش لە «عێراق»، لەبەر ئەوەی من بەخۆم ئەو قەناعەتەم نییە هێزەکانی ئاسایشـی «عێراق»، بەتایبەتـی هێزەکانی ژێر دەسـەڵاتی حکومەت، بتوانن بەرەنگاری تیرۆر بکەن و لەدژ کردەوە تیرۆریسـتییەکانی «قاعیدە» و گرووپە تیرۆریسـتییەکانی دیکە بوەسـتن، هەروەها لەدژ هەندێك لە میلیشیاکان بەشێوەیەکی سەرەکیش شـیعەکان لە «عێراق، ڕابوەسـتن و سـەقامگیری عێـراق بپارێزن، لەوانەیە پاش سـاڵێك یان دوو یان سێ بتوانن، بەڵام بۆ حاڵی حازر لەو بڕوایەدانیم حکومەتی عێراقی بتوانێت رەوشی ئاسایش لە «عێراق» کۆنترۆڵ بکات، بۆیە من لە ئەگەری ناڵەباری نیگەرانم)).

# پێوەندییەکان و هاوپەیمانێتییە سیاسییەکان لە عیراقدا



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
بۆ گوڵان نووسیویەتی

**هەبوونی مۆدێلێکی سەرکەوتووی کوردستان لە کاروانی بونیادنانەوەدا ناچێتە دڵی هێزە تائیفییەکانی کە لە عیراقدا حاکمدارن، چونکە ئەم مۆدێلە لە کۆتاییدا ڕۆڵی دەوڵەتی مەدەنی دیاریدەکات**

هەڵوەستەکردن بە بایەخێکی ئیستسنائییەوە لەسەر کۆمەڵێك حەقیقەت کە لە سالانی پێشوودا سەلمێنراون و گرنگی خۆیان هەبووە تا ئەو ڕادەیە بە هۆی غافڵ بوون و فەرامۆشکردنیانەوە نەگەینە ئاستی مەترسی و هەڕەشەلێکردن، یەکەمین شتێکیش لەم بارەیەوە بریتییە لەوەی سیاسەتی حزبەکان کە وردە وردە بەرەو فەلسەفەی کەهنووتەیی سیاسی و میکانیزمی تەکیەداری و بە ئاراستەی جڵەوگیرکردنی زۆربەی لق و پۆپەکانی حکومەت کشاون، یان وایان کردووە تاکڕەوێتی لە بڕیارە گشتییەکاندا بە شێوازێکی وا بکەوێتەوە هەموو بنەماکانی هاوبەشیبوون و شەراکەتی نیشتمانی پێ ڕەت بکرێتەوەو هیچ ڕێزێك نەهێڵێتەوە بۆ یەکبوونی نیشتمانی کە لە کرۆکیدا واتای فرەیی دەبەخشێت، فرەییەك کە ددان دەنێت بە هەمەجۆرێتیدا، هەروەها بەو سەرچاوانەی ڕێزدادەنێن بۆ هەموو جەمسەرەکانی ناو پرۆسەی سیاسی...

ئەزموونەکانیش ئەوە دەسەلمێنن کە میتۆدی پیادەکردنی داپڵۆسین و جەورو ستەمکاری سەرەتا لە ئاستەنگ دانان بۆ ئازادییەکانی مافی دەربڕینی دەڤەرێکی دیاریکراوی وڵات یان لە بەرانبەر هێزێکی سیاسی دیاریکراو دەست پێدەکات و هەر کە زاڵ بوون بەسەریدا ئیتر بازنەی دیکتاتۆری سەردەکێشێت و بەرفراوان دەبێت و بە شێوازێك بەرەوە تۆتالیتێریی دەچێت و هیچ شتێك لە پێشی خۆی بە ساغ و سەلامەتی ناهێڵێتەوە، بێگومان ئەمڕۆ ئامانجە سەرەکییەکە پێشەنگان و سەرانی هێزە دیموکراتی و لیبرالی وهێزەکانی نیشتمانی و جەماوەرەکەیانە کە بەو موحاسەسەی تیرەگەرییە ڕازی نین، لەوەشدا هەرێمی کوردستانی لێ دەربچێت جگە لەو هەرێمە ئیتر لەهەموو پارێزگاکانی عێراقدا موحاسەسە تەشەنەی سەندووە، ئەوەی لەم قۆناغە ڕوودەدات پێویستە لێرەدا بە وردی دەست نیشانی بکەین، ئەوەی ڕوودەدات ئەوەیە کە لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتیدان، کەسایەتییە سکۆلاریزمەکانی ناو لیستەکان دەکرێنە ئامانج و جگە لە گەمارۆدانیان؛ ئاستەنگیش بۆ کارایی بوونیان دروست دەکەن و بەربەستیان بۆ دادەنێن تا نەگەنە جەماوەری خۆیان، لەناو هەموو فراکسیۆنە دەسەڵاتدارەکانیشدا ئەم توخمانە هەن و ناتوانن بڕیارەکان ئاڕاستەی چوارچێوەی فراکسیۆنەکەیان بکەنەوە..

وێڕای ئەو جەنگە کوێرانەیەی کە دەکرێتە سەر توخم و ئەندامە کاراو ئیجابییەکان، چەندین هەڵمەتی واتەوات و گومڕاکارانە لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی ناوەندیی بێ پەروایانە دروست بووەو تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی بە حەقی هەندێك کەسایەتی بڕیارو سزای دادوەری دەربچوێنرێت یان تیرۆر بکرێن، دیوی پشتەوەی سیاسەتی حزبەکانی سەر بە حکومەت و سەرکردایەتییەکەیان لە بەغدا لەوەدا کۆدەبێتەوە کە پێڕەوی پیادەکردنی سیاسەتێکی بەرنامەبۆداڕێژراو دەکات بە مەبەستی دەرپەڕاندنی هێزە لیبرالی و دیموکراتی و چەپەکان و گەمارۆدانیان.

بۆ ئەو مەبەستەش هەموو هێزی خۆیان کۆکردۆتەوە تا هەموو شێوازەکانی ئازادی بیرو ڕایان لێ بلەوتێنن، ئەمە جگە لە بەرپاکردنی جەنگ و ئەنجامدانی پاکتاوکردنی جەستەیی لە دژیان کە دەستی گەیشتۆتە ئەو ئەندامانەی لە ناو فەلەکی گەندەڵیدا نین و بە تیرەگەری سیاسییەوە نەگلاون، نموونەش لەم بارەیەوە هێندە زۆرن ڕۆژانە لەزۆریدا لێیان دەڕژێت و ئاشکرا دەبن..

هەنگاوی دووەمیان لەم پیادەکردنەی سیاسەتی پاکتاوکردنەدا ئامانجەکە کورد دەبێت لە ناو کوردستانەوە، ئەوکات هێزە تائیفیە حاکمدارەکانی بەغدا بە تەنیا نابن بەڵکو چەندین هێزی هەرێمایەتی بۆ بەکارهێنانی پرۆسەی تۆڵەسەندن هاریکاریان دەبن و بە هەنجەتی کێشەکانی سەرسنوورو دەستدرێژی دروستکراوی ترەوە خۆهەڵدەقورتێنن بۆ ئەوەی سەری کوردی پێ تاوانبار بکەن و هیچ هێزێکی کوردیش لەمەدا ئیستیسنا ناکەن بەڵکو سنووری کوردستان لەلایەن وڵاتانی دەوروبەرەوە دەبەزێنرێت، بە کۆمەڵێك بیانووی بەڵگەدارو بە هەنجەت تا تاوانەکانی خۆیانی پێ پەردەپۆش بکەن، لە سازکردنی ئەم ئاهەنگی خوێنڕێژییەدا هەموو هەڵخەڵەتاوان و چەواشەکاران لەڕێی ئاسانکارییانەوە بۆ هەڵایسان و پەرەسەندنی کێشەکانی ئێستا بلیتی بەشداربوون دەبڕن..

هەبوونی مۆدێلێکی سەرکەوتووی کوردستان لە کاروانی بونیادنانەوەدا ناچێتە دڵی هێزە تائیفییەکانی کە لە عیراقدا حاکمدارن، چونکە ئەم مۆدێلە لە کۆتاییدا ڕۆڵی دەوڵەتی مەدەنی دیاریدەکات بۆ بونیادنانەوە و پێشکەوتن و خزمەتی هاووڵاتیان، ئەوەش پێچەوانەی میتۆدی کەهنوتەی سیاسی و بەرنامەکانی و جەوهەری ڕاستەقینەیەتی لە درێژەدان بە گەندەڵی و شێوازەکانی تیرۆرو تۆقاندن، لێرەدا ئاماژە بە کەسانێك دەکەین کە حزبەکانیان کردۆتە داردەست نەك ئاماژەدان بەو بزاڤ و حزبانەی کە بەرەو پرۆژە نیشتمانییەکان چوون..

ڕەنگە هەندێك لەمەدا ڕەتمبداتەوەو بڵێت جگە لە هەڵبژاردنی ڕێگەی دامەزراندنی حکومەتی هاوبەشی کردن و یەکبوونی نیشتمانی هیچ چارەسەرێکی تر بوونی نابێت، ئەوەش سەرەتا پێویستی بە دامەزراوییکردنی کارەکانە هەروەها پێویستی بەوەیە کەسەکان و فەلسەفەکانیان فەرزنەکرێن بۆ داپڵۆسین و کاروانەکەش تەتبیع بکرێت لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی سیاسەتی چەوسانەوەو ڕێگە گرتن لەوەی کەس پێی هەڵنەخلیسکێتە ناو تاکڕەوێتی و جڵەوگیرکردنی دەسەڵاتی ئیتیحادییەوە بۆ مەرامی خۆی، ئەمەش چۆن دەبێت، سەرەتا پێویستە چاوبخشێنرێتەوە بە سروشتی هاوپەیمانێتییەکاندا لە لایەکی تریشەوە

بە بەردەوامی شـــەراکەتی نیشـــتمانی لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی گەل ئەکتیڤ بکرێت، لەملاشەوە پێویستە لەســەر بنچینەی هاوپەیمانێتی میللی پشت بەستوو بە بنەمــای جۆرایەتی کار بکرێت، گەرچی هێزە لیبرالی و دیموکراتییەکان لە ناو بازنەی حوکم و بڕیاردان بەدوورن، بــەڵام جەماوەرێتییەکی وایان هەیە کە ئامادەن و لە هەر ساتەوەختێکدا بیانەوێت ئەکتیڤ دەبن..

کاروبارەکان بە پێوانەی ئەو کەسانەوە ناپێورێت کە کۆنترۆڵی دیمەنەکانیــان کردووە، بە پێودانگـــی ئەوانەش ناپێورێت کە سەرکردایەتی یەکێك لە ســـەرۆکایەتیەکان دەکەن یان دەسەڵاتی بڕیاردانی حکومییان لە چنگدایە، بەڵکو بەو بنکە جەماوەرییە دەپێورێت کە مەحسوبن لەسەریان ئەوەش بەهۆی دەنگ پێدانیانەوە بەو لایەنانەی کە فەلســـەفەو دروشمەکانی هێزە لیبرالی و دیموکراتییەکانیان دەقۆزتەوە، لەوانـــە دروشـــمەکانی دەوڵەتی یاســـاو هاووڵاتیبوون و دامودەزگایی کردن وشتی تریان بەکاردەهێنا بۆ ئامانجی تایەفەگیری خۆیان، ئەوەتا ئێســـتاش هەمان جەماوەر کە دەنگی پێ داون ڕەهەندەکانی کەهنوتەی سیاســـییان لا ئاشکرا دەبێت کە چۆن بەو دروشمانەی جێبەجێ نەکراون هەڵخەڵەتێنرابوون، لە ئەنجامدا نە داواکارییە میللییەکان و نە خزمەتگوزارییەکان و نە هیچی تریان نەبینی، بۆیە ئەو هێزە تائیفیانە ســـڵ دەکاتەوە لـــەوەی ئەو جەماوەرە دیموکراتخوازو لیبرالیخوازو کۆی هێزە مەدەنییەکەیان لە دەســـت دەربچێت و بوونی سروشـــتی خۆیان وەربگرنەوەو بڕۆنە پاڵ ئەو هێزانـــەی کە داواکاری و داخوازییەکانی گەل جێبەجێ دەکەن.

لەوانەیە لەســـەر ئاســـتی حکومی، گرتنـــە بەری ڕێی دیبلۆماسی بەبەردەوامی پێویست بێت، واتە هاوپەیمانێتی لەگەڵ حکومەتدا ئەرکێکی سەرەکی بێت بۆ بەدواداچوونی پابەندبوون بە ڕانەگرتنی ئاســـتی ئەدای دامودەزگایی حکومی، بە واتای بەردەوام بوونی ئەم هاوپەیمانێتییەی حکومەتی ئێســـتا، بەڵام ئەوەی بۆ ئەم قۆناغە نوێ بێت پێداویســـتییەکانی هاووڵاتیانە گەر بێتو پشتگوێ بخرێن بارودۆخەکە کارەساتئامێز دەردەچێت بەو شێوەیەی ئەندامە توندڕەوەکانی ســـەر بە حزبەکانی کەهنوتەی سیاســـی دەیخوازن..

یەکەمیـــن پێداویســـتی گرنـــگ لەم بوارەدا بەســـتنی هاوپەیمانێتییەکی ستراتیژییە لە نێوان بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی و هێزە دیموکراتخوازو لیبرالییەکانی ناو عیراقدا، ڕەنگە ئەمەش ببێتە ســـەنەدێکی پتەو بۆ نەگەیشـــتنی کارو ڕووداوەکان بەرەو ئاســـتێکی لەمەی ئێستا خراپتر، بـــە تایبەتیش کـــە ئەو جەنگە داپڵۆســـێنەرەی لە دژی ئازادی بیرورا بەرپاکراوە ســـەرەتایەکە نەك بۆ تاکڕەوێتی لە دەسەڵاتداو بەس بەڵکو سەرەتایەکە بۆ دیکتاتۆرییەت و ئامڕازێکە بۆ لەناوبردنی هەموو دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردســـتان و بادانەوەیە بۆ لابردنی فیدرالییەت لە دوای زەفەر پێبردن بـــە پێشـــەنگانی دیموکراتییەت و خودی پرۆسەی دیموکراتی..

هەڕەشـــەکانی (ئیسلامی سیاســـی) بە تایبەتی ئەمڕۆ لە ناو هەرێمی کوردستاندا گەورەتربوون کە لەجەوهەریدا کەهنوتـــەی سیاســـی و فەلســـەفەی توندوتیـــژی و خوێنڕشتن و دژایەتی دەوڵەتی مەدەنی و نسکۆ پێهێنانی ئاواتەکانی گەل بۆ دیموکراتییەت خۆی لەو هەڕەشانەدا حەشـــارداوە، ئەرکـــی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشـــە مەترســـیدارە دەکەوێتە ئەستۆی هێزە چەپ و دیموکراتی و عیلمانییەکانـــەوە تا پێکەوە لەگـــەڵ گەلدا بەرەیەکی یەکگرتوو دابمەزرێنن..

ئەگینا هاوپەیمانی بەستن لەگەڵ هێزە تائیفیگەرو ئەندامە نەخۆشەکانیان بەو بەرنامەو پیلانانەیانەوە کە هەیانە، نابێتە بناغەیەکی مەتین بـــۆ داهاتووی عیراقێکی فیدرالی و دیموکراتـــی بەڵکو ئەو هێزانە بنەڕەتێکن بۆ تێکدانی ئەو داهاتووەو فیدرالیەتیش شـــان بە شـــانی دیموکراتییەت نەبێت لە عیراقدا ڕێ ناکات، لەمەوە پێویستە لەو گەمە مەترسیدارە ئاگاداربینەوە کە ئەو کەسایەتی و سەرکردانە پێی هەڵدەستن کە ئێستا لەوانەیەو نزیکە بەوەی یەکێکیان لەســـەر ئاســـتێکی دامەزراوەیی ئەنجامی بدات، ئەوەش بەبەکارهێنانی تاوانی ڕێکخراو، پێکەنینی دیکتاتۆرانیش لە دڵسافی کەسانی میللی ڕزگاریخوازەوە سەدا دەداتەوە، بەڵام لە ســـاتەوەختێکدا کە کات تێپەری بێت و هەوجەی نەمابێت بۆ پەردە هەڵماڵینی ئەو لە قاقادانە حەربائییەی دیکتاتۆر..

حیکمەتـــی ئەو وتە پیـــرۆزەی پێغەمبەر لـــە بیرەوەری زیندوومانـــدا لە یـــاد نەکەین کە دەڵێت: موســـڵمان لە مۆڵگەی خۆیدا دووجار لەسەر یەکتر پێوەنادرێت، بە پەند وەرگرتن لەم وتەیە نابێت سەرلەنوێ هاتنەوەی دیکتاتۆر قبوڵ بکرێت..

ئەوەی ئەمڕۆ لە چاوەڕوانیدایە، ســـازدانی کۆنگرەیەکی نیشتمانییە بۆ هێزە مەدەنی و دیموکراتخوازەکان لەسەرخاکی کوردستان، ئەوەش بۆ گۆڕینی پاییزو زستانی عیراقە بۆ بەهـــار تا بەهەردوو باڵەوە ئـــاوات و داخوازییەکانی گەل بفڕێنێت بە ئاســـماندا، ئایا ئـــەم کۆنگرەیە بە داخوازی هـــەردوو ڕەوتی لیبرالی و دیموکراتییـــەکان لە لایەك و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لەلای ترەوە ســـازدەکرێت؟؟ یان بەهـــۆی خســـتنە فاقەوەو کەوتنەداوی ئـــەو پیلانە تاوانکارییانـــەی لەلایەن پیلانگێڕانـــەوە بۆی دەچنرێت، دوادەخرێت؟؟

بڕوام وایە سەرکردەکانی بزاڤی دیموکراتی بەڕاگەیاندنی دامەزراندنـــی ڕەوتـــی دیموکراتخوازانـــەی یەکگرتوو ڕێگەخـــۆش دەکەن بۆ ســـازدانی کۆنگرەکـــە بەهەموو ڕوونبینی و ئاشـــکرایی لە هاوپەیمانی و سەرکردایەتی و بەرنامە شـــەففافەکانییەوە، بڕواشم وایە سەرکردایەتی سیاســـی کوردســـتان ئاگای تەواوی لـــە ڕووداوەکانەو باش دەزانێت چۆن ئاڕاســـتە ڕاســـتەکان بگرێتەبەرو ئەو سەنگینیەشـــی هەیە تـــا بتوانێت بۆ ڕاســـتکردنەوەی ڕێگەکانی پرۆســـەی سیاســـی عیـــراق ڕۆڵی گونجاو ببینێت و گەیاندنی کاروانەکە بەرەو ئاڕاستەیەکی ڕاست زەمانەت بکات، لەوانەشـــە زۆر دوور نەبێت کە لە ماوەی داهاتوودا یەکتر ببینینەوە بە مەبەســـتی ئامادەســـازیی کردن بۆ بەســـتنی کۆنگـــرە نیشـــتمانییە دیموکراتییە چاوەڕوانکراوەکە.

*** سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە هۆڵەندا**

**سەرۆکی پەرلەمانی کەلتووری عیراقی لە تاراوگە**

**هەڕەشەکانی (ئیسلامی سیاسی) بە تایبەتی ئەمڕۆ لە ناو هەرێمی کوردستاندا گەورەتربوون کە لەجەوهەریدا کەهنوتەی سیاسی و فەلسەفەی توندوتیژی و خوێنڕشتن و دژایەتی دەوڵەتی مەدەنی و نسکۆ پێهێنانی ئاواتەکانی گەل بۆ دیموکراتییەت خۆی لەو هەڕەشانەدا حەشارداوە**

# ڕۆڵی میدیای کوردی لە پێناو کاراترکردنی ماددەی سەدو چلدا


عەبدولڕەحمان سدیق

سەردان و پێشوازیکردنی شاندەکانی ئەم دواییەی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان و، پێداگرتنی کوردیش لەسەر داوا دەستووریی و یاساییەکانی، لە نێویشیاندا ماددەی (١٤٠)، جارێکی دی قسەی هێناوەتە سەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە و، ئەگەری پێکهێنانی لیژنەیەکی نوێ بۆ ماددەی سەدوچل وەك هەنگاوێکی نوێ و کاریگەر بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کەماددەکە دەستوورییەو، وەك وەڵامێکیش بۆ ئەو کەس ولایەنانەی کەگومانیان لە زیندوویێتی ماددەکە هەبووە یان هەیە.

ئەم هەنگاوە دەتوانێت ببێتە پاڵپشتێکی باش بۆ لیژنەی ماددەی سەدوچل کە چەند ساڵێکە حکومەتی عێراق پێکیهێناوە.

گرنگیشە ئەم لیژنەیە فراوان بێت، بۆ فراوانکردنی ڕۆڵی ماددەی سەدوچل، بەجۆرێك کە ڕووبەری زۆر ناوچەی دیکەی عێراق بگرێتەوەو، ئاوا تەماشا بکرێت کە گرفتێکی جوگرافیی نێوخۆی عێراق چارەسەردەکات.

لێرەوە پێگەو ڕۆڵی ڕاگەیاندن کاریگەرتر دەبێت لەخستنەڕووی ماددەکە بەجۆرێکی یاسایی و ئاسایی، نەك تایبەتکردنی بەتەنیا کەرکووك و کوردەوە. بۆیە پێویستە بایەخپێدان بە ڕۆڵی میدیا زیاتر بێت لەوەی کە ئێستا هەیە، چونکە میدیا جیهانێکی فراوانە، زۆرجار کاریگەریی لەسەر دەسەڵاتەکانی دیکەش هەیەو، زۆرجاریش دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و بگرە دادوەریش پێی کارتێکراو بوونە .

کاریگەریی میدیا لەوێوە گەورە دەبێت کە میدیا وەك جارانی زوو تەنها دنیای ڕۆژنامەگەریی نییە، بەڵکو میدیا ئەمڕۆ جیهانێکی فراوانە لە ئاژانس و تۆڕەکانی هەواڵ و، ڕۆژنامەگەریی و، ڕۆژنامەگەریی ئەلکترۆنی و پەخشی ڕادیۆو تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانیەکان و، تەنانەت دراما مێژوویی و دیکۆمێنتیەکانیش.

کاریگەریی میدیا ڕۆژانە لەوانەیە جێ دەستی دەرنەکەوێت، چونکە هەر ڕۆژەو لە گۆشەیەکەوە یان بە شێوەیەك بەو ئاڕاستەیەی کە دەیەوێت شت دەڵێت، دەنووسێت، دەنوێنێت، تا سەرئەنجام لە نێو خۆ و دەرەوەدا ڕایەکی گشتی بەو ئاڕاستە دروست دەکات.

عێراق بەگشتیی و کەرکووك و ناوچە دابڕێنراوەکان بەتایبەتی، ناوچەیەکی هەستیارن بەرامبەر هەر لێدوانێك، نووسینێك، چیرۆکێك، درامایەکی مێژوویی، تەنانەت سرودێکی نیشتمانییش، بۆیە پێویستە زۆر بەجوانیی و دوور لەهەستیاریی نەتەوەیی ومەزهەبیی ماددەی سەدوچلی تێدا ڕاڤەو شرۆڤە بکرێت.

لێرەدا ڕاگەیاندنی سیاسی بەتایبەتی، کارێکە مەیدانی تاقیکردنەوە نییە، چونکە هەڵە لە ڕاگەیاندنی سیاسیدا، چارەنووسی گەلێك، مافێك، دۆزێك دەخاتە مەترسییەوە.

> **ڕاگەیاندنی سیاسی بەتایبەتی، کارێکە مەیدانی تاقیکردنەوە نییە، چونکە هەڵە لە ڕاگەیاندنی سیاسیدا، چارەنووسی گەلێك، مافێك، دۆزێك دەخاتە مەترسییەوە**

ئەمڕۆ لەهەموو ڕۆژێك زیاتر پێویستە لەبارەی ماددەی سەدوچلەوە کۆڕایەکی کوردستانیی دروست بکەین لەنێوخۆدا و، لەسەر ئاستی میدیای سیاسییمان، بۆ ئەوەی لەخستنە ڕووی ماددەکە لایەنەکانی بەرامبەر نەورووژێنین و، دەوڵەتانی دراوسێ و دۆستیش تووشی نیگەرانی نەکەین، ئەمەش دەکرێت لە ڕێگەی پێکهێنانی لیژنەیەکی میدیایی کوردستانیی تایبەت بەماددەی سەدوچل، یان دیارکردنی گوتەبێژێکی فەرمی بۆ لێدوان لەبارەی ماددەکەوە و ڕەهەندەکانی، کە ئەرکی سەرەکی بریتیی بێت لە فایل و دۆسیەی ماددەکە و، دابەشکردنی بەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستانیدا، چونکە تائێستا ئێمەی کورد، هەندێك جار لە گۆشەنیگای سۆزەوە، یان هەڵچوونەوە، یان ناحاڵیبوون لەخودی ماددەکە، زۆر جار وەك پارێزەرێکی لاواز، زیانمان لەڕەوایەتیی ماددەکە داوە.

بۆیە لێرەوە ئێمە لە ئاستی نێوخۆدا و، لە ئێستاوە پێویستیی زۆرمان هەیە بە:

یەکەم: ناسین و ناساندنی ئاستەنگە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی سەر ماددەی (١٤٠) .

دووەم: گەیشتن بە کۆ دەنگییەك بۆ چۆنیەتی نەهێشتنی ئەو ئاستەنگانە و، دۆزینەوەی سوود و بەرژەوەندیی بۆ گەلانی تورکمان و عەرەبی ڕەسەنی ناوچە دابڕێنراوەکان و، قووڵکردنەوەی کەلتوری پێکەوە هەڵکردن و، بەشداریی پێکردنیان لە پۆستە باڵاکاندا.

سێیەم: ڕەتکردنەوەی دووبەرەکی و هزری باڵادەستیی لە نێوماڵی کورد داو، هەوڵدان بۆدروستکردن و زیادکردنی دۆست و، کەمکردنەوەی نەیاران.

چوارەم: ڕوانین لە خاڵە گەشەکانی ڕابوردوو، کارکردن بۆ ئایندە و تیپەڕاندنی قۆناغە ڕەشەکانی مێژوو.

پێنجەم: کارکردن بە ئاڕاستەی هێورکردنەوە و ڕەواندنەوەی ترسی وڵاتانی دراوسێ و دەوڵەتانی پەیوەست بەفایلی عێراقەوە و، بۆ بەنیشتمانییکردنی کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان.

بەمانە و هەنگاوی دیکەی هاوشێوەیان، دەتوانرێت تاڕادەیەکی باش کۆدەنگییەکی نێوخۆیی دروست بکرێت لەبارەی باشتر جێبەجێکردنی ماددەکە بەگشت بڕگەکانییەوە.

# کێشەی نەخیب: تێکەڵ بوونی فاکتەرەکانی مەزهەب و نەوت و جوگرافیاو مێژوو

ئەگەر کێشـــەی نەخیـــب بکەین بـــە بنەمایەك بۆ وێناکردنی ئایندەی پێوەندییەکانی نێوان شـــیعەو سوننە لەعیراقدا، ناتوانین ئومێدێکی زۆر لەسەر چاکبوونەوەی پێوەندیی ئەم دوو گرووپە هەڵچنین. کوژرانی ٢٢ شیعە لە نەخیب لەسـەر دەسـتی چەکداری سـوننە، برینە کۆنەکانی کولاندەوەو دەمارگیریی مەزهەبیی تۆکمەتر کرد.


نەخیب ناوچەیەکی جێی ململانێیە لە نێوان کەربەلاو ئەنباردا. ساڵی ٢٠٠٤ لە سەروبەندی داڕشتنی ماددەی ٥٨ی یاسـای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا (ماددەی ١٤٠ی ئێستای دەستور)، شیعەکان لە دوو لاوە ویستیان ماددەکە بـۆ بەرژەوەندیی خۆیـان بقۆزنەوە، لە لایەك لـەو ڕوانگەیەوە کە ماددەکە گرفت لە نێوان سـوننەو کورددا دروسـت دەکاو هەندێ قەڵەمڕەوی جوگرافی لە ناوچە سوننە نشینەکان دەسەنێتەوە و لەلایەکی ترەوە لەو ڕوانگەیەوە کە ماددەکە دەرفەت بۆ شیعە پێکدێنێ داوای هەندێ ناوچەی قەڵەمڕەوی سـوننەکان بکەن، لەوانە نەخیب.

توندترین وتار کە شـیعەکان دوا بەدوای ڕووداوەکەی نەخیب نوسیویانە، ئەو وتارەیە کە سەجاد جەواد جەبەل لە ئینتەرنێت بڵاوی کردۆتەوە و تێیدا تەوژمێکی زۆری بە گوتاری شـیعە لە دژی سوننە داوە. وتارەکە باسی ((تەوەرەکانی ستراتیجی ئاسایشی شیعە))دەکا، نەخیب بە((درێژەپێدانی قوڵایی شیعە))دادەنێ و لەهەمووشی سەرنجڕاکێشـتر ئەوەیە کە نەخیب بـە ((داگیرکراو)) دادەنێ و داواکارە بەشـێوەیەکی ئاشـتییانە لە ماوەی مانگێکدا بگێڕدرێتەوە سـەر کەربەلا، ئەگەر نا دەبێ هانا بۆ ڕێوشوێنی چەکداریی ببرێ.

لەهەمان سایت، سەعدون شـیحان وەڵامی جەبەلی داوەوە پێی لەسەر ئەوە داگرت کە نەخیب لە سەرەتای دامەزراندنـی دەوڵەتی عیراقەوە سـەر بە ئەنبار بووەو کەس مافی داواکردنی نییە.

شـیعەو سـوننەکان بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی بیابانی نەخیب دەگەڕێنەوە سـەر مێـژوو، بەڵام هەر یەکێکیان داتای پێچەوانە پێشـکەش دەکا. پەرلەمانتار جەواد حەسـناوی دەڵێ ((هەمـوان دەزانین ناوچەی نەخیب لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو لە کەربەلا سەنراوەتەوەو خراوەتە سەر ئەنبار)). پەرلەمانتار عەلی تمیمی دەڵێ ((گەورەیی ڕووبەری پارێزگای ئەنبار پێویست بەوە دەکا کە ناوچەی نەخیب بەشێکی پارێزگای کەربەلا بێ)). محەمەد موسەویی سـەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەربەلا لەم بارەیەوە دەڵێ ((ڕژێمی پێشوو پاش ١٩٧٨ نەخیبی خستە سەر ئەنبار، ئەگەرچی نەخیب تەنها ٨٥ کیلۆمەتر لە کەربەلاوە دوورە و لەڕووی جوگرافیاشەوە کەربـەلا بۆ نەخیـب لە ئەنبار نزیکترە)). موسـەوی نایشارێتەوە ((کە چەردەیەك هۆی ئەمنی بەشێوەیەکی سەرەکی و هۆی ئابوری بەشێوەیەکی لاوەکی))لەپشت داواکردنەوەی نەخیبن.

شـیعەکان پێیان وایـە پاش ئەوەی بەغـدا هەموو بیابانەکـەی لە کەربەلا سـەندەوە، ڕووبـەری کەربەلا لـە ٨٢ هەزار کیلۆمەترەوە کـەم بۆوەو بوو بە ٥ هەزار کیلۆ مەتر. دەشـڵێن ئەنبار کە ئێستا ڕووبەری دەگاتە ١٣٨ هەزار کیلۆمەتـرو بەگەورەترین پارێزگای عیراق دادەنرێ، لەبنەڕەتدا پێویسـتی بەفراوانکردنی ڕووبەر نەبووە.



فەرید ئەسەسەرد

سوننەکان قسەی خۆیان هەیەو دەڵێن نەخیب تەنها بۆ ماوەی یەك سـاڵ سەر بە کەربەلا بووەو لەبنەڕەتدا سەر بە ئەنبار بووە. شیحان وای دەگێڕێتەوە کە نەخیب هەر لە سەرەتاوە سـەر بە ئەنبار بووەو لەساڵانی پەنجاکاندا لە ئەنبار سـەنراوەتەوەو خراوەتە سەر کەربەلا، دواتر لە کەربەلا سەنراوەتەوەو دراوەتەوە بە ئەنبار. دیکۆمێنتێك کە دەچێتەوە سەر ماوەی حوکمڕانیی جەنراڵ عەبدولکەریم قاسـم و لەم ماوەیە لە ئینتەرنێت بڵاوکرایەوەو دەشـێ بڵاوکەرەوەکان سوننە بن، پێکهێنانی ناحیەی نەخیب بۆ سـاڵی ١٩٦٠ دەگێڕێتەوەو وای دادەنێ کە لەو کاتەدا بیابانی نەخیب سەر بەئەنبار بووە. داتاکانی تر کێشەکە دەبەنەوە سـەر مەرسـومی ژمارە ٤٠٨ ساڵی ١٩٧٩ کەدەسـتکاریی سـنووری کەربەلای کردووەو نەخیبی لێ سـەندۆتەوە. ئەمە دەری دەخـا کە بیابانی نەخیب چەند جارێك دەستاودەستی پێ کراوەو هەر جارەی سەر بەیەکێ لە دوو پارێزگاکە بووە.

لـەم ڕووەوە نەخشـەکانی سـەردەمی پاشـایەتی کەربەلایەکی گەورەتر لەوەی ئێسـتا پیشـان دەدەن کە کەوتۆتـە نێـوان ڕووباری فورات و سـنووری عیراق-سـعودیە. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ناشـێ نەخیب تەنها بۆ یەك سـاڵ سەر بە کەربەلا بووبێ. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە دەشـێ کەربەلا داواکە بە ئاسـانی بباتەوە، چونکە ئەگەر مەسەلەکە بخرێتە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠وە، دەبێ دانیشتوانی نەخیب خۆیان بڕیار لەچارەنووسـی خۆیان بدەن. ئەوەی کە چانسی کەربەلا تاڕادەیەك لاواز دەکا ئەوەیە کە زۆربەی دانیشـتووانی نەخیب شیعە نین، سوننەن. بۆیە بەپێودانگی جوگرافیا (دووریی نەخیب لە ئەنبار) کێشەکە زۆرتر لە قازانجی کەربەلادایەو بەپێودانگی مەزهـەب زۆرتر لەقازانجی ئەنبار دایـە. دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بێ کە دەشـێ کێشـەکە دوورایییەکی ئابوریی هەبـێ، چونکە بەپێی زانیاریی ئەمریکییەکان لەژێـر زەویی بیابانی نەخیب و ڕوتبـە زۆرتر لە ٢٠٠ ملیار بەرمیل نەوت هەیە. ئەم فاکتەرە ئابوورییەش لێی ڕادەبینرێ کێشەی نێوان هەر دوو پارێزگا دژوارتر بکات.

# دابەزینی ئاستی زانستیی قوتابیان و کێشەکانی بەردەم پرۆسەی خوێندن

قوتابی یان خوێندکار ئەو کاراکتەرە گرنگ و ئەکتیڤەیە کە بە گەورەترین سەرمایە دادەنرێت گەر بێتوو بەشێوەیەکی زانستی و ڕێکوپێك پەروەردەو ئاراستە بکرێت، بەتایبەتی لە قۆناغی زانکۆدا پێویستە ژینگەیەکی وای بۆ دابین بکرێت تا مرۆڤێکی بەرهەمهێن و پڕ لە داهێنانی لێ دروست بێت. بۆ ئەوەی سیستەم و پرۆگرامەکانی خوێندن لەخزمەتی قوتابی بێت، پێویستە هەردوو وەزارەتی (پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی) لە ڕێگەی دارشتنەوەی پلانێکی ستراتیژی و پرۆسەیەکی بەردەوام دەست بەچاکسازی بکەن، بەڵام مادام ئامانجی کۆتایی چاکسازی لەپێناو قوتابییە هەربۆیە بێ گوێدانە خواست و پێداویستیەکانی قوتابی مومکین نییە ئەم پرۆسەیە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و لە چوارچێوەی کەموکوڕییەکان و دووبارە بوونەوەی کێشەو گرفتەکان دەرباز بین، هەروەکو چۆن ئەمساڵیش لەگەڵ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی خوێندن کێشەو گرفتەکانی چەند ساڵی ڕابردوو دووبارە بوونەوە. کاتێك مرۆڤ دەچێتە زانکۆ گەنجێك ئامادە دەکرێت بۆ پێگەیاندنی کادیری ناوەڕاست و باڵا، خۆ ئەگەر کەموکوڕی لە قۆناغەکانی بنەڕەتی هەبێت پێویستە لە ٤ ساڵی کۆتایی کە قۆناغی زانکۆیە چارەسەری ئەم کەموکورتیانە بکرێت. لێرەدا ئەو پرسیارانە دێنە پێشەوە: (ئایا زانکۆکانمان لەئاست نوێنەرایەتی ئەو چینە پێشڕەوەیە کە لەکۆمەڵگەدا نوێنەرایەتی دەکات؟ لەدۆخێکدا کە کەلێنی گەورە لەنێوان بەرپرسانی خوێندنی باڵا و مامۆستاو قوتابی و ڕێکخراوەکانی قوتابی و خوێندکاران هەبێت، دەتوانرێت ببینە خاوەنی پلانێکی زانستی ڕێکوپێك و گونجاو؟ گەر چاکسازییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لەپێناو قوتابی و بەرزکردنەوەی ئاستی مەعریفی دایە ئەی بۆچی نارەزایەتیەکانی ڕێکخراوەکانی قوتابیان و خوێندکاران کە نوێنەری زۆربەی چینی قوتابیانە تا دێت فراوانتر دەبێت؟ هەروەها نەبوونی قوتابخانەی پێویست و قەرەباڵغی پۆلەکانی خوێندن لە هەردوو قۆناغی بنەڕەتی و زانکۆدا ئەوە دەسەلمێنن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی پێویست بودجەی بۆ پەرەپێدانی خوێندن تەرخان نەکردووە، ئەی ئەوە نییە دروستکردنی کەمپی زانکۆی سەلاحەدین کە چەندین ساڵە بڕیاری بۆ دەرچووەو بووە بە شەمەندەفەرەکەی سلێمانی، ئەو پرۆژە گرنگە بۆ گرنگترین و فراوانترین زانکۆ هەر جێبەجێ نەکرا. کاتێکیش باس لە پرۆگرامەکانی خوێندن دەکرێت قسەو باسێکی زۆر دێتە پێشەوە بەوەی ئەو پرۆگرام و سیستەمانەی باسی لێوەدەکەن لەگەڵ واقیعی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری وڵاتی ئێمە ناگونجێت، هێنانی ئەو سیستەمە پێشکەوتووانەی کە لەو وڵاتە گەشەکردووانە پەیڕەو دەکرێت کە خاوەنی ئەزموونێکی دووردرێژن؟ نەبوونی ئامێرە پێشکەوتووەکانی تەکنۆلۆژیاو کەمی کۆمپیوتەرو نەبوونی تەختەی زیرەك و داتاشۆ و دابین نەکردنی کۆمەڵێك کتێبی نوێ و سوود وەرنەگرتن لە تاقیگەکان، هەمووی بوونەتە هۆی تەواونەبوونی «پرۆگرامە پێشکەوتووەکانی خوێندن».



## فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی قوتابیان و خوێندکارانی کوردستان کە نوێنەرایەتی ١٤ ڕێکخراوی مەدەنی دەکەن دەتوان بەرگری لەمافەکانی قوتابیان بکەن؟

عیرفان عەزیز سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان سەبارەت بە ڕۆڵ و ئامانجی ڕێکخراوەکە پێیوایە: یەکێتی قوتابیان لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بۆ بەرگریکردن بووە لە مافەکانی قوتابیان و هەوڵی جددی داوە بۆ ئەوەی بتوانن مافەکانی قوتابیان بەرجەستە بکەن، لەمبارەیەوە وتی: یەکێتی قوتابیان لە هەر قۆناغێکدا بەپێی ئەو سەردەم و بارودۆخەی هەبووە کاری کردووە تا ساڵی ١٩٩١ بە بەردەوامی لە ریزی پێشمەرگە بوون و لەم ڕێگەیەدا دەیان شەهیدیان داوە، لە دوای ڕاپەڕین گۆڕانکاری لە کارو بەرنامەو هەوڵەکانی یەکێتی قوتابیان ڕوویدا و دوایین هەوڵەکانمان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانست و خوێندن و فێرکردن بووە، ئەمە بێجگە لە بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی و پاراستنی خاک کارمان کردووە، ئەمڕۆکە ژمارەی

## داوا دەکەم پرۆژەکەی چاکسازی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەردوو بواری پەروەردە و خوێندنی باڵاش بگرێتەوە

ئەندامانمان بەگشتی ٢٢٤ هەزار قوتابییە، هەوڵمانداوە لەسەر دوو تەوەر بەجددی ئیش بکەین، یەکێکیان لەسەر مەسەلەی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستە لە هەموو قۆناخەکانی خوێندن، دووەم بەهێزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی و ئینتمایە بۆ سەروەری و پاراستنی خاکی کوردستان، ئەوەی کە گرنگە و هەنگاومان بۆ ناوە توانیومانە پێوەندیەکانمان لەگەڵ زانکۆ و ڕێکخراوەکانی ئەمریکا و ئەورووپا دروست بکەین، ئەمڕۆ لەگەڵ دەیان ڕێکخراوی قوتابیان و زانکۆکانی ئەو وڵاتانە پێوەندی بەهێزمان هەیە، هەر بەهۆی ئەو پێوەندیانەیە بەدەیەها قوتابی بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕەوانەی زانکۆکانی ئەمریکا و ئەورووپا کراون و چەند مامۆستا و نوێنەری زانکۆکانی دەرەوەمان هێناوەتە کوردستان بۆ ئەوەی زانکۆکانی کوردستان و قوتابیانی زانکۆ سوودیان لێوەربگرن، هەروەها ئەگەر بێینە سەر هەوڵەکانمان لەبارەی بە هێزکردنی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری دەیان نموونەمان هەیە، هەر لەمانە لەسەر تۆپبارانەکانی سنوور و خاکی هەرێمی کوردستان لەلایەن تورکیا و کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵوێستمان هەیە و نەمانهێشت خوێندن لەم سنوور و ناوچانە دابېرێت و چەندین پێداویستی خوێندنمان بۆ قوتابیەکان دابینکردووە، هەروەها لەکاتی کارەساتە خوێناویەکان و تەقینەوە تیرۆریستیەکاندا بە دڵ و گیان و خوێن ئامادەبووین.

## لەسەر تۆپبارانەکانی سنوور هەڵوێستمان هەیە و نەمانهێشت خوێندن لەم سنوور و ناوچانە دابېرێت و چەندین پێداویستی خوێندنمان بۆ قوتابیەکان دابینکردووە

### کێشەکانی قوتابیان و پرۆسەی خوێندن و فێرکردن ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاد دەکات

سەبارەت بەکێشەی قوتابیان بە تایبەتی بۆ ئەمساڵ سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان وتی: کێشەیەکی یەکجار زۆر هەیە و خەریکە کێشەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش زیاد بکات، ئەگەر لە قۆناخی بنەڕەتی دەست پێ بکەین چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا قوتابیانی قۆناخی ٩ ئەوانەی کە دەرنەچووبوون کە زۆربەیان نمرەکانیان ٤٨ و ٤٩ بوو و ئەوانەش نزیکەی ١٧٠٠ قوتابی دەبوون، داواکاری و یاداشتنامەیەکیان دا بە ئێمە و ئێمەش بە نووسراو یاداشتنامەکەمان بۆ وەزارەتی پەروەردە بەرزکردەوە، لە ئەنجامدا وەزارەتی پەروەردە بە دەنگ داواکارییەکەمان هاتوو دوو نمرەی کردە دیاری بۆ ئەو قوتابیانەی کە وانەیەکیان ٤٨ بووە و بۆ ئەو قوتابیانەش کە دوو وانەیان ٤٩ بوو، بەم بڕیارەش توانرا ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، هەروەها کێشەیەکی تر کە بەشێکی زۆر لە قوتابیانی قۆناخی ١٠ و ١١ لە یەك وانە دەرنەچوونە و ساڵی پار بۆیەک وانە پەرینەوە هەبوو ئەو قوتابیانەش دیانەوێت بۆ ئەمساڵیش پەرینەوە هەبێت و بۆ ئەو مەبەستەش داواکاریمان بەرزکردۆتەوە، چونکە ئەو کێشەیە گەورەیە و لە سەرتاسەری کوردستان قوتابی لەمجۆرە هەیە، بەتایبەتی لە ناوچەی سلێمانی، هەروەها چەندین کێشەی تریش هەیە کە پێویستە چارەسەر بکرێت، ئێمە ڕاوبۆچوونمان لەگەڵ قوتابیانە و من خۆم لە پێناو بەرژەوەندی قوتابیان ئامادەم بەیەکەم کەس بم بۆ خۆپیشاندان بچمە سەر شەقام و، بەڵێن دەدەین بە قوتابیان کە هاوکاری سەرەکی و ڕاستەوخۆیان بین.

### ساڵی ڕابردوو ١٠ هەزار قوتابی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان وەرنەگیران

سەبارەت بەکێشەکان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا دەنگۆی ئەو لێدوانانەی بەرپرسانی وەزارەتەکە هەبوو

## وەزارەتی پەروەردە بە دەنگ داواکارییەکەمان هاتوو دوو نمرەی کردە دیاری بۆ ئەو قوتابیانەی کە وانەیەکیان ٤٨ بووە و بۆ ئەو قوتابیانەش کە دوو وانەیان ٤٩ بوو

کە گوایە ئەو خۆپیشاندانانەی قوتابیان دەیکات مەرامی سیاسی لە پشتە، سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان وتی: لە وەزارەتی خوێندنی باڵا کێشەکان زۆرن و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش کێشەکان لە زیادبوونە، بە حوکمی ئەوەی ساڵی ڕابردوو ١٠ هەزار قوتابی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان وەرنەگیران، بەڵام ئێمە وەکو یەکێتی قوتابیان جددی بووین لەوەی کە دەبێت ئەو قوتابیانەش لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەربگیرێن، بەڵام ڕای ئێمە بەهەند وەرنەگیرا لەم گرفتەدا و داخوازی قوتابییەکانیش پشتگوێخرا، هەر بۆیە وەکو ڕێکخراوەکانی قوتابیان خۆپیشاندانمانکرد و نکۆڵیش لە خۆپیشاندانەکانی خۆمان ناکەین، بەڵکو شانازی پێوە دەکەین، ئەگەر دووبارەش بێتەوە ئامادەین خۆپیشاندان بکەینەوە، هەروەها ئێمە لە پێناو قوتابیان کارو ئیشی خۆمان دەکەین.

### تەنیا لەیەك ڕۆژدا ١٨ یاداشتنامەو داواکاری جیاجیای قوتابیانمان بەدەست گەیشتووە

سەبارەت بەو کێشانەی کە قوتابیان هەیانە لەگەڵ وەزارەتە پێوەندارەکان و ڕۆژانە چەند قوتابی پێوەندیتان پێوە دەکەن بۆ ئەوەی کێشەکانیان وەکو ڕێکخراوێکی پیشەیی پێوەندار بۆیان چارەسەر بکەن و هەڵوێست وەربگرن، سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان وتی: ڕۆژانە بەردەوام داواکاری و

## بە دەیەها قوتابی بۆ درێژەدان بە خوێندن لەلایەن ڕێکخراوی قوتابیانەوە ڕەوانەی زانکۆکانی ئەمریکا و ئەورووپا کراون و چەندین مامۆستا و نوێنەری زانکۆکانی دەرەوەمان هێناوەتە کوردستان

ناڕەزایی قوتابیانمان پێ دەگات، هەر ئەمڕۆکە ١٨یاداشتنامە و داواکاری جیا جیای قوتابیانمان لەسەر کێشەکانیان بە دەست گەیشتووە، یەکێك لەو بابەت و کێشانەی لەم ١٨ یاداشتنامەیەدا هاتووە کە ژمارەیەکی زۆری قوتابی لە قۆناخی چوارەمی زانکۆ لە یەك وانە ماونەتەوە و لەسەر نەبوونی بەشی ناوخۆییە، لێرەدا هەندێ کێشەی بەرچاو و زەقەکانی قوتابیانی زانکۆ دەخەمەڕوو، ئەمساڵ ٣٥ هەزار قوتابی لە قۆناخی ١٢ دەرچوون و خۆیان ئامادە کردووە بۆ پێشکەشکردنی زانکۆ و پەیمانگاکان و ٧ هەزار قوتابیش ساڵی ڕابردوو وەرنەگیرابوون، لەم ٣٥ هەزار قوتابیە حکومەت بڕیاریداوە ٢٦ هەزاریان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی حکومی و ٦ هەزاریش لە زانکۆکانی ئەهلی وەربگیرێن، واتە بەگشتی ٣٢ هەزار قوتابی ئەمساڵ لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەردەگیرێن، کەواتە ئەمساڵیش ٣ هەزار قوتابی وەرناگیرێن و ٧هەزاری ساڵی ڕابردووش ماوە، واتە ئەمساڵ دەبێتە ١٠ هەزار قوتابی وەرناگیرێت.

ئەمە جێگەی نیگەرانییە بە گوێرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان. کێشەی وەزارەت لەوەدایە هەرچییەکی لەبارەی قوتابیان دەکەن پرس بە قوتابی و ڕێکخراوەکانی قوتابیان ناکەن، ئەگەر لەمبارەشەوە بیرکردنەوەی سیاسیش هەبێت، ئەوە ئێمە فیدراسیۆنی قوتابیانمان هەیە، ئەوە دەتوانن لەگەڵ فیدراسیۆن دابنیشن و گفتوگۆ لەسەر بەرنامە و کێشەو گرفتەکان بکەن و چارەسەری پێویست بدۆزنەوە، گەرچی وەزارەت نەك لەگەڵ فیدراسیۆن دانەنیشتووە، بەڵکو هیچ پرسێکیشیان پێ نەکردوون و تەقەبولی ڕاوبۆچوونەکانیشان ناکەن.

### نەبوونی بەرنامەو پلانی زانستی

سەبارەت بەوەی بۆچی ماوەی دوو، سێ ساڵە ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەرناگیرێن، سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان وتی: هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بەرنامە و پلانێکی زانستی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە، هاوکات ڕاوێژ بە قوتابیان و ڕێکخراوەکانی قوتابیان ناکرێت، بە یەك لایەنی و تاکڕەوەی

**بەرزکردنەوەی ئاستی زانست و هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی ئامانجی سەرەکی ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستانە**

کارەکان ئەنجام دەدەن لە کۆتاییدا ئەو کێشەو گرفت و پاشاگەردانییە دێتە پێشەوە و لەمەش زەرەرمەندی یەکەم هەر قوتابییە کە چەند ساڵی خوێندووە و دوارۆژەکەی دیار و ڕوون نییە.

### زانکۆ ئەهلیەکان کێشەیان لەگەڵ خوێندنی باڵا هەیە

سەبارەت بە کێشەی زانکۆ ئەهلیەکان کە قوتابیان زۆر لە دەستیان دەناڵێنن، سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان وتی: زانکۆ ئەهلیەکان بەتایبەتی زانکۆی دجلە و شاهانەی بەریتانی کێشە و گرفتیان لەگەڵ خودی وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە، قوتابی هیچ گوناهێکی نییە بخزێنرێتە ناو ململانێکانەوە، بەڵکو ناهەقیش لەم زانکۆیانە لە قوتابی کراوە، لە ڕێبەر نووسراوە قوتابی دەتوانێ بۆ زانکۆی شاهانەی بەریتانیش پڕ بکاتەوە و قوتابیش لە سەر ئەم ڕێبەرە فۆڕمی پڕکردۆتەوە و پارەی خۆشی داوە، لە پاشان دەوام دەستی پێکردووە ئینجا وەزارەت لە مانگی ١١نووسراوێکی بۆ شاهانە ناردووە کە دەبێت ناوت بگۆڕیت و ئیعتراف بەو ناوە ناکەین، بێگومان لەو کاتەشدا زانکۆی ناوبراو ناوی نەگۆڕی، لە ئەنجامدا قوتابیان بوونە قوربانی ئەم کێشە و ململانێیە و خۆشیان شاهێدی ئەمە دەدەن، دوای ئەوەی هەوڵێکی جددیماندا تازە بە تازە بەشێك لە مافی قوتابی گەڕاوەتەوە کە قوتابی بتوانێ بچێتە زانکۆیەکانی تری ئەهلی.

**یاداشتنامەو داواکاریەکی یەکجار زۆر لەلایەن ئەو قوتابیانەی وەرنەگیراون دەگاتە لامان و ئێمە ڕامانگرتوون دەنا ئەو قوتابیانە بە خانەوادەکانیانەوە ئامادەن بێنە سەر شەقام**

### مەسەلەی سیاسی و حزبی خزاوەتە ناو زانکۆ

سەبارەت بە بوونی دەست تێوەردانی حزبی لە ناو زانکۆکان و چی بکرێت بۆ ئەوەی هیچ حزب و لایەنێك دەست لەکاروباری قوتابیان وەرنەدات، سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان وتی: دەستێوەردانی حزبی لە ناو زانکۆ و پەیمانگاکان هەیە، مامۆستا هەیە لە ناو پۆلەکاندا لە کاتی وانە گوتنەوە ئەوەندەی ڕەخنە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵات دەکات ئەوەندە باسی بابەت و وانەکەی ناکات، لەمبارەوە بە دەیان نموونە لە هەموو زانکۆکانی کوردستان هەیە، بەم شێوازە هەوڵدراوە مەسەلە حزبی و سیاسییەکان بخەنە ناو زانکۆ و هزر و ژیانی قوتابیان، ئەم بارودۆخە پەروەردەشی گرتۆتەوە، ئەمەش کار و دیاردەیەکی زۆر مەترسیدارە بۆ دوارۆژی نەوەکانمان کە لە بابەت و واقیعە ڕاستەقینەکە دوور دەکەونەوە و ئاستی زانست و تەکنۆلۆژیا و خوێندن و پەروەردە زۆر دادەبەزێت، بۆیە لێرەدا داواکارم وەکو یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە حکومەت بەتایبەتی لە ڕێزدار جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان کە زۆر بە جددی ئیش لەسەر ئەوە بکەن کە دەستی سیاسی لەناو زانکۆ و پەیمانگاکان و قۆناخەکانی پەروەردە دوور بخەنەوە.

### ئەمساڵ ٦٠٠ قوتابی بێ بەش دەبن لە بەشی ناوخۆی

وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا ڕێکخراوەکانی قوتابیان لەسەر بەرگریکردن لە قوتابیان لەسەر کێشەکانیان تۆمەتباریان دەکەن، لەمبارەوە سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان وتی: ئێمە تەنیا بەرگری لە ماف و هەقی قوتابیان دەکەین، ئێمە لەپێناو بەرژەوەندی ئەوان دروست بووین، هەر بۆیە قوتابیان یەکێتی قوتابیانی کوردستان بە ماڵی خۆیان دەزانن و لە بچووکترین و گەورەترین کێشە و گرفت هانا بۆ ئێمە دێنن، لەو کاتەدا پێویستە زۆر بە پەلە کاریان بۆ بکەین و هەڵوێست وەربگرین.

**هیچ پێویست ناکات مامۆستایەك بێت لە ناو پۆل لەبەردەمی قوتابیانی زانست و بیر و هزر وانەی حزب و سیاسەت بڵێتەوە**

قەت نابێت بەو هەموو ئیمکانیات و بوودجە زۆرەی کە حکومەت هەیەتی، ئینجا بڕیار دراوە ئەمساڵ بەشی ناوخۆیی بۆ قوتابیانی کۆلێژەکانی ئێواران نەبێت کە بەمەش تەنیا لە زانکۆی سەلاحەدین ٦٠٠ قوتابی بێبەش دەبن لە بەشی ناوخۆیی.

### مافی خۆمانە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا نوێنەرمان هەبێت

سەبارەت بەوەی لە دانانی بەرنامەو پلانەکانی هەردوو وەزارەت وەکو ڕێکخراوێکی بەرفراوانی قوتابیان تا چەند پرس بەم ڕێکخراوەو تەواوی فیدراسیۆنەکە دەکرێت؛ سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان وتی: ئێمە نوێنەرمان لە زانکۆکان هەیە، بەڵام ئەوەی بڕیاری لێ دەردەچێت وەزارەتی خوێندنی باڵایە، ئێمە لە وەزارەت نوێنەرمان نییە و بە هەقیش بێت دەبێت ئێمە لەوێش نوێنەرمان هەبێت، چونکە ئێمە لە هەڵبژادنەکان لە ساڵی ٢٠٠٣، ٢٠٠٤ لە هەولێر و دهۆك براوە بووینە و زۆرترین قوتابی دەنگی پێداوین.

### کەمپی زانکۆی سەلاحەدین بۆتە شەمەندەفەرەکەی سلێمانی

سەبارەت بە کەمپی زانکۆی سەڵاحەدین سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان وتی: زانکۆی سەڵاحەدین یەکێکە لە کۆنترین زانکۆکانی

**لەدانانی بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیار و ڕاگر ئەوەندەی ڕەچاوی حزبایەتی دەکرێت ئەوەندە ڕەچاوی پسپۆڕایەتی و شارەزایی و لێهاتوویی ناکرێت**

هەرێمی کوردستان تا ئێستا بینایەی کۆلێژەکانی بەپێی پێویست نییە، هەروەها کێشەی وەرنەگرتنی قوتابیان بەتەواوی زیاتر بۆ نەبوونی شوێن و بینایە دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش چەند ساڵە شوێن و دیزاین و ئامادەباشی هەیە بۆ دروستکردنی کەمپی زانکۆی سەڵاحەدین، کەچی هەر دوا دەکەوێت، هەموو ساڵێکیش دەڵێن بودجەی بۆ تەرخانکراوە، کەچی لە واقیعدا دەبینین هیچ هەنگاوێك لەمبارەوە نەنراوە و من گومانم لەوە نییە تاوەکو ئەم کەمپە بۆ زانکۆی سەڵاحەدین دروست نەکرێ ئەوە کێشەی وەرگرتنی قوتابیمان هەر دەمینێت.

### ژمارەیەکی زۆر زەمالەی خوێندن لە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپی وەرگیراوە

سەبارەت بە بەرنامەی تواناسازی، سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان وتی: بەرنامەی تواناسازی یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی بەرنامەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی، ئەم بەرنامەش یەکێکە لەو کار و ئیشە باش و گرنگانەی کە ڕەوتی زانست و کادیری بەتوانا بۆ زانکۆکان لەبواری جیاجیادا ئامادە دەکات، کە بڕیارە بەپێی بەرنامەکە

**كاركردن بە پلانی پێشوەختەو نەبوونی تێڕوانینێكی دیارو ئاشكرا لە زانكۆ یەكێكە لەكێشەكانی تر كە پەیوەندی بە داهاتووی وڵاتەكەمان هەیە**

ساڵانە هەزار قوتابی بچنە دەرەوە و خۆشبەختانە دوو ساڵە حكومەتی هەرێم ئەو پرۆژەیە جێبەجێ دەكات، ئێمەش لەمبارەوە لەدوای كۆنگرەی ١٣ پارتی دیموكراتی كوردستان زۆر بەجدی كار لە سەر ئەم بەرنامە و پرۆژەیە دەكەین، ئێمە وەكو یەكێتی قوتابیانی كوردستان تائێستا توانیومانە ژمارەیەكی زۆر زەماڵەی خوێندن لە ئەمریكا و وڵاتانی ئەورووپی وەربگرین، هەر بۆ نموونە تەنیا بۆ ئەمریكا ١٩٠ قوتابیمان ناردووە و ٥٠ قوتابیشمان بۆ پۆلۆنیا ناردووە و بۆ چەندین وڵاتی تریش لە بەرنامەماندایە.

### داوامانكردووە دەرماڵەی قوتابیانی زیاد بكرێت

سەبارەت بە زیادكردنی دەرماڵەی قوتابیانی زانكۆ و پەیمانگاكان و هاوكاریكردنی ناوچە دابڕێنراوەكان، سكرتێری یەكێتی قوتابیانی كوردستان وتی: ساڵی ڕابردوو پەراوگە و هەندێ پێداویستی تری قوتابیانمان بۆ ٤٠٠٠ قوتابی ناوچە دابڕێنراوەكان دابینكرد، هەروەها ئەمساڵ دەڤەری قەزای شێخانمان بەسەركردەوە ئەو قوتابیانەی هەژاربوون پەراوگە و جانتامان بۆیان دابینكرد و لە ناوچەكانی چیای قەندیل و ئەو سنوورانەی كە تۆپبارانیان لەسەر بوو تا ئێستا پەراوگە و هەندێ پێداویستی ترمان بۆ ١٧٠ قوتابی دابینكردوە و چەند بەرنامەیەكی ترمان لەبەردەستە بۆ قوتابیانی كەمدەرامەت و نموونەییەكان كە مانگانە هاوكاریان بكەین. هەروەها ئێمە لە وەرگرتنی قوتابیانی كوڕ و كچانی شەهید و ئەنفالكراوەكان بە هاوكاری وەزارەتی شەهیدان، هاوكاری و ئاسانكاریمان بۆیان كردووە و لەڕووی داراییش بەهەمان شێوە و ئەمانە زۆر لەمەش شایستەترن. هەروەها بۆ زیادكردنی دەرماڵەی قوتابیانی زانكۆ و پەیمانگاكان هەوڵی باش دراوە و نووسراومان بۆ پەرلەمان كردووە كە دەرماڵەی قوتابیان زیاد بكرێت لەمبارەشەوە سەرۆكایەتی پەرلەمان یاداشتنامەكەی پەسندكردووە.

### هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردە گرفتارن بە دەست كۆمەڵێك گۆڕانكاری كە لە سیستەمەكەوە كراوە

هەر سەبارەت بەو كێشەو گرفتانەی كە ساڵانە دێتە بەردەمی قوتابیان بەتایبەت لە زانكۆ و پەیمانگاكان، بورهان موزەفەر سكرتێری ڕێكخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی كوردستان وتی: دیارە كێشەكانی قوتابیان زۆرە و كێشەكانیش هەموو ساڵێك دووبارە دەبنەوە، گرفتەكان لەهەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردە هەیە، ئەم دوو وەزارەتە گرفتارن بەدەست كۆمەڵێك گۆڕانكاری كە لە سیستەمەكەوە كراوە، بەشێكی پەیوەستە بەوەی كە زەمینەسازی نەكراوە بۆ ئەو گۆڕانكاریانەی كە قوتابی بتوانێ تێیدا بحەسێتەوە لە هەردوو (وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردە)، هەر بۆ نموونە كەمپی زانكۆی سەلاحەدین كە چەند ساڵە بڕیارە دروست بكرێت تا ئێستا نەكراوە و كەمپی سلێمانی و كۆیەش تەواو نەكراون، ئەم كەمپانەش كاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر چەند بوارێك هەیە كە ئەمڕۆ گرفتن، گرفتەكانیش وەكو وەرنەگیرانی ڕێژەی تەواوی قوتابیان لە زانكۆ و پەیمانگاكان و نەبوونی پۆل و هۆڵی شیاو بۆ وانە وتنەوە و نەبوونی هۆڵەكانی تاقیگە و ڕاهێنان و سیمینار و كۆنگرە زانستی و پەروەردەییەكان... تاد، زانكۆ و كۆلێژە ئەهلییەكان بە شاهێدی وەزیری خوێندنی باڵا لەلایەنی كوالیتی و پرۆگرام و ماوەی خوێندن و.. تاد هیچ كەموكوریان نییە، گەرچی لەسەر هەندێ شتی سەرەتایی و نەبوونی هەندێ مەرجی خوێندنی باڵا كێشەیان دروست دەبێت كە تەنیا



عیرفان عەزیز بۆ(گوڵان):

## زانكۆی دیجلە و شاهانەی بەریتانی كێشەیان لەگەڵ وەزارەت هەیە نابێت قوتابی بكرێتە قوربانی ئەو كێشەیە

كراوە یا، هەر بۆیەش گۆڕانكارییەكان ئامانجی خۆیان ناپێكن، من لەگەڵ ئەوەم كە گۆڕانكاری لە سیستەمی خوێندن بكرێت، بەڵام بە شێوەیەك كە تەریب و گونجاو بێت لەگەڵ ئەو گۆڕنكاریانەی كە لە جیهان كراوە، بە مەرجێك زەمینەسازی بكرێت بۆ ئەو گۆڕانكاریانە، بۆ نموونە لەگەڵ سیستەمی نوێ دەبێت كەشوهەوای ناو پۆلەكان لەبارو شیاو بێت بۆ قوتابی، بەڵام كە تەماشا دەكەین ئەمە وانییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پلان بۆ گۆڕانكارییەكان لە سیستەمی خوێندن وەكو پێویست دانەنراوەو تاكرەوانە كار كراوەو ڕاو پێشنیارو داواكاری نوێنەری ١٤ ڕێكخراوی قوتابیان وەرنەگیراوە.

### قبوڵی تایبەت لە زانكۆكان كۆمەڵێك مامۆستای هێناوەتە پێشەوە

سەبارەت بەو كێشەو گرفتانەی ڕووبەڕووی قوتابیان بۆتەوە سكرتێری ڕێكخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی كوردستان وتی: دەتوانین كێشەكان لەمانە چڕ بكەینەوە: نەبوونی شوێنی گونجاو قوتابی لەم نێوانەدا زیانمەند دەبێت، هەروەها یەكێك لە كێشەكان دەستتێوەردانی حزبیە لەناو زانكۆ و پەیمانگا و قوتابخانەكانی خوێندنی پەروەردەش، تا ئێستاش لەدانانی بەڕێوەبەر و سەرپەرشیار و ڕاگر ئەوەندەی ڕەچاوی حزبایەتی دەكرێت ئەوەندە ڕەچاوی پسپۆڕایەتی و شارەزایی و لێهاتوویی ناكرێت، هەروەها قبوڵی تایبەت لە زانكۆكان كۆمەڵێك مامۆستای هێناوەتە پێشەوە كە ناتوانن خزمەت بە بواری زانست و پێشكەوتن و ناوەندەكانی خوێندن بكەن، لەبەر ئەوەی هەقی ئەوەیان نەبووە بگەنە ئەو ئاست و پلەیە، كەمی میلاكات بە تایبەتی وانە زانستیەكان كاریگەری خراپی لەسەر پرۆسەی خوێندن و پەروەردە هەیە بۆ نموونە دەبینین لەهەندێ قوتابخانە یەك مامۆستای بیركاری نییە، گەرچی لە هەمان قوتابخانە ٦ مامۆستای كۆمەڵایەتی هەیە، لە زانكۆش بەهەمان شێوەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پلان لە زانكۆكان و وەزارەتی خوێندنی باڵا. هەروەها كاركردن بە پلانی

**وەكو فیدراسیۆنی ڕێكخراوەكانی قوتابیان جارێك لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵا كۆبووینەوە تەنیا نیو كاتژمێری بۆ تەرخانكردین، لەم ماوەیەش ئێمە ١٥ خولەك قسەمان كرد و خۆشی وەزیر ١٥ خولەكەكەی تر قسەی كرد**



بورهان موزەفەر بۆ(گوڵان):

# پلان بۆ گۆڕانكارییەكان لە سیستەمی خوێندن وەكو پێویست دانەنراوەو تاكڕەوانە كار كراوەو ڕاو پێشنیارو داواكاری نوێنەری ١٤ ڕێكخراوی قوتابیان وەرنەگیراوە

**چارەسەری گرفتەكانی پرۆسەی خوێندن بەنجكردنە**

سـەبارەت بـە ناڕەزایەتییەكانـی قوتابیانیش سـكرتێری ڕێكخراوی گەشـەپێدانی قوتابیانی كوردسـتان وتـی: قوتابیان گلەیـی و گازاندە و ناڕەزاییەكـی زۆریـان هەیە، ڕەنگـە لە ڕۆژانی داهاتـوو بەتایبەتی پاش ئـەوەی قوتابیانی پۆلی ١٢ نمرەكانیـان وەردەگرنەوە ناڕەزاییەكانی قوتابیان زۆر زیاد بكات بەپێی ئـەوەی كە ڕۆژانە لەلایەن قوتابیانەوە یاداشـتنامەمان بۆ دێـت و لەگەڵیان كۆدەبینەوە، ئێمە ئەو یاداشـتنامە و داواكاریانەی قوتابیان دەگەیەنینـە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، لەسـاڵی تازەش گرفتەكان وەكو خۆی دێتەوە پێش، كەواتە چارەسـەری گرفتەكانی پرۆسـەی خوێندن وەكو تەخدیرێك وایە دەدرێت بە نەخۆشـێك لــە پاش چەند كاتژمێرێك كــە توانا و كاریگەری دەرمانەكــە نەما ئازارەكــە زۆر زیاتر دەبێت، بۆیە پێویسـتە وەزارەتی خوێندنی بــاڵا و پەروەردە بۆ هەمــوو گرفت و كێشـەكان بــە بەرنامەو پلان و

مامەڵەمان كردووە و بەشێكیش وەزارەتی خوێندنی بــاڵا و شەخســی وەزیر بووە، وەكو فیدراسـیۆنی ڕێكخراوەكانــی قوتابیان جارێــك لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵا كۆبوویــنەوە تەنیا نیو كاتژمێری بۆ تەرخانكردین، لەم ماوەیەش ئێمە ١٥ خولەك قسەمان كرد و خۆشــی وەزیر ١٥ خولەكەكەی تری قسەی كرد، هەر لەم كۆبوونەوەیەدا ناكۆكیەك دروســتبوو لەو كاتەوە تا ئێسـتا ئەوە دوو ســاڵە نەمانتوانیوە جارێكی تر كۆببینەوە، پێویســتە وەزارەتیش ڕێگە خـۆش بكات بۆئەوەی لەگــەڵ یەكتر كۆببینەوە، بەڵام دیارە وەزیــری خوێندنی باڵا دەیەوێت ڕۆڵی ڕێكخـراوەكان لــە ناوەندەكانی خوێندنـدا پەراوێز بــكات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە گوایە ڕێكخراوەكانی قوتابیان لەناو زانكۆدا حزبایەتی دەكەن، لەمەشـدا بەشێك لە قسەكانی وەزیر ڕاستە و هەندێ ڕێكخراو كاری حزبی دەكەن،بۆیە من پێموایە لە هەر كاتێك هاندان هەبێت لەلایــەن هەر ڕێكخراوێك بۆ ئەوەی هانــی قوتابیان بدات بــۆ بەرژەوەندی حزبی ئەوە دەســت تێوەردانی حزبیە، ئــەوەش بە هیچ جۆرێك

پێشـــوەختەو نەبوونی تێروانینێكی دیارو ئاشكرا لە زانكۆ یەكێكە لەكێشـــەكانی تر كە پێوەندی بە داهاتووی وڵاتەكەمان هەیە.

**پەروەردە و خوێندنی باڵا لەگەڵ بازاڕی كار ناگونجێن**

سەبارەت بە پرۆســەی خوێندن و پرۆگرامەكان ســكرتێری ڕێكخــراوی گەشــەپێدانی قوتابیانی كوردســتان وتی: پرۆســەی خوێندن لە پەروەردە و خوێندنی باڵا بە ئاراســتەی بــازاڕی كار نین و ناگونجێن، زانكۆ هەرەمەكی قوتابی وەردەگرێت و پێی دەگەیەنــێ و دەری دەچوێنێ، بەبێ ئەوەی بزانێت بــازاڕ چەندی پێویســتە و چ دەرچووەكی پێویستە و لە زانكۆ و پەیمانگاكان گرنگی بە توانا و گەشەپێدانی مرۆیی نەدراوە.

گفتوگۆكــردن لەگەڵ قوتابیــان و ڕێكخراوەكانی قوتابیان چارەسەری بنەڕەتی بدۆزنەوە و لەم كارەش چەند ورد و بە پەلە بن هێشتا كەمە.

**وەزیری خوێندنی باڵا ڕۆڵی ڕێكخراوەكانی قوتابیان پەراوێز دەكات**

سەبارەت بە چارەســەركردنی كێشەكانی زانكۆ تاچەند لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا دانیشتوون، ســكرتێری ڕێكخراوی گەشــەپێدانی قوتابیانی كوردستان وتی: پێویستە لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بەردەوام بۆ چارەســەركردنی هەموو كێشەكان دابنیشین و گفتوگۆ ئەنجام بدەین، وەكو فیدراسیۆن نێوانمان لەگــەڵ وەزارەت باش و تەبا نەبوو تاوەكو بەپێی پێویســت هاوكاری یەكتر بكەین، بەشێك لە هۆكارەكەش دەگەڕێتەوە بۆ ئێمە كە بە تەشەنوجەوە

قابیلی قبوڵكردن نییە، چونكە دیارە لەو كاتەشـدا زەرەرمەندی یەكەم و ســەرەكی هەر قوتابی دەبێت. بۆیە من لێرەدا دڵێم دژی دەسـت تێوەردانی حزبیم چ دەســەڵات بیكات چ ئۆپۆزسیۆن بیكات، بەڵام مــن وەكــو ڕێكخراوێكی كۆمەڵگــەی مەدەنی هەقی خۆمــە ئەگــەر بزانم كۆمەڵێــك قوتابی مافیــان زەوتكراوە لەو كاتەدا مافی خۆمە داوا لە قوتابیان بكەم بێنە ســەر شــەقام، بەڵام دەبێت ئەو خۆپیشاندانانەش دوور بێت لە توندوتیژی. هەروەها لەو كاتەی یەكێتی قوتابیان فیدراسـیۆنیان لابووە ڕێكخراوێكی چالاك بــووە و توانیویەتی چەندین جار سەردانی ســەرۆكایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیــران و پەرلەمان و وەزیرەكان بكەین، بەڵام پاش ئەوەی بارودۆخێك هاتە ئاراوە كارەكان سســت بووە، فیدراســیۆن ڕاوەســتاوە و بەتەواوەتی پەكیكەوتووە و كۆبوونــەوە نەكــراوە، بەڵام بە پێویســتی دەزانم ئەو فیدراسـیۆنە جارێكی تر ئەكتیڤ بكرێتەوە و كۆببنەوە.

**پرۆسەی چاكسازی جەنابی سەرۆك پێویستە هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا بگرێتەوە**

لە كۆتاییدا سكرتێری ڕێكخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی كوردستان وتی: ئەگەر دەمانەوێت وڵات پێش بكەوێت، پێویســتە لەمبوارانەوە لە وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاوە دەســت بە چاكســازی بكرێت، ئەگەر ئەم بوارانە پێش بكەوێت ئەوە تەواوی بوارەكانی تــر پێش دەكەوێت، چونكــە نەوەیەكی زانستی و بیر كراوەو سەردەمیانە پێشكەش بە وڵات و كۆمەڵگەكە دەكەیت، ئەمــەش دەبێت بە پلان و تێڕوانینێكی ڕوون ئامادەكرابێت بەپێی پێویســتی وەزارەت و دەزگاكانــی حكومەت، نەك هەرەمەكی خەڵك و كادیر ئامادە بكرێت وڵاتەكەمان ســوودیان لێوەرنەگرێت.

هەروەها داواكارین لە جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە پرۆژە چاكســازیەكەی كە ماوەیەكە دەستی پێكردووە لە بوارە جیاجیاكاندا و بە پێویستی دەزانین هەر دوو وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردە بخرێتە ناو ئەم پرۆســە گرنگە و چاكســازی لە هەموو لایەنەكانی ئەم دوو وەزارەتە بكرێت.

**نەگونجاندنی ژینگەی پەروەردەیی و خوێندن وایكردووە پرۆگرامەكان نەچێتە بواری پراكتیكیەوە**

هەر سەبارەت بە هۆكاری كەوتنەوەی ئەو هەموو كێشــەو گرفتە جەلال زۆراب سەرۆكی ئەنجومەنی ڕاوێژكاری یەكێتی گشــتی قوتابیانی كوردستان وتی: نەبوونی پلانێكی ستراتیژیی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە هۆكارێكی سەرەكییە بۆ كەوتنەوەی دەیان كێشەو گرفت، بەتایبەتی لەبواری وەرگرتنی قوتابیان كە ئەم ســیناریۆیە ساڵانە دووبارە دەبێتەوە كە بۆتە هــۆی ئەوەی ژمارەیەكی زۆری قوتابیان لە ناوەندەكانی زانكــۆ و پەیمانگاكان وەرنەگیرێن، لەلایەكــی تــرەوە ناشــەفافییەت و ناڕوونــی لە پرۆگرامەكانــی خوێندن هەیە، ڕاســتە وەزارەتی خوێندنی باڵاو وەزارەتی پەروەردە چەندین پرۆگرامی

نوێی زانستیان هێناوە، بەڵام بوونی دەیان کێشەی تری پێوەندار بە نەبوونی شوێن و پێداویستی و نەگونجاندنی ژینگەی پەروەردەیی و هەمووی کۆمەڵە فاکتەرێکن کە وایانکردووە لە ڕووی پراکتیکییەوە پرۆگرامەکە یاخود بەشێکی سەرەکی ئەو پرۆگرامە نەچێتە بواری پراکتیکیەوە، تەنانەت زۆرترین قوتابی لێی سوودمەند نەبووە، کاتێکیش باس لە بواری تواناسازی دەکرێت کە ژمارەیەك قوتابی چووە دەرەوە بۆ خوێندن، بەڵام ئەمە ئەوە نییە کە زانکۆ ببێتە زانکۆیەکی ئەکادیمی زانستی و ناوەندێکی بەرهەمهێنان، ئەم هەوڵانەی وەزارەتی خوێندنی باڵا نەیتوانیوە دوو کێشەی سەرەکی بەردەم قوتابی چارەسەر بکات، ئەویش (وەرگرتنی سەرجەم قوتابیانە لە زانکۆو پەیمانگاکان و دۆزینەوەی هەلی کارە دوای دەرچوونی ئەو ژمارە زۆرەی قوتابیان)، کە دەرهاویشتەی ئەم دوو کێشەیەو شوێنەوارە مەترسیەکانی بۆ سەر باری دەروونی و کۆمەڵایەتی قوتابی دیارو لەبەرچاوە بگرە لە دوارۆژدا مەترسی بۆسەر بواری ئابووری و تەنانەت سیاسیش دەبێت.

**تا ئێستا وەزارەتە پێوەندارەکان بەتایبەتی وەزارەتی خوێندنی باڵا وەڵامی دەیان داواکاری و پێشنیاری ئێمەی نەداوەتەوە**

سەبارەت بەچۆنیەتی بەرزکردنەوەی کێشەو گرفتەکانی قوتابیان و تاچەند وەزارەتە پێوەندارەکان گوێبیستی داواکاری و پێشنیارەکانی نوێنەرانی قوتابیان دەبن و وەڵامی پێویستیان دەدەنەوە، سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان وتی: ڕۆژانە دەیان کێشەو گرفتی بواری خوێندن لەلایەن قوتابیانەوە ڕووبەڕووی ئێمە دەکرێتەوە کە تا دێت چوارچێوەی نارەزایەتیەکان ڕووی لە زیادبوونە، بۆ نموونە چوارچێوەی نارەزایەتیەکان لەلایەن قوتابیانەوە بەرامبەر بە زانکۆ ئەهلییەکان ڕووی لە زیادبوون کردووە، ئەم زانکۆیانە مۆڵەتیان لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە وەرگرتووە کەچی زۆرجار بەشی ناوخۆیان نییەو یا بەپێی پێویست نییەو ناگونجێت بۆ مانەوەی قوتابی، لەلایەکی ترەوە زانکۆ ئەهلییەکان نەیانتوانیوە لە ئاست کوالێتی و مەرجەکانی وەزارەت بن بۆ نموونە تاقیگەو پێداویستیەکانی خوێندن و زانکۆیان تێدا نییە، لەم هەولێرە زانکۆ هەیە بەشەکانی زانستی تێدایە کەچی پێداویستی و تاقیگاکان و بگرە مامۆستاکانیشی وەکو پێویست نییە، هەموو ئەم کێشانە ڕووبەڕووی قوتابیان دەبێتەوە ئەوانیش ئاراستەی ئێمەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێوەندار بە توێژی قوتابیانی دەکەنەوە ئێمەش پێویستە هەڵوێستی لەسەر وەربگرین و ڕووبەڕووی زانکۆ و هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵای بکەینەوە، بەداخیشەوە تا ئێستا وەزارەتە پێوەندارەکان بەتایبەتی وەزارەتی خوێندنی باڵا وەڵامی دەیان داواکاری و پێشنیاری ئێمەی نەداوەتەوە، ئەمەش وایکردووە زۆربەی هەرە زۆری کێشەو گرفتی قوتابیان بەهەڵواسراوەیی بمێنێتەوەو چارەسەر نەکرێت، ئەمە جگە لەوەی بۆتە هۆی دابەزینی ئاستی زانستی و مەعریفی لە زانکۆکان.

بەمشێوەیە دەیان کێشەو گرفتی جۆراوجۆر ڕووبەڕووی قوتابی بۆتەوە «حاڵەتێکی ناسروشتی دروستکردووە» ئەوانیش داوا لە ڕێکخراوەکانی قوتابیان دەکەن کە لە ڕێگەی داکۆکیکردن لەسەر مافەکانیان و چارەسەرکردنی ئەو کێشەو گرفتانە بێنە دەنگ و ئاراستەی زانکۆو بەرپرسانی خوێندنی باڵای بکەن، بەڵام بەداخەوە لەلایەن وەزیری خوێندنی باڵاو ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەم واقیعەیان پشتگوێخستووە بەدەنگ داواکاری نوێنەرانی قوتابیانەوە کە ڕێکخراوەکانی قوتابیانە ڕێکخراوەکانە لە کابینەی شەشەوە کاتێك چووین بۆ بینینی وەزیری خوێندنی باڵا ماوەی تەنیا ١٥ خولەکی بۆ دانابووین بۆ قسەکردن لەسەر ئەو هەموو کێشەو گرفتە و پێی وتین من مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕێکخراوانە ناکەم، چونکە ڕێکخراوی حزبین، ئەمە لەکاتێکدا خۆشی لەلایەن حزبێکی سیاسییەوە لە کوردستاندا دانراوە. ئێستاکە کاتی ئەوە هاتووە وەزارەتە پێوەندارەکان و بەرپرسانی ئەو وەزارەتانە بەخۆیاندا بچنەوەو بزانن کە قوتابی مافی خۆیەتی خاوەنی ڕێکخراوێکی مەدەنی بێت و ئەو مافەشی لەسەر ئەو ڕێکخراوە هەیە داکۆکی لە مافەکانی بکات، ئێمە وەکو فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی قوتابیان سێ ڕۆژ لەسەر یەك لەگەڵ سەرۆکی هەرێم دانیشتین و کێشەکانمان گەیاندە بەرێزی،



جەلال زۆراب بۆ (گوڵان):

# نەبوونی پلانێکی ستراتیژیی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەرهەڵدانی دەیان کێشەو گیروگرفت

نەهاتوون، ئەم حاڵەتەش بۆ وەزارەتی پەروەردەش بوونی هەیە بە جیاوازییەکەوە ئەمیان گوێت لێدەگرێ و هەست دەکرێت هەنگاوێك هەیە بۆ گوێگرتن لە کێشەکان و گۆڕینەوەی ڕاو پێشنیار، من جیاوازی بەهیچ شێوەیەك ناکەم کە وەزارەتی خوێندنی باڵا سەر بە یەکێتییەو وەزارەتی پەروەردە سەر بە پارتییە من ڕاستیەکان دەڵێم من خۆم چەند جارێك لە نزیکەوە لەگەڵ وەزیری پەروەردە دانیشتووم و ڕەخنەی جدیدیشم لێگرتووە گوێبستی ڕەخنەو پێشنیارەکانم بووەو بەسەنگێکی فراوانەوە وەریگرتووەو بەڵێنی داوە بەدواداچوونی بۆ بکات.

ئەو کێشەیەی ئێستا ڕووبەڕووی پەروەردە بۆتەوە جیاوازە ئەم زیاتر نەبوونی بینایەو ژینگەیەکە بۆ جێبەجێکردنی سیستەمی خوێندن لەنێوان مامۆستاو قوتابی کە لێکحاڵی نەبوون هەیە بەتایبەت لە قۆناغی ١٠ و ١١ و ١٢ کە کاریگەری دروست دەکات لەسەری.

سەرجەم ڕێکخراوەکانی قوتابیان و بە فیدراسیۆنی قوتابیانیشەوە کە شوێنی کۆکردنەوەی بەڵام لەولاوە وەزیری خوێندنی باڵا سەردانی دەکات و کۆمەڵێك هەنگاو و کاری نیشان دەدات و پێی دەڵێت ئەمە گۆڕانکارییە بەڵام ئێمە بە جەنابی سەرۆکی هەرێمان ڕاگەیاند ئەمە گۆڕانکاری نییە، بەڵکو گۆڕانکاری ئەوەیە لە سیستەم و پرۆگرامەکاندا ڕەنگ بداتەوەو کاریگەری لەسەر ڕەوشی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و لایەنی مەعریفی هەبێت و گەنج بەرەو داهێنان ببات، لەم ڕوانگەیەوە داواکارم لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەردوو بواری پەروەردەو خوێندنی باڵا چاکسازی بنەڕەتی دروست بکات و لە ڕێگەی لیژنەیەکی پسپۆڕەوە کۆنفرانسێکی زانستی سازبکرێت و ڕاسپاردەکانیش بکرێنە خاڵ و لە ڕووی پراکتیکییەوە کاری جدی بۆ بکرێت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی قوتابیان چاودێری جێبەجێکردنی ئەو بەڵێن و خاڵ و بڕگانە بن کە لەبواری چاکسازییەوە لە سیستەم و پرۆگرامی خوێندن و چارەسەرکردنی کێشەکانی پەروەردەو خوێندنی باڵا دادەنرێن.





# ئێزگەی دەنگی کوردستان

به دەستپێشخەری و لەسەر داوای بارزانی نەمر، بەر لە ٤٨ ساڵ لەمەوبەر (ئیزگەی دەنگی کوردستانی عێراق) یەکەمین دەنگی پڕ شـــکۆو هەیبەتی شۆڕشگێڕانەی بۆ نەتەوەیەکی زوڵملێکراو پەخش کرد، هەر لە ســـەرەتای پەخشییەوە دلێرانە دەنگـــی حەقخوازانەی میللەتی کـــوردی بە جیهان گەیاندو توانـــی بۆ بەرەڤانی لـــە بوونی سیاســـی و کۆمەڵایەتی و رۆشـــنبیری ببێتە پێشـــەنگ، هەر لەوســـاتەوەختە ناسك و هەستیارەدا ئەم ئێزگەیە بەسەر گشت کۆسپ و تەگەرەکانی سانسۆر و داپڵۆسین و رژێمی ستەمکاری ئەوسادا زاڵ بوو، لە ناو چیا سەرکەشـــەکانەوە وەك کەرەسەیەکی رۆشنایی بیرو بڕوا گوزارشـــتی لە مێژووی پڕ سەروەری و خەباتی گەلی کورد دەکردو هاندەری نەبەردییەکانی پێشمەرگەی کوردستان بوو، لە رێبازێکی پیرۆزیشەوە بە رابەرایەتی مستەفا بارزانی نەمـــر ئیلهام بەخش بوو، ئەوەش لە پێناوی وەدیهێنانی مافە رەواکانی گەلی کوردستان.

ئەم ئێزگەیە هەر لە دەسپێکی دامەزرانییەوە بەرنامەو ڕێ و شوێنی دیاریکراوی هەبووەو ڕابووە بۆ ئەوەی بتوانێت دەنگی کۆمەڵگـــەی دابڕاوی کوردی بە دنیـــای دەوروبەری خۆی بگەیەنێت، لەگەڵ زەمەنی دروست بوونیدا گیانی مقاوەمەت و بەرخودانـــی پێوە دیار بووە، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نەتەوەی کورد بەدرێژایی دەیان ساڵ هەردەم چەوساوەو ژێردەســـتەی داگیرکارانـــی بووە، بۆیە دروســـت کردنی ئەم ئێزگەیە لەسەر دەستی چەند لاوێکی خوێنگەرمی پێشمەرگە و لەســـەروبەندی سەرەتاکانی شۆڕشی مەزنـــی ئەیلوولەوە گیانی مقاوەمەتی نەتەوەیەکـــی لـــە خۆیدا بەرجەســـتە



کردەوە، بەو شـــێوەیە دەنگەکـــەی ماڵەو ماڵی







# لە ٤٨ هەمین ساڵیادیدا

ناو شارو دێهاتەکانی کوردستانی دەکردو پەیام و ئەدەبیاتی خۆڕاگری و باری سیاسی و نیشتمان پەروەری دەگەیاندە هەموو زەین و هۆشێك و خەڵکی کوردستان بە عیشقەوە ڕۆژانە چاوەڕوانی کردنەوەی پەخشەکەی دەبوون، چونکە ئەو ئێستگەیە تاقانە گوڵێك بوو کەلەو سەردەمەدا لە خاکی پڕ بە پیتی شۆڕشگێڕییەوە چەکەرەی ئومێدی بە بیسەرانی دەبەخشی...

ئێستایش لەم ڕۆژگارەدا ئەم ئێزگەیە دەنگ و سەداکەی بە پێی زەرورەتی سەردەمەکە هەر بڵندە، بۆ کردنەوەی هەموو سندوقە داخراوەکانیش کلیلی خۆی هەیە.

سەردەمانێك بیرمەندو زانایەکی وەك باسکاڵ وتوویەتی ((مرۆڤ ناتوانێت بە بێ دەنگی لە ژوورەکەی خۆیدا دابنیشێت)) گەر لەم بارەیەوە وتەکەی باسکاڵ بە هەوڵەکانی ئێزگەکە بەراورد بکەین، دەتوانین بڵێین هەر کاتێك بەرنامەکانی دەنگی کوردستان بتوانێت هۆشمەندی کۆمەڵایەتی بجووڵێنێت ئەو کاتە ئێزگە دەبێتە ئەو دەقەی کە بێ دەنگی مرۆڤ دەشکێنێت، بۆ نموونە سازدانی ئەو گفتوگۆو هەڤپەیڤینە ڕاستەوخۆیانەی لەم ئێزگەیەوە پەخش دەکرێن، جگە لەوەی هەندێك لە چێژی خوێندنەوەی ڕۆژنامەو بلاڤۆکان وەردەگرێتەوە جاریش هەبووە بەو وتووێژانەوە جێگرەوە بۆ بیسەرانی دروست بوون، بە واتای لەبری نووسینەوەی هەر ئاوات و خەون و ئازارو خەیاڵ و بیرو ڕایەکی پەی پێ نەبراوی مرۆڤی کوردستانی، ئەوا ئێزگەی دەنگی کوردستان بە سەمتێکی شاقوولییەوە لە بەرنامەکانیەوە کێشەو ڕووداوەکانی ڕۆژانەی خستووەتە بەو تەقەی ئاخافتن و بە هێڵی ئاسۆییش پەیڤ و دەستەواژەکانی بەڕێوەبردون و بە پرسیارو وەڵامەکانی مانای نوێی بە بیسەرانی بەخشیوە...

لەم یادەدا ئێزگەی دەنگی کوردستانمان بەسەر کردەوە، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری نوێترین بەرنامەکانی ئەم ئێزگەیەو گۆڕانکارییەکانی داهاتوویشی بین.







سالار عوسمان

### ئێزگە خێراترین ئامرازی ڕاگەیاندنە

سالار عوســـمان وەك بەڕێوەبەری گشتی ئێزگەی دەنگی کوردستان، لە ساڵیادی دامەزراندنی ئێزگەکەدا وێڕای پیرۆزبایی باس لە هۆکاری پێشـــەنگ بوونی ڕۆڵی ئێزگە دەکات و دەڵێت: لەیادی ٤٨مین ساڵیادی دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردســـتان، پێمخۆشە بەحورمەتەوە بگەڕێینەوە بۆ ئەو مێژووە پرشـــنگدارو درەوشاوەیەی کە ستافی شاخ و تێکۆشەرانی خەباتی شاخ تۆماریان کردو،ماندووبوون و شەونخوونی زۆریان کێشـــاوە تا دەنگی کوردستانیان بەم ڕۆژە گەیاندووە، ســـلاوو درودو بۆ گیانـــی پاکی ئەو شـــەهیدانەی کـــە لە ڕۆژانی خەباتی دەنگی کوردســـتان گیانیان بەخشیوە. دیارە ئاســـانی و خێرایی ئێزگەیە کە وای لێدەکات هەمیشە چانسی ئەوەی هەبێت لە پێشەوەی ئامرازو هۆکارەکانـــی ڕاگەیاندن بێت، بەواتایەکی تر ئەوە خێراییە کە وامان لێ دەکات بەردەوام ڕادیۆ لە پێشەنگدا ببینین، چونکە ئاسانترین و خێراترین ئامێری وەرگرتن و گەیاندنی هەواڵ بریتییە لە ئێزگە.

### ئێزگەکە ساڵانە لە خۆ نوێکردنەوەدایە

بەڕێوەبەری گشـــتی ئێزگەی دەنگی کوردستان دەربارەی بەرنامە نوێیەکانی ئێزگەکەو ئەو شـــێوەزارو زمانانەی پەخشی پێ دەکەن دەڵێت: ئێزگەی دەنگی کوردســـتان ســـاڵانە لەخۆ نوێکردنەوەو تازەگەریدایەو ســـەرەڕای ئەو کێبڕکێیەی لەئارادایـــە، توانیویەتی کێبڕکێی وێنە بکات و لەگەڵ خێرایی ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی هەنگاو بنێت، بۆ ئەم ســـاڵیش کۆمەڵێك بەرنامەی نوێمان لەبەر دەســـتە کـــە لێرەدا بە کورتی بیسەرانی پێ ئاشنا دەکەینەوە..

پارساڵ بەرنامەی زمانی فارسیمان زیاد کرد، واتە ئێستا دەنگی کوردستان بە پێنج زمان پەخشی خۆی دەکات کە بریتیـــن لە (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، فارســـی، تورکی) هەر لەبواری زمان و شێوەزاریشدا دوو بەرنامە لە ئارادیە، یەکێکیان لە بەرنامەدایە کارێك بکەین لەسەر زمانی ئاشـــوورییەکان (سریان و کلدان وئاشوور) ئینجا لەبواری شێوەزاری کوردیشدا نیازین ئەم ساڵ پەنجەرەیەك بۆ زاری هەورامی بکەینەوە، کە ئەویش زارێکی گرنگە و بەشێکە لەکەلتوری نەتەوەیی کوردســـتان، لە هەوڵداین بەرنامـــەش لە ڕێگەی ئەم زارەوەیە پێشـــکەش بکەین، هەروەها ماڵپەڕی دەنگی کوردستان بەسێ زمانی (کوردی،عەرەبی،ئینگلیزی) یە، ئەمساڵیش لەبەرنامەماندایە کۆمەڵێك گۆڕانکاری و تازەکاری تێدا بکەین.

### خۆ ئامادەکردن بۆ یۆبیلی زێڕین

هەر ســـەبارەت بەم یادە ســـالار عوسمان هەندێك باس لـــە خۆئامادەکارییەکان دەکات بۆ یادی یۆبیلی زێڕینی دەنگی کوردســـتان و ئـــەو بەرنامەو کارانە دەخاتـــە ڕوو کە بە نیازن بۆ یادەکە ئەنجامیان بدەن و لەو بارەیەشـــەوە دەڵێت: ئەم ساڵ و ساڵی داهاتوویش خۆمـــان ئامادە دەکەین بۆ یۆبیلـــی زێڕینی دەنگی کوردســـتان، ئەمەش لەبەردەم بەرپرســـیارێتییەکی گەورەمـــان دادەنێت، ئەویش لەوەدایـــە چۆن بتوانین مێـــژووی دەنگی کوردســـتان بە ڕێـــك وپێکی و بە جوانی بنووســـینەوە، لەیۆبیلی زێڕینـــدا بە نیازی ئەنجامدانی چەند کارێکیـــن لەوانە(کتێبێك بەناوی دەنگی کوردســـتان بەپێـــی پرنســـیپی ئەکادیمی مێژوویی بنووســـرێتەوە، هەروەها ئەلبومێکی وێنەیی بەشـــێوەیەکی هاوچەرخانە ئامادە بکەین کە تێکڕای وێنەی ئەو کەسانەی تێدابێت کە بەدرێژایی تەمەنی

## بە دەستـپێشخەری بارزانی نەمر بەر لە ٤٨ ساڵ لەمەوبەر (ئێزگەی دەنگی کوردستانی عیراق) یەکەمین دەنگی پڕ شکۆو هەیبەتی شۆڕشگێڕانەی بۆ نەتەوەیەکی زوڵملێکراو پەخش کرد

ئەم ڕادیۆیـــە کاریان تێدا کـــردووە، بەنیازین هەردوو کتێبەکە بەدیزاین و کوالێتی بەرزەوە لە دەرەوەی وڵات چاپ بکەین، هەروەها خەڵات کردنی هەموو ئەوانەی لەدەنگی کوردستان کاریان کردووە.

دیارە لەماوەی ئەم ٥٠ ســـاڵەدا ئەم ئێزگەیە وەك قوتابخانەیەك بـــۆ پێگەیاندنـــی کادری ڕاگەیاندن وا بووە، دەمانەوێت ڕێزلێنانەکە دابەشـــی ســـەر سێ قۆناغـــی جیاواز بکەیـــن (یەکەمیان لەســـەردەمی دەســـتپێکەوە تا شۆڕشـــی گوڵان، قۆناغی دووەم لە شۆڕشـــی گوڵانەوە تا ڕاپەرین، قۆناغی ســـێیەم لە ڕاپەرینەوە تا ئێستـــا) هەروەهـــا دەمانەوێت فیلمێك دەربارەی دەنگی کوردســـتان بەچەندین زمان ئامادە بکەین، بـــۆ ئەوەی خەڵکی بیانی و سیاســـەتمەدار و ڕۆژنامەنووســـان کە ســـەردانی کوردستان دەکەن لەڕێگەی زمانـــی خۆیانەوە ســـیدیەکی مێژوویی دەنگی کوردســـتانیان پێشـــکەش بکرێت، لەلایەکی دیکەوە دەمانەوێت ئەو شوێنانەی کە لەکۆنەوە دەنگی کوردســـتانی لێ بووە هەر لەشاخەوە تا شار نۆژەنی بکەینەوەو بیکەینە چەند مۆزەخانەیەك، هەروەها ئەو تیپە مۆســـیقیانەی کە کاریان لێکـــردووە لەیۆبیلی زێڕیندا هەموویان کۆ بکەینـــەوە، تاکو ئەوانیش بەو بۆنەیەوە بیرەوەری خۆیان زیندوو بکەنەوە.

### دەنگی هەموو خەڵك

لە درێژەی قســـەکانیدا بەڕێوەبـــەری ئێزگەکە لە شـــەفافیەت و دانەنانی هیچ بەربەست و کۆسپێك بۆ هەموو بیرو ڕا جیاوازەکان دەدوێت ئەوەش بە بەڵگەوە پشت ڕاست دەکاتەوەو لەم لایەنەوەش وتی: لای ئێمە

## ئەگەر ئاوڕ لە مێژوو بدەینەوە، ئەم ئێزگەیە سەرچاوەی گەیاندنی کێشەی کورد بووە بۆ دەرەوەی کوردستان، لەدوای ڕاپەرینیش بەردەوام لەگەڵ خەڵکدا ژیاوەو ئێستاش بەهەمان شێوەیە

دەنگی کوردســـتان تەنیا دەنگـــی پارتی دیموکراتی کوردســـتان نییە، بەڵکو هەوڵمان داوە دەنگی هەموو خەڵك بێ، لەزۆربەی بەرنامەکانیش بۆ نموونە هەوڵمان داوە لەتەك پارتییەکدا، گۆڕانێك دابنیشێت، بەردەوام لەگەڵ ئەوەداین لەتەك ڕاسترەوێك، چەپێك دابنیشێت، ئەوەش بەبەڵگەوە دەســـەلمێنین کە بۆماوەی هەشت ســـاڵ دەبێت، ئەوەتا کتێب چـــاپ دەکەین و هەموو ڕاستی ودروستی قسەکانمان دەخاتەڕوو، چونکە ئەم وڵاتە وڵاتی هەمووماتە، بۆیە دەبێ میدیاش میدیای هەموومان بێت، ئەگەر ســـەیری لاپەڕەکانی مێژوو بکەینـــەوە ئەوا ئەم ئێزگەیە ســـەرچاوەی گەیاندنی کێشـــەی کورد بووە بە دەرەوە، لەدوای ڕاپەرینیشەوە بـــەردەوام لەگەڵ خەڵکدا ژیاوەو ئێســـتاش بەهەمان شـــێوەیە، بەو شێوەیە دەنگی کوردســـتان توانیویەتی خزمەتی خەڵکی کوردســـتان بکات، هەرچەندە ئێستا پەخشـــی ئێزگەکە تەنیا بۆ کوردســـتانی باشوورە، بەڵام دەمانەوێ لەهەموو پارچەکانی تری کوردستان ئۆ فیسمان هەبێت..

### چەندین بەرنامەی نوێ لە ئارادایە

نەرمیـــن ســـندی بەڕێوەبـــەری بەرنامەکانـــی ئێزگەکەیەو باســـی ئەو بەرنامانـــەی بۆ کردین کە بـــۆ داهاتوویەکی نزیك ئامادەکراون و لە چاوەڕوانی پەخشـــدان و لەو بارەیەوە دەڵێت: ئێمە لەم بەشەدا ٥



**هەر لەساتەوەختی ناسك و هەستیاری دامەزراندنیەوەو بە بەردەوامی ئەم ئێستگەیە بەسەر گشت كۆسپ و تەگەرەكانی سانسۆر و داپڵۆسین و پیلانی ڕژێمە ستەمكارەكاندا زاڵ بووە**

بەرنامەی نوێمان زیاد دەبێت، تاكو ئەو بۆشاییانەی كە ساڵی پار هەبووە بەو بەرنامانە قەرەبووی بكەینەوەو بەشێوازێكی تر بێینەوە خزمەت بیسەرانمان، بەرنامەیەكمان دەبێ بەناوی (توێژینەوە) بۆ شرۆڤە كردنی توێژینەوەی زانكۆیە بەشێوەیەكی زانستی تاكو بیسەرانمان سوودی لێوەربگرن، بەرنامەیەكی ترمان بە ناوی (لەسلێمانییەوە) دەبێت، كە بەرنامەیەكی ڕۆشنبیری گشتگیر دەبێت، بۆئەوەی لەنزیكەوە پێوەندیمان لەگەڵ بیسەرانمان هەبێت و بە میوانداری دوو ڕۆشنبیری ئەو شارەوە گفتوگۆ لەسەر پرسێكی دیاریكراو دەكەین، هەرچەندە پێشتر بەرنامەی هونەریمان هەبووە، بەڵام بۆ برەودانی زیاتر بەلایەنی هونەری بەرنامەیەكی تری هونەریمان دەبێت بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بەهەموو لایەنەكانی هونەری ڕەسەن بدات وهیوامان وایە بتوانین ناوێكی پڕ بە واتای خۆی بۆدابنێین كەبە تەواوی گوزارشتی لێ بكات، هەروەها بەرنامەیەكی ترمان دەبێت(تایبەت بە ناوچە دابڕێنراوەكان) كە تێیدا هەوڵ دەدەین زیاتر خزمەت بەو ناوچانە بكەین و ڕەوش و گوزەرانیان باس بكەین، ئەویش لەهەموو ڕوویەكەوە بەرنامەیەكی گشتگیر دەبێت، چونكە كێشەی ئەم ناوچانە ڕەهەندێكی نەتەوەیی هەیە، دواتر بەرنامەیەكمان دەبێت، كە تێیدا ئێواران كۆنتاكت



لەگەڵ بیسەرانمان دەكەین، بەتایبەتی شۆفێرەكان، چونكە بیسەران زیاتر ئەو كاتانە لەناو ئۆتۆمبێلدان، لەكۆتاییدا منیش وەك كارمەندێك یادی ٤٨ ساڵەی دەنگی كوردستان پیرۆز دەكەم لە سەرۆك بارزانی و تەواوی كادر و هەڤاڵ و پێشمەرگەكانی دەنگی كوردستان، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا بەئەمرۆ دەگات ئەم ئێستگەیە بەبێ جیاوازی كاری بۆ هەموو بیرو ڕایە جیاوازەكان كردووە، پیرۆز بێت لەوستافەی ئێستاش كە دەتوانن بەرێكوپێكی كارەكانی خۆیان جێبەجێ بكەن.

### پەیامی نەتەوەیی و نیشتمانی

فاتیح كەریم بەرێوەبەری نووسینی ئێزگەكە دەربارەی پەیامی ڕاستەقینەی ئێزگەو چۆنیەتی بەرێوەبردنی كارو چالاكییەكان، دەڵێت: لە یادی ٤٨ ساڵەی تەمەنی دەنگی كوردستان ڕێزو سڵاودەنێرین بۆ دامەزرێنەری ئەو رادیۆیە (بارزانی نەمر)وهەموو

**ئەم ئێستگەیە هەر لە سەرەتای پەخشییەوە توانی دلێرانە دەنگی حەقخوازانەی میللەتی كورد بە جیهان بگەیەنێت و بۆ بەرەڤانی لە بوونی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ببێتە پێشەنگ**

ئەو كارمەندانەی كە بەدرێژایی تەمەنی ئەم رادیۆیە كاریان تێدا كردووە، ئێمەش بەهەمان ئەو پەیامەی كە دەنگی كوردستان خۆی پێ ناساندووە بەگوێگرانی و بە تەواوی چین و توێژەكانی كوردستان كە پەیامێكی نەتەوەیی و نیشتیمانییە و لەهەمان كاتیشدا وردبینی و پیشەیی لەكارەكانمان و گەیاندنی زانیاری ڕاست و دروستەوە فەراموش نەكراوە، گوێكرانمان دڵنیا دەكەینەوە كە لەسەر ئەو پرەنسیپانە جارێكی تر كار دەكەینەوە، ئێستا بەرێوەبەرایەتی نووسین لە دەنگی كوردستان زۆر گۆڕانكاری بەسەرداهاتووە، چ (لەڕووی چەندو لە ڕووی چۆنایەتیشەوە) ڕۆژانە ١٧ كورتەی هەواڵەكان و درێژەی هەواڵمان هەیە، لەناوچە جیاجیاكانی كوردستانەوە نزیكەی ١٥تا ٢٠ پەیامنێرمان هەیە كە ڕۆژانە هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵ و زانیاریمان بۆ دەنێرن، لەڕووی زمانیشەوە پێشتر تەنیا كوردی و عەرەبی بووە، ئێستاش بە زمانەكانی توركی،عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی هەواڵمان هەیەو بڵاوی دەكەینەوە، زیاتر دەمانەوێت هەواڵەكان كورت و پوخت بن و بە زمانێكی وابن لەگەڵ ڕاگەیاندنی رادیۆییدا بگونجێت و سەرچاوەی هەواڵەكانیش لەپەیامنێرانی خۆمانەوە وەردەگرین و بڵاوی دەكەینەوە، بە دوو شەفت لێرە كار دەكەین (بەیانیان و ئێواران) هەمیشە هەوڵ دەدەین كە بەرنامەكانی ئەمرۆمان جیاوازی هەبێ لەگەڵ بەرنامەكانی دوێنێماندا، بۆیە هەمیشە دەبێ لە چەق بەستوویی بەدووربین و شەفافانە هەواڵەكان بەگوێگرانی خۆمان بگەیەنین.



نەرمین سندی

### ڕێكخستنی بەرنامەكان و پیشەگەری لە كاركردندا


رازاو سەعید عەبدوڵڵای نووسەرو بێژەری ئێزگەكە لە بارەی چۆنیەتی و شێوازی ڕاپەڕاندنی كارەكانی خۆیانەوە لە ناو ئێزگەدا، دەڵێت :كارەكانمان بەهاوبەشی ڕادەپەڕێنین، بەشی نووسین لەچەند زمانێك پێك دێت، لەو بەشەدا بە زووترین كات و لە ئان وساتتدا هەواڵەكان ئامادە دەكەین و ڕاستەوخۆ دەیگوازینەوە.

ئەمین حەیدەری جێگری بەرێوەبەری هونەری سەبارەت بە گۆڕانكارییە هونەرییە بەردەوامەكانی بەشی هونەری ئێزگەكەو ئەركی بەشەكانی، وتی: ساڵانە لەیادی رادیۆكەدا چەندین گۆڕانكاری دەكەین، بۆ نموونە مۆسیقای هەواڵ و تایتڵەكان هەمووی دەگۆڕین و بۆ (تایتڵە سەرەكیەكانی دەنگی كوردستان) ڕۆژانە هەوڵ دەدەین تا بیگۆڕین بۆ ئەوەی گوێگر ڕازی بكەین، چونكە ئەمە لەهەموو ڕوویەكەوە ئەركی ئێمەیە، بەرێوەبەرایەتی هونەری سێ بەشە (تەنسیق و پەخش و دەرهێنان)نزیكەی ١٦ كارمەندین،بەرنامەكانمان زیاتر ڕاستەوخۆن و بەرنامەی تۆماركراومان زۆر كەمە، ئەگەر بەرنامەیەكی تایبەت هەبێت و یان پێشوەختە بڕیاری لەسەر درابێت، هەر شتێك لەو بارەیەشەوە هەبێت مۆنتاژی دەكەین و دەینێرینە پەخش، بەم بۆنەیەشەوە پیرۆزبایی لەسەرجەم گوێگران دەكەین و گوڵێكی ڕەنگاو ڕەنگیان پێشكەش دەكەین..

سروود تەحسین ئیبراهیم وێرای پیرۆزبایی سەبارەت بە كاتەكانی پەخشی ئێزگەكەو پێداویستی وەرزانەو ساڵانەی بەرنامەكان، دەڵێت: سەرەتا پیرۆزبایی لەسەرجەم خەڵكی كوردستان و كارمەندانی پێشترو ڕێزی بێ پایان بۆ ئەوانەشی لەژیان نەماون و بەڵام جێ پەنجەیان هەر دیارەو هەروەها پیرۆزبایی لە كارمەندانی ئێستاش دەكەین»ڕۆژانە بەرنامەو كارەكانمان لە كاتژمێر ٨ی بەیانی تا ٣ی پاش نیوەڕۆ پەخش دەكرێن و لە ٣ی پاش نیوەڕۆ تا ٨ ی شەو بەردەوامن، ئەوانی تریش لە ٨ی شەو تا ١ی شەو بەردەوامن، ئێمە ساڵانە گۆڕانكاری لە بەرنامەكاندا دەكەین، لەوانەیە هەندێك بەرنامە هەبێت لەو ساڵەدا پێویست بێت، ساڵی تر ڕەنگە بە جۆرێكی تر بێت، بۆیە ئەوانەی پێشوو دەگۆڕین و بەردەوام بەدوای بەرنامەو شتی نوێدا دەگەڕێین.







# پردێ..
# دەیان ساڵە لە کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری بێبەشکراوە

## دەزگا پێوەندارەکانی حکومەتی عێراقی ناهێڵن لە سنووری -پردێ- هیچ پرۆژەیەک جێبەجێ بکرێت





پردێ ئەو شارۆچکە دێرینەی کوردستانە کە کاتێك بەرەو باشووری هەولێر بەرێدەکەویت و دەچیتە سنووری پارێزگای کەرکوك دیمەنێکی جوانی زێی دوکان و سەوزایی لێرەوارەکان بەرچاوت دەکەوێت، لەم شوێنەدا ئەم شارە بونیاتنراوەو مێژوویەکی کۆنی هەیە. زۆربەی هاووڵاتیانی کوردستانیش بەم شارۆچکەیەدا تێپەڕ بوون، چونکە سەرە ڕێی هاووڵاتیانی پایتەختە بەرەو کەرکوك و سلێمانی و بەغداو ناوچەکانی تری عێراق . پردێ لە ساڵی ١٩٢٢ دا بە فەرمی کراوەتە ناحیە و ٣٦ گوند لە سنوورەکەی هەیەو ناحیەی پردێ و سنورەکەی ناسراوە بە ناوچەی ساڵەیی و چەند هۆزێکی تریشی تێدا نیشتەجێیە، لە ساڵانی (٦٠)ەوە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق تا ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە هەوڵی ئەوەدابوون ئەو گوندانە تێکبدەن و دانیشتووانەکەی بە کوردو تورکمانەوە دەربەدەر بکەن و عەرەبی هاوردە بهێننە شوێنیان، لە دواجار گوندەکانی سنووری شارۆچکەی پردێ لە چوارچێوەی ئەو ٤٥٠٠ گوندەی کوردستان بوو کە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە خاپورکران، ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەی پردێ لە تۆماری سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧)، ٦٠ هەزار کەس بووە، بەڵام بە هۆی ڕاگواستن و تێکدانی گوندەکان و خراپی بارودۆخی سنوورەکەو ئەو زوڵم و ستەمەی حکومەتی سەدام دەرهەق بە خەڵکەکەی پیادەی دەکرد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دانیشتووانی سەنتەری ناحیەکەش بۆ شارو شارۆچکەی تر کۆچیانکردووە، ڕووبەری سنووری شارەوانی سەنتەری ناحیەکەش ٧١٠ دۆنمە، جگە لەمە سنوورەکەی ٤٢ کەرتی تر لە خۆدەگرێت و زەوییەکی بەرفراوانی بەپیتی کشتوکاڵی هەیە، هەر بۆیە زۆربەی خەڵکەکەی بەکاری کشتوکاڵی و بێستان و شینابییەوە خەریکن، پردێ ماوەی زیاتر لە ٧٠ساڵ لە کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری بێبەشکراوە، لەلایەن حکومەتی عێراقی ئەو کات زۆر بە کەمی ئاوڕی لێدراوەتەوە، هەروەها لەدوای ساڵی ١٩٩١یش لە لایەن ئیدارەی پارێزگای کەرکوکەوە بەپێی پێویست کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ نەکراوە، هاوکات لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق و ڕووخانی رژێمی بەعسەوە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانیش زۆر بە کەمی کارو پرۆژەی بۆ ئەنجام دراوە.

تیمی (گۆڤاری گوڵان) ناحیەی پردێ و سنوورەکەی بە سەرکردەوە و چەند هاووڵاتیەکی دواند، یەکێك لە هاووڵاتیەکان باسی لە کەموکوڕی بواری پەروەردە و تەندروستی و نەبوونی ئاوەڕۆ کرد، هاووڵاتیەکی تر کە مەلایەکی ئایینی بوو زۆر بە ڕاشکاوانە وتی بازاڕی سەنتەری شارۆچکەکە زۆر تەسك و بێ سەروبەرەو پێویستی بە فراوانکردن هەیە، هاوکات چەند هاووڵاتیەکی تر پەنجەیان خستەسەر چەندین کێشە و گرفتی تری خزمەتگوزاریی بۆ نموونە نەبوونی پارك و شوێنی پشووودانی خێزانی و گەشتیاری. .، ئەم گلەیی و گازندانە و چەند پرسیارێکی ترمان لە (عەبدولموتەڵیب نەجمەدین) بەڕێوەبەری ناحیەی پردێ کرد، ئەویش بەڕاشکاوانە پەنجەی خستە سەر یەکە یەکەی کەموکوڕییەکان و وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤارەکەمانی دایەوە.



عەبدولموتەڵیب نەجمەدین بەڕێوەبەری شارۆچکەی پردێ بۆ ( گوڵان):

# گەرچی خاوەنی ئامێری سۆنەرو تیشکین، بەڵام ئامێرەکان کاریان پێ ناکرێت و تۆزیان لێنیشتووە

**بودجەی**
**راستەوخۆمان لەبەر دەست نییە**

سەبارەت بەوەی ناحیەی پردێ فراوانییەکی زۆری بە خۆوە بینیوەو تواناو بودجە زۆری دەوێت بۆ ئەوەی کارو پرۆژە بەپێی خواست و پێویستی خەڵکەکەی ئەنجام بدرێت، بەڕێوەبەری ناحیەی پردێ وتی: گەرچی لە عێراق پروپاگەندەی ئەوە هەیە کە ئەم وڵاتە بەرەو دیموکراتیەت و لامەرکەزیەت هەنگاو دەنێت، بەڵام دەسەڵاتی دارایی بە هیچ جۆرێك بە ئێمە نەدراوە، هەر بۆیە وەکو یەکەی ئیدارەی ناحیەی پردێ هیچ جۆرە توانایەکی دارایی و بودجەمان راستەوخۆ لەبەر دەست نییە، تاوەکو بتوانین هەر کارو پرۆژەیەك پێویست بێت جێبەجێی بکەین، کەواتە دەسەڵاتی ئیداریش بەبێ داریی سوودی نییە و کاری پێ ئەنجام نادرێت، ساڵانە لە کەرکوکەوە بەپێی بودجەکەیان ئەولەویەت دەدەن بە پرۆژەکان و لە ساڵانی رابردوو ئەو بودجە و کارو پرۆژانەی بۆ ناحیەی پردێ دیاری کراوە زۆر کەم بووە، بەڵام ئەم ساڵ بودجەکە گۆڕاوە، چونکە تەنیا بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا نەبوو، بەڵکو بودجەی پترۆ دۆلاریشی لەگەڵ بوو. دیاریکردنی بودجەکەش لە ساڵانی رابردوو بەپێی ژمارەی دانیشتوان بوو، ئێستاکە گۆڕاوەو پارێزگای کەرکوك داوا دەکات هەرچی پرۆژەیەکی پێویستە بۆ ناحیە و سنوورەکە دەستنیشان بکەن و بەنووسراو بەرزی بکەنەوە بەو پێیە بەرنامەو پلان دادەنێن کارو پرۆژەمان بۆ ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەوە ساڵ تەواو بوو ئەو پرۆژانەی کە پێویستن زۆر کەمیان جێبەجێکراوە، بۆیە چاوەڕوانین لە ساڵی داهاتوو کارمان باشتر بۆ بکرێت. لەبەر ئەوەی بۆ ساڵی ٢٠١٢ بودجەی کەرکوك ٥٢٥ملیار دینارە.

**خاوەنی ماستەرپلان نین**

سەبارەت بە ماستەر پلان کە نەخشە رێگایەکی گرنگە بۆ گەورەبوونی هەموو شارو شارۆچکەیەك، بەڕێوەبەری ناحیە پردێ وتی: پردێ نزیکەی ٩٠ساڵە بۆتە ناحیە و حکومەتی عێراقی ئەو هەموو توانایەی هەیە کەچی نەیانویستووە ماستەرپلانێکی ورد و زانستی بۆ بکەن، هەر بۆیە لە ناو سەنتەری ناحیەکەدا و لە زۆربەی گەڕەکەکان نارێکی و بێسەروبەرییەکی زۆر دەبینین و لەکاتی ئەنجامدانی پرۆژەیەك بۆ نموونە کۆنکریت یا قیرتاوکردنی هەندێ کۆڵانی گەڕەکەکان تووشی زەحمەتیەکی زۆر دەبین، بەڵام نەخشەیەکی بنەڕەتی هەیە لەسەری کار دەکەین، گەرچی ئەویش زۆر سەرەتاییە، هەروەها لە ناحیەکەدا بە تایبەتی لە هەموو گوندەکان کێشەی زەوی و زارو تاپۆ و کوژاندنەوەی زەوییمان هەیە، هاوکات لەبەر ئەو کێشانە و دابەش نەکردنی زەوی بەسەر چین و توێژە جیاجیاکان و نەبوونی ماستەرپلان تا ئێستاکە زیاتر لە ١٦٠٠خانووی زێدەڕۆیی هەیە، دیاردەی زێدەڕۆیش تا چەند مانگێك پێش ئێستا هەر بەردەوام بوو، لەبەر ئەوەی خەڵکی ڕەسەنی شارۆچکەکە دەگەڕێنەوە و پێویستیان بە شوێنی نیشتەجێبوونە و ئێمەش ناتوانین زەویان بۆ دابین بکەین، بۆیە بە ناچاری بەزێدەڕۆیی خانوو بۆ خۆیان دروست دەکەن، بەڵام پێویستە لەسەرەتادا کێشەی تاپۆی زەوی کشتوکاڵی گوندەکان چارەسەر بکرێت و تاپۆی زەوییەکان بخرێنەوە سەر خاوەنە ڕەسەنەکەی کە دانیشتووی گوندەکانن و خاوەنی ئەو زەوییانەن، لەبەر ئەوەی لە کاتی خۆی حکومەتی بەعس تاپۆی زەوی کشتوکاڵی ئەو گوندانەی گۆڕیوە و خستوویەتیە سەر خەڵکی تر و سەر چەند وەزارەتێك. لە پاشان بەپێی پێویست دەست بکرێت بەکوژاندنەوە و جیاکردنەوەی زەوی بە مەبەستی ئەوەی زەوی بەپێی پێویست و بەسەر مامۆستاو فەرمانبەر و توێژە جیاجیاکان دابەشبکرێت، تاوەکو دیاردەی زێدەڕۆیش کۆتایی پێ بێت و شارۆچکەکە بە شێوەیەکی ئەندازەیی فراوان ببێت.

**بازاڕی سەنتەری پردێ زۆر تەسك و بێ سەروبەرەو پێویستی بە فراوانکردن هەیە**

**کێشەی خوێندنی کوردیمان هەیە**

سەبارەت بە پرۆسەی خوێندن و خوێندنی کوردی لە سنوورەکەدا بەڕێوەبەری ناحیەی پردێ وتی: لەسەرەتای پرۆسەی ئازادی؛ سەنتەرو سنووری شارۆچکەکە چەند قوتابخانەیەکی هەبوو کە دەتوانی بە پەنجەی دەست بیژمێری، بەڵام ئێستاکە ژمارەی قوتابخانەکان گەیشتۆتە٤٥ قوتابخانەو دەتوانم بڵێم هەر گوندێك ماڵی لێبێت و ئاوەدان بێت قوتابخانەی بۆ دروستکراوە، بەڵام لە سنوورەکەدا کێشەی خوێندی کوردیمان هەیە، بەتایبەتی لە بارەی میلاکاتەوە لە کاتێك کە مامۆستایەك لەسەر میلاکی کەرکوك دادەمەزرێت نابێت بگوازرێتەوە بۆ هەولێر یا سلێمانی، لەبەر ئەوەی دەبێت بزانی ئەمە زیانێکی گەورەیە بۆ پرۆسەی خوێندنی کوردی، لە یەکەم ڕۆژی دەست پێکردنی دەوامی قوتابخانەکان سەردانی قوتابخانەیەکی خوێندنی کوردیم کرد کە سەیرم کرد و پرسیم لە بارودۆخیان وتیان ئەمساڵ چوار مامۆستامان بۆ شاری هەولێر گوازراینەوە واتە میلاکاتمان چوار مامۆستای کەمە،



ئەمەش گوناهە و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان و خودی ئەو قوتابخانەی کە مامۆستاکەی لێ دەگوازرێتە کە دەبێ بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ڕەزامەندی لەسەر گواستنەوەی مامۆستاکە دەرنەبڕێت، چۆن ڕێگا دەدات مامۆستا لەم سنوورە بگوازرێتەوە بۆ ناو هەولێر، هەروەها لە بواری پەروەردە گرفتمان لەکەمی مامۆستای وانە زانستییەکان و قەرەباڵغی قوتابی لە پۆلەکانی خوێندن هەیە. هەر لەبەر کەمی مامۆستای وانە زانستییەکانە ژمارەیەک قوتابی ئامادەییەکان دەچنە قەزای دوبز دەخوێنن، لەمبارەیەوە پێویستە حکومەتی هەرێم هاوکار بێت بۆ چارەسەرکردنی گشت کێشە و گرفتەکان و بودجەی تایبەت بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان تەرخان بکات و چاوەڕێی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور نەکات، بەڵکو بەجددی کار لەسەر ئەم ناوچانەش بکەن هەر وەکو هەموو ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان، هەر بۆ نموونە قوتابخانەیەکی ١٨ پۆلی بۆ سەنتەری ناحیەی پردێ لە ساڵی ٢٠١١وە دەرچووە و بودجەو زەوی بۆ تەرخانکراوە، بەڵام هیچ بەڵێندەر و کەسێك نییە ئەم پرۆژەیە وەربگرێت و کاری لەسەر بکات، ئەمەش لە ڕاستیدا کێشەیەکی بەرچاوە، لێرەدا داواکارین لە بەڵێندەرانی کوردستان بێن ئەم قوتابخانەیە وەربگرن، ئێمەش لە هەموو لایەنێکی ئەمنی و ئیداری و مەعنەوی هاوکاری و یارمەتی تەواویان دەکەین.

**بنکەیەکی تەندروستی زۆر سەرەتاییمان هەیە**

سەبارەت بە کەرتی تەندروستی کە بە پێی قسەی خەڵکەکە لەم لایەنەوە کێشە و گرفتێکی زۆر لە ناحیەی پردێ و سنوورەکە هەیە، بەڕێوەبەری ناحیەی پردێ وتی: ناحیەی پردێ بنکەیەکی تەندروستی زۆر سەرەتایی هەیە، لەساڵی ١٩٢٢ کە بۆتە ناحیە بۆی دروستکراوە، ئەو کات ژمارەی دانیشتوانی دیاریکراو بوو، بەڵام ئەمڕۆ ژمارەی دانیشتوانەکەی چەند بەرامبەر زیادیکردووە، گەرچی هەمان بنکەی تەندروستییە، لەکاتێکدا هەر ئەو بنکەی تەندروستییە دەتوانرێت بکرێتەوە نەخۆشخانەیەکی چەند قەرەوێڵەیی هاوچەرخ و چەندین جار داوامان لە چەندین لایەنی حکومەتی عێراق کردووە کە چارەسەری ئەم بوارەمان بۆ بکەن، لە لایەنی یاسایشەوە دەتوانرێت نەخۆشخانەیەکی چەند قەرەوێڵەیی بۆ پردێ دروست بکەن، چونکە ژمارەی دانیشتوانەکەی ئێستاکە لە ٥٠ هەزار زیاترە. هەروەها کەموکوڕیمان لە کارمەند و پزیشکی پسپۆڕ و ئافرەت هەیە و لە زۆربەی حاڵەتەکانی نەخۆشی، نەخۆشەکان دەنێردرێنە کەرکوك یا هەولێر، هەر لەبەر نەبوونی کارمەندی پسپۆڕە ئامێری سۆنەرو تیشك کاریان پێ ناکرێت بە تایبەتی ئامێری سۆنەرەکە تۆزی لێنیشتووە و هەست ناکەیت ئەمە ئامێرێکی پزیشکییە، هاوکات لە هەندێ لە گوندەکانی سنوورەکە یەکەیەکی تەندروستی سەرەتایی هەیە.

## قوتابییەکانی ئامادەیی پردێ دەچن لە قەزای دوبز دەخوێنن

**دوکەڵ ئاسمانی سەر ناحیەکەی داپۆشیوە**

کۆکردنەوەو خۆ ڕزگارکردن لە زبڵوخاشاك لەم شارۆچکەیە زۆر سەرەتاییە و تەنانەت زۆربەی جار لەنزیك پردێش دەسووتێنرێت، سەبارەت بەم کێشەیە بەڕێوەبەری ناحیەی پردێ وتی: شارەوانی هەڵدەستێت بە پاککردنەوەی بازاڕ و کۆڵان و گەڕەکەکانی سەنتەری شارۆچکەکە، لە پاشان زبڵوخاشاکەکە دەگوازنەوە دەرەوەی سنووری شارەوانی و ژێر خۆڵی دەخەن، بەڵام هەندێ جار زبڵەکە دەسووتێنن و دوکەڵەکەی ئاسمانی سەر ناحیەکە دادەپۆشێ و خەڵك بێزار و هەراسان دەکات، جگە لەمە ئەو حاڵەتانە زۆر مەترسیدارە بۆ پیسبوونی ژینگە و بڵاوبوونەوەی جۆرەها نەخۆشی بەتایبەتی زیانی زۆرە بۆ ئەوانەی نەخۆشی ڕەبۆیان هەیە، واتە سیستەمی کۆکردنەوەو خۆ ڕزگارکردن لە زبڵوخاشاکەکە تا ئێستا بە شێوەیەکی تەقلیدی و کۆن بەڕێوەدەچێت، هەروەها ژمارەی کرێکارەکان کەمە تەنیا ٤تا٥ کرێکار بۆ ئەو مەبەستە هەیە و هەندێ کاتیش بۆ باشتر پاککردنەوەی سەنتەری ناحیەکە چەند کرێکارێك بۆ ماوەی چەند مانگێك بە گرێبەست دادەمەزرێن، بەڵام ئەوانیش ڕۆژانەیان تەنیا ٩ هەزار دینارە، جگە لەوەی کارەکە قورس و ناخۆشە ئەو پارەیەش کەمە، بۆیە بە پێویستی دەزانم کاری پاککردنەوەو خۆ ڕزگارکردن لە زبڵوخاشاك بدرێت بە کەرتی تایبەت یا کۆمپانیای تایبەتمەند لەم بوارەدا، بەڵام بە مەرجێك ئەو کۆمپانیایەش لەلایەن خەڵکی شارۆچکەکە بەڕێوەببرێت. ئەمە هۆکارێکیش دەبێت بۆ هەلی کار و کەم کردنەوەی گەندەڵی، چونکە فەرمانگە هەیە کارمەندی پاککەرەوە بۆ ماوەی چەند مانگێك بە گرێبەست دادەنێت بۆی هەیە لەو کاتانەدا ناوی وەهمیش تۆمار بکەن و پارەکەی بۆ خۆیان بخۆن. بەڵام کە کۆمپانیا لەم کارانە ئیش بکات ئەو حاڵەتانە ڕوونادات.

## قوتابخانەیەکی ١٨ پۆلی بۆسەنتەری ناحیەی پردێ دەرچووە و هیچ بەڵێندەر و کەسێك نییە ئەم پرۆژەیە وەربگرێت

### گەڕەکە تازەکان کە زۆربەی دانیشتوانەکەی خانەوادەی ئەنفال و شەهیدانن شارەوانی کاریان بۆ ناکەن

سەبارەت بەهۆکاری فراوان نەکردنی شەقام و بازاڕە کۆنەکەی سەنتەری پردێ و کۆنکریت و قیرتاو نەکردنی بەشێکی زۆری شەقام و کۆڵانەکان بەڕێوەبەری ناحیەی پردێ وتی: هەر لە کۆنەوە حکومەتی عێراق گرنگی بە پردێ نەداوە و هەوڵیداوە فەرامۆشی بکات، ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەی دانیشتوانەکەی لە هەردوو پێکهاتەی کوردو تورکمان پێکهاتوون، بەڵام دوای پرۆسەی ئازادی عێراق کە هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوە دەستی پێکرد، لە ئەنجامدا دەتوانم بڵێم زۆربەی شەقام و کۆڵانەکانی ناو سەنتەری شارۆچکەکەو گەڕەکەکان کۆنکرێت و قیرتاوکرا، بەڵام تا ئێستاکەش چەند گەڕەکێك بەتایبەتی گەڕەکە تازەکان کۆڵان و شەقامەکانیان قیرتاو کۆنکرێت نەکراون، بۆ ئەو مەبەستەش ئەمساڵ دوو ملیار و دووسەد ملیۆن دینار تەرخانکراوە. هەروەها ئەو گەڕەکانەی لە دەرەوەی سنووری شارەوانی یا لە دەرەوەی نەخشەی بنەڕەتی دروستکراون کە بەشی زۆری خەڵکەکانیان خەڵکی هەژارو خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوانن وەکو گەڕەکی برایەتی و نەورۆز شارەوانی کاریان بۆ ناکات، ئەمەش بەپێی یاساوە هەقی شارەوانییە، لەبەر ئەوەی شارەوانی دەڵێت هەر کارو پرۆژەیەکمان بۆ دەربچێت ئەگەر لە زمنی سنوورو نەخشەی بنەڕەتی نەبێت ئەوا ناتوانم کاری بۆ بکەم، بۆ ئەو کارانە پێویستە حکومەتی هەرێم سەردانمان بکەن و بەپێی توانایان کارو پرۆژە لە پردێ ئەنجامبدەن، هەر ئەو خەڵکە ئێستاکە دەڵێن بۆ لە کاتی دەنگدان کاریان بەدەنگەکانمانە، بەڵام بۆ پرۆژەکان باسی ماستەرپلان دەکەن .

### چارەسەری بێکاریمان لەبەردەست نییە

سەبارەت بە بێکاری لە سنوورەکەدا بەڕێوەبەری ناحیەی پردێ وتی: لە ناحیە و سنوورەکەدا ڕێژەی بێکاری زۆرە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش لە زیادبووندایە، ئەمەش بۆ یەکە ئیدارییەکەمان گرفتێکی گەورەیە و خەم لەوەش دەخۆین کە چارەسەرمان لەبەر دەست نییە، چونکە ئەو بێکارانەی هەیە هەندێکیان دەرچووی زانکو و پەیمانگایە و دانەمەزراون، خەڵکانێ هەیە پیشەوەرن، بەڵام دەست کورت و هەژارن و بێکار ماون و لە حاڵەتی دەروونی و کۆمەڵایەتی ناخۆش دەژین،، بۆیە داوا دەکەم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی باهاوکاری یا پێشینەیان بە قەرز پێی بدات و موچەیەك بۆ ئەوکەمئەندام و پەککەوتوانەی کە لەسەر کوردو بارودۆخی کوردستان وایان لێهاتووە ببڕنەوە.

### بەرهەمی میوەو سەوزە بەرەو کەمبوونەوە چووە

سەبارەت بەوەی کە ناوچەی پردێ ناوچەیەکی کشتوکاڵییە، چەند ساڵێك پێش ئێستا ژمارەو ڕووبەرێکی زۆر بێستان و شینایی لە سنووری پردێ دەبینرا، بەڵام ئێستا ئەو بێستان و شینایییانە بەو جۆرە نابینرێت، بەڕێوەبەری ناحیەی پردێ وتی: هاوکاری و پشتگیری نەکردنی جوتیاران وایکردووە کە خەڵکەکە لە کاری بێستان و شینایی کردن دوور بکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی دەرهێنانی ئاو لە بیری ئیرتیوازی یا بیری تر بە هۆی ماکینەو گاز دەبێت، لەم سنوورە یەك لیتر ئاو دەرهێنان پێویستی بە یەك لیتر گازە، ئەمەش توانایەکی زۆری دەوێت و لە توانای جووتیاران نییە و ئەو بڕە گازەی کە مانگانە لە لایەن حکومەتیشەوە دەدرێت بە جوتیار ١٥ لیتر گاز بۆ هەر دۆنمێکە، ئەمەش بڕێکی کەمەو ناتوانرێت بیستان و شینایی پێ بکرێت، هەر بۆیە چەند ساڵە بەرهەمی میوەو سەوزە لە سنوورەکە بەرەو کەمبوونەوە چووە، چونکە دەتوانم بڵێم ١٥ – ٢٠ساڵی ڕابردوو بەرهەمی سەوزەو میوەی ئەو سنوورە بەشی دوو لەسەر سێی شاری هەولێری دەکرد، بۆیە لێرەدا داواکارین کە حکومەتی کوردستان هانی جووتیارانی سنووری ناحیەی پردێ بدات و لە پێشینە و قەرزی کشتوکاڵی سوودمەندیان بکات و هاوکارییان بکات، هەروەها داواکارین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەی ئاودێری بۆ سنوورەکە بکەن .

### کار ئاسانی بۆ ئەنجامدانی پرۆژە گەشتیارییەکان ناکرێت

بە بیرمان دێت خەڵك بۆ سەیران و گەشتکردن دەهاتنە پردێ بە تایبەتی لە وەرزی بەهار دا،



هەروەها شوێنێك لە سنوورەكەی هەیە بەناوی وەكاشـــە كە مەزارگەیەكی ئایینیە خەڵك بۆ زیارەتكردن دەهاتن، ســـەبارەت بە پێشكەوتنی بواری گەشتیاری و ســـەیران هەست ناكرێت هیچ پڕۆژەیەكـــی گەشـــتوگوزاری ئەنجام درابێـــت، لەمبـــارەوە بەڕێوەبـــەری ناحیەی پردێ وتی: پردێ جگە لـــەوەی ناوچەیەكی گشـــتوگوزارییە، ناوچەیەكـــی ســـتراتیژی ئابـــووری هەیە، چونكە لە نێـــوان كەركوك و هەولێرە بە تایبەتی لەو كاتەوە كە هەولێر بۆتە پایتەختـــی هەرێمی كوردســـتان، ڕۆژانە بە ســـەدان كەس لە خواروو ناوەڕاستی عێراقەوە بە ڕێگای پـــردێ هاتوچۆ بۆ هەولێر دەكەن، بۆیە پێویســـتە پڕۆژەی ستراتیژی بەتایبەتی گەشتیاری لەســـەر ڕێگا سەرەكیەكەی پردێ دروســـت بكرێت، ئەمە لە لایـــەك بۆ برەودان بەكەرتی پیشەســـازی و گەشتیاری گرنگە، لەلایەكی تر ڕێگایەكە بۆ دەستكەوتنی هەلی كار لە ناوچەكەدا، بەڵام كێشـــەكە لەوەدایە كە یەكێك دەیەوێت لەسەر زەوی خۆی و بە پارەی خۆی پڕۆژەیەك دروســـت بكات، حكومەتی عێراقـــی مۆڵەتی پێ نـــادات، لەبەر ئەوەی كێشـــە لەسەر زەوییەكانی ئەم سنوورە هەیە كە لە كاتی خۆی حكومەتی بەعس كوژاندنەوەی بۆ زەوییەكانی ئـــەم ناوچەیە كردووە و تاپۆی زەویەكانی گۆڕیوە بۆ سەر وەزارەتی كشتوكاڵ و دارایی و. خەڵكی عەرەبی هاوردەو دەرەوەی ئەم ناوچەیە.

هاوكات لە لایەنی گەشـــتیارییەوە تا ئێستا هیچ پڕۆژەیەك بۆ ئەم ناوچەیە نەكراوە، لەبەر ئەوەی كاتێـــك كۆمپانیایەكـــی دەرەوە یان لە هەرێمی كوردســـتانەوە دێن و دەیانەوێ كارو پڕۆژەی گەشـــتوگوزاری ئەنجام بدەن تووشی ســـەدان كار و مامەڵەی ڕۆتینی

**ئەو گەڕەكانەی لە دەرەوەی نەخشەی بنەڕەتی دروستكراون كە بەشی زۆری خەڵكەكانیان خانەوادەی شەهید و ئەنفالكراوانن شارەوانی كاریان بۆ ناكات**

دەبـــن لـــە ئەنجامدا بێـــزارو مانـــدوو دەبن و وازدەهێنن، واتە بە هیچ شـــێوەیەك ئاسانكاری و هاوكاری كردن لە لایەن دەزگا پێوەندارەكانی حكومەتی عێراقی نییەی بۆئەو كەسانەی كە دەیانەوێت پڕۆژەیەك لەم سنوورە بكەن. هەر بۆ نموونە ماوەی دوو ساڵە كۆمپانیایەكی توركی دەیەوێت لە گوندی چۆمە زەردەڵە ڕووبەرێكی بەرفرەوان بكەنە باخچە و پارك و یاریگایەكی گشـــتیاری هاوچەرخ و پارێزگاری كەركوك و لایەنی ئەمەریكاشـــمان لـــە عێراق ئاگادار كردۆتەوە، بـــەڵام حكومەتی عێراقی ناهێڵێت ئەم پاركە دروست بكرێت.

### پڕۆژەیەكی ستراتیژی ئاوی خواردنەوە

لەپـــردێ كەمترین كێشـــە لە ســـەر ئاوی خواردنەوە هەیە، سەرەڕای ئەمەش لە هەندێ كـــوڵان و گەڕەك هەندێكجار كێشـــەی ئاوی خواردنـــەوە دێتـــە پێش، هەروەهـــا لە هەندێ گوندی ســـنوورەكە كێشـــەی ئاوی خواردنەوە هەیە بەتایبەتی لە تۆڕی دابەشكردنی ئاوەكە. بەڕێوەبـــەری ناحیەی پردێ لەمبارەیەوە وتی: بەرنامەیەكمـــان هەبـــوو بۆ چارەســـەركردنی یەكجارەكـــی ئـــاوی خواردنەوە لـــە ناحیەی پـــردێ، ئەم پڕۆژەیە كە بریتییە لەوەی كە ئاو لە پردێوە بـــۆ كەركوك بگوازرێتەوە و نزیكەی یـــەك ملیۆن دۆلاری بـــۆ تەرخانكرابوو و لەم پڕۆژەیەدا دانرابـــوو كە ڕۆژانە ٥ هەزار مەتر ســـێ جا ئاو بدرێت بە پردێ، ئەگەر بێتوو ئەم پڕۆژەیە جێبەجێ بكرێت چیتر پێویستیمان بە پڕۆژەكانی ناو پردێ نامێنێت.

### ئاوی زێیەكە ئاوەڕۆی دەچێتە سەر

ســـەبارەت بە ئاوەڕۆی شارۆچكەی پردێ و پیســـبوونی ئاوی زێ، بەڕێوەبەری ناحیەی پردێ وتی: ڕاســـتە لـــە چەندین شـــوێنەوە ئاوەڕۆی شارۆچكەكە دەچێتەوە سەر زێیەكە، هەر بۆیـــەش قایمقامی حەویجـــە ڕۆژێكیان شـــكایەتی لێم كردبوو دەیگوت ئـــەو ئاوەی لە حەویجە دەخۆینەوە پیســـە لەبەر ئەوەی لە ناحیـــەی پردێ ئاوەڕۆی قورس دێتەوە ســـەر زێیەكـــە، بەڵام ئێســـتا حكومەتـــی عێراقی كۆمەڵێـــك ئەندازیـــاری تەرخانكـــردووە كە ماســـتەرپلانێك بۆ ئاوەڕۆی پردێ دابنین لە پاشان لەســـەر دیزاینەكە پڕۆژەی ئاوەڕۆكەی پردێ جێبەجێ دەكرێت.

### هیچ كاربەدەستێكی كورد سەردانی پردێی نەكردووە

لـــە كۆتاییدا بەڕێوەبـــەری ناحیەی پردێ وتی: ئێمە ناوچەو ســـنوورێكی دابڕێنراوین لە هەرێمی كوردســـتان، بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستوور مامەڵەمان لەگەڵ دەكرێت، بەڵام ئەوە ماوەی دیاریكراو بۆ جێبەجێكردنی ئەو ماددەیە تـــەواو بوو، هیـــچ بەرەو پێشـــچوونێك بەدی ناكەین و بەرپرســـانی ئەو ماددەیە بەگشـــتی كەمتەرخەمن، بەڵام ئێمـــە لەمبارەوە گلەیی لە بەرپرســـانی خۆمان دەكەین، كە تا ئێستاكە بۆ دڵخۆشكردن ودڵ دانەوەش بێت سەردانێكی ناوچەكەمان ناكەن.

